# حاکم شێخ لەتیف و گفتوگۆیەک لەنێوان چەمکی دەستووری و دەستوری هەمیشەیی عێراقدا

لەتیف مستەفا ئەمین..

ساڵی ١٩٦٨ لەگوندی قامیشی شارباژێر لەدایک بووە، خوێندنی تائامادەیی لەخوێندنگەکانی ماوەت و سلێمانی تەواو کردووە. لەساڵی ١٩٨٧–١٩٨٨ بەکالۆریۆسی لەکۆلێژی یاسای زانکۆی بەغداد تەواو کردووە. لەساڵی ١٩٩٠وە کاری پارێزەرایەتی و لێکۆڵینەوەی دادی و جێگری داواکاری گشتی کردووە و ئێستا پیشەی دادوەرە. لەساڵی ٢٠٠٣ بڕوانامەی ماستەری لەزانکۆی سلێمانی لەبواری دەستور وەرگرتووە، ناونیشانی نامەکەی (هەردوو پرنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و یەکێتی دەسەڵات و پیادەکردنیان لەدەستوورەکانی عێراقدا) وەرگرتووە. ئێستا خوێندکاری دکتۆرایە، پێنج توێژینەوەی زانستی لەگۆڤارە جیاجیاکانی هەرێم بڵاوکردۆتەوە.

**دەستوری ئەمریکی (٧) مادەیە کە کورتترین دەستورە لەجیهاندا کەتا ئێستا سەرکەوتوترین دەوڵەتی دیموکراتی یاسایی بەڕێوە دەبات، بەڵام ئەوان شتێکی تریان هەیە پێی دەڵێن: (لائحة الحقوق) کە لەساڵی ١٧٩١دا دەرچوو**



**لە دەوڵەتی ئەمریکادا عورفێک پەیدا بووە، بەزمانە ئینگلیزییەکەی هەرگیز پێیان ناوترێت وەزیری بەرگری، دەڵێن سکرتێری بەرگری، یان سکرتێری دەوڵەت، کە وەکو سکرتێری سەرۆک وان. خۆی دەشێت کۆیان بکاتەوە یان کۆیان نەکاتەوە، یان بەتاک قسەیان لەگەڵدا بکات**

**لەمادەی یەکەمی لائیحەی حقوقدا دەڵێت: هیچ ئایین و مەزهەبێک، ئایین و مەزهەبی رەسمی ئەمریکا نییە**

× × ×

**لەداهاتووشدا هیچ یاسا دانەرێک ناتوانێت هیچ ئایین و مەزهەبێک بکات بەئایین و مەزهەبی رەسمی دەوڵەتی ئەمریکا**



**ئەمریکا یەکەم دەوڵەتە کە دەستوری دانا بەشێوەی کۆمەڵەی دامەزرێنەر، ئەوانە پێیان دەوترێ (الاباء المؤسسين) ئەوان چەندین ساڵ پێش زەمەنی خۆیان کەوتبون، دەستورێکیان دانا کە تا ئێستاش دەتوانین بڵێین بەردەوامە، بەڵام لەرۆژهەڵات گۆشەنیگای جیاواز هەیە**

laparakan.qxd 4/3/2005 10:34 AM Page 1



# ڕۆژنامەیەکی ئیماراتی داوای پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل دەکات، کوردیش تاوانبار دەکرێ!!

**ئازاد عەلی**

□ چوارشەممە ٢٠٠٥/٣/٣٠ ڕۆژنامەی (الخلیج تایمز)ی ئیماراتی بەکراوەیی داوای پەیوەندی کردن لەگەڵ ئیسرائیل و عەرەب دەکات، لەوتارەکەدا هاتووە: بازاڕی نەوت لەناو وڵاتانی عەرەبیدا لەبەردەم ئیسرائیلدا بکرێتەوە هەتا ببێتە مایەی زوتر چارەسەر کردنی کێشەی عەرەب و ئیسرائیل. لەم سەر وتارەی ڕۆژنامەکەدا کەبەناوی سەرنوسەرەوە بێ تەم و مژ نوسراوە، دەوترێ: (ئەگەر پەیوەندی عەرەب و ئیسرائیل دەنگ دانەوەیەکی پۆزەتیڤی دەبێ).

هەروەها دەڵێ (گەر ئیسرائیلییەکان لەناو وڵاتانی عەرەبیدا بازاڕ پەیدا بکەن کێشەکان بەشێوەیەکی خێراتر چارەسەر دەکرێ).

لەدوتوێی گوتارەکەشدا باس لەوە کراوە کەئەگەر ئیسرائیل تێکەڵاوی بازاڕی عەرەبی ببن، دەبینن چۆن چۆنی ڕۆژئاوا و ئەمریکا و یابان و ئوستراليا و هیندستان سودیان لەبازاڕی ئەنجومەنی هاوکاریەکاندا وەرگرتووە.

## هەق نییە کورد، بەسایکۆلۆژیای جەنگی سارد سیاسەت بکات، هەقە لەبازنەی داخراوی ئەو سایکۆلۆژیەتە شکست خواردووەدا، کورد بتوانێ دەرچێ و لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەمدا باشتر خۆی بگونجێنێ

ئەم وتارە، یەکەمین تێزی سیاسی لەم بارەیەوە نییە. بەڵکو دەمێ ساڵە لەناو عەرەبدا، باس و خواسی وا هەیە، بگرە پێش ئەوەی (ئەنوەر سادات) سەرۆکی تیرۆرکراوی میسر، هەر لەسەر ئەم پەیوەندیە سەردانی ئیسرائیلیش بکات، پەیوەندی نهێنی لەنێوان چەند وڵاتێکی عەرەب و ئیسرائیلدا هەیە، لەوانە تونس، ئەردەن، ئیمارات زیاتر لەمەش لەشەستەکاندا (بورقێبە) سەرۆکی کۆچ کردووی تونس داوای ئەم جۆرە پەیوەندیەی نێوان عەرەب و جولەکەی کردووە.

دوای ئەوەی لەجەنگی عەرەب و ئیسرائیلدا، ئەو ستراتیژە سەربازیەی عەرەب و ئیسرائیلیەکان هەیانبوو، بەدی نەهاتن، بەڵکو ئیسرائیل سەرکەوتنی زیاتری بەدەست هێنا، هێشتاش بەشی زۆری ئەو سەرزەمینە داگیرکراوانەی عەرەبی لەسیناو جۆلان و لەناو فەلەستینیشدا لەژێر دەستی ئیسرائیلیدایە. دوای ئەم ڕووداوە گەورانە بەتایبەتی لەدوای جەنگی (١٩٧٣)ی عەرەب و ئیسرائیل کەتیایدا، بۆ یەکەمین جار عەرەب توانی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێ و هێڵی بەرگری عەسکەری ستراتیژی (بارلیف) تێک و پێک بدا، ئەو هێڵە بەرگریەی پڕوپاگەندەی سایکۆلۆژی ئیسرائیلی وایان بڵاوەکردەوە کەلەشکان نایەت، بەڵام سوپای میسر شکاندی، گەرچی دوای دوو هەفتە لەسەرکەوتنی میسر، سوپای ئیسرائیلیش بەوپەڕی زیرەکی عەسکەری کەلێنی (دیفر سوەر)ی گوازتەوە و پشتی سوپای میسری گرت سەرەنجام جەنگەکەش بەتەواوی لەبەرژەوەندی عەرەب نەشکایەوە، ئەم ڕووداوانە تێکڕا، لەسەدەی ڕابردوودا زۆربەی وڵاتانی عەرەبی گەیاندۆتە ئەو بڕوایەی، کەئیسرائیل بەجەنگ تێک ناشکێ، تەنها عێراقی سەدام و سوریاو لیبیا لەناخەوە لەو باوەڕەدا بوون سەدام تەواو، لیبیاش وازی لەو خەیاڵە هێناوە، سوریاش باجی ئەو سیاسەتەی داو لەم دواییەشدا دەبینیتەوە ئەگەر بەتەواوەتی چۆکی سیاسی دانا.

کەوابێ ئەم سەروتارەی (خلیج تایمز) ڕاستە ئازایەتیەکی تیایە، بەڵام ڕەچەشکێن نەبوو کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ، گفتوگۆ دەقێکە هەیە، پەیوەندی دیپلۆماسیش هەیە، ڕێکەوتنی سیاسی و ئابوریش هەیە، هاتوچۆی گەرمیش لەنێوان جولەکە و عەرەبدا، لەمیسرو تونس و ئوردن و ئیماراتیشدا دەمێکە گەرمە، ئەوەی ماوە تەنها ئەوەیە کەگوتاری فەردی و ڕای گشتی عەرەبی واز لەدروشم فرۆشتن بهێنێ، کە بەناوی ڕزگاری فەلەستینەوە هەموو ئەرکە دیموکراتیەکانیان پێشێل کردو سەرەنجام، نە فەلەستینیان ڕزگار کردوو نەپڕۆژەی دەوڵەتی ناسیۆنالیزمی عەرەبیشیان هێنایە دی.

ئەو ڕووداوانە دەرسی گەورە و هێژایان تیایە، کەنەک وڵاتانی عەرەبی بەتەنها، باڵێک و تەواوی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە پێویستە سودیان لێوەربگرێ، سەردەمی دروشم فرۆشتن بەناوی ڕزگاری نەتەوەیی و سەرۆکی نەتەوەیی و، پێشڕەوی نەتەوەی بەسەرچووە، سەردەمی بەچەک و جەنگی درێژخایەنی بەدیهێنانی ئامانجی گەلان ئاوا بووە، ئێستا سەردەمێکی سەراپا نوێ خولقاوە و چەمکە فەلسەفی و سیاسی و ئایدۆلۆژییەکان کەلای کۆن نرخیان نەماوە، ئەوەش لەمەیدانی سیاسیدا چەمک و دروشمی کۆنن، وەختی نەماوە، بەڵکو تەنانەت لەناو گەلانی ئازادیخوازخۆشیدا، ئەو چەمک و دروشمانە گوێگریان کەم بووە، سەردەم وەرچەرخاوە بەرەو سەردەمێک تیایدا دیموکراتیەت و دیالۆگ باڵا دەستە. نەک چەک و کۆنە چەمک، ئەم ڕاستیە، چەند پێویستە وڵاتانی عەرەبی تێی بگەن، لەوەش زیاتر پێویستە لەهەر چوار بەشەکەی کوردستان، نوێنەرانی نەتەوەی کوردیش، وردی بن و بەسیاسەتی ڕابردوودا بچنەوە.

هەق نییە کورد، بەسایکۆلۆژیای جەنگی سارد سیاسەت بکات، هەقە لەبازنەی داخراوی ئەو سایکۆلۆژیەتە شکست خواردووەدا، کورد بتوانێ دەرچێ و لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەمدا باشتر خۆی بگونجێنێ.

سایکۆلۆژیای جەنگی سارد داسەپیوی سیاسەتی زلهێزەکان ڕەچاو کراوی بەرژەوەندییە تەسکەکانی ناوچەکە بوو. هەربۆیە، حکومەتەکانی ناوچەکە، دەیان توانی لەو گۆڕانەدا گۆڕانی گەورە بەسەر خۆیان بهێنن نەهێزە سیاسیەکانی کوردستان و گەلانی وەکو کوردیش دەیان توانی لەتەلیسمی ستراتیژیەتی ئۆتۆنۆمی (کەچوارەمین پلەی مافی گەلانە) دەربازبن.

ئەو تەلیسمە سیاسیە، ئازادەی سایکۆلۆژیەتی داسەپاوی ئەو سەردەمە بوو. کەهێڵە گشتیەکانی سیاسەتی حکومەکان و گەلان، زلهێزەکان و مۆنۆپۆلەکان دیاریان کرد. لەپێش جەنگی دووەم و سەرهەڵدانی سیستەمی جەنگی ساردو، ئەم دۆخە سایکۆلۆژیە نەدەبینرا.

هەربۆیە، شێخ مەحمود ڕازی نەدەبوو حوکمڕانی سلێمانی بێت و داوای پاشایەتی کوردستانی دەکرد لەکۆتایی ئەو هەلومەرجەشدا، پێشەوا قازی محەمەدیش کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند، گەلانی دیکەش سەربەخۆییان داوا دەکرد..

کەجەنگی دووەمی جیهان تەواو بوو، جەنگی سارد دەستی پێکرد، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خرایە ناو مەنگەنەی سیاسەتێکی سەیری بەرژەوەندخوازی زلهێزەکانەوە، گەلانی ڕۆژهەڵات بەشیان لەناو ئەم مەنگەنەیەدا تەنها ئەوەبوو کەواز لەسەربەخۆخوازی بهێنن و داوای ئۆتۆنۆمی بکەن.

بەڵام ئەم پەتایە گەلانی ئەمریکای لاتین و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای نەگرتەوە ئەوان سوربوون لەسەر سەربەخۆیی، پێشی گەیشتن، ئێمەش ئۆتۆنۆمی کرایە پێناومان، نەشمان هێنایە دی.کە ئەم بەرنامەیەشمان پەسەند کرد، وەنەبێ پشتیوانیان کردبین، بەڵکو هەرچەندمان کۆشا، شورەویی و چین و کەمپی بەناو سۆسیالیزم، ئاوڕی پێویستیان لێ نەدایەوە. واشیان لێکردین، ئەگەر سیاسەتێکی دیکە بگرینەبەر، لایەنی کەم بەکرێ گیراو دەدرێتە دادگا. هەر لەدرێژە کێشانی ئەم هاوکێشانەدا بوو، کێشەی فەلەستین، وردە وردە کرایە کێشەی ژمارە یەک و کێشەی کورد، کەهەتا جەنگی دووەمی جیهانیش کێشەی ژمارە یەکی ڕۆژهەڵات بوو، پاشەکشەی کردو کرایە کێشەی ژمارە دوو، یان سێ، بەڵکو هەر خرایە پەراوێزیش. ئەمەش زیانەکانی بۆ خودی عەرەب دەرکەوت، چونکە سیاسەتێکی بابەتی نەبوو، بەڵکو نەوتی عەرەب ئەم سیاسەتەی سەپاندبوو. بەڵکە زیاتر لەوەش، خەریکە دەردەکەوێت، قەبەکردنی کێشەی فەلەستین بەوشێوەیە، مەبەست دژایەتی دیموکراتی بەدواوە بووە، هەتا هەموو ئەرکە دیموکراتیەکان بکرێنە قوربانی کێشەی ڕزگاری فەلەستین.

ئەم دۆخە، بەڕاستی ناڵەبار بوو، مێژووش سەلماندی، زۆر دژی بەرژەوەندی گەلانی ئازادیخوازی وەکو کورد بوو. کەهێشتاش، بەشەکانی کوردستان تەلیسمی ئەو سیاسەتە بەری نەداون و دەستیان لەدروشمی نەزۆکی ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی دەوڵەتانی داگیرکەری نادیموکراسی، هەڵنەگرتووە.

هەموو ئەو دۆخە سیاسیە، کاریگەرییەکی سایکۆلۆژی شکستی لەناوماندا خولقاندووە، هێشتا زیانەکانی ئەو بارە سایکۆلۆژییە خراپە لەناو سیاسەت و خیتابی کوردایەتیدا، زەق زەق ڕەنگی جۆراوجۆر دەداتەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیە مێژوویانەدا، کاتی هاتووە. سیاسەتی لەمەودوا، پێچەوانەی ئەو سیاسەتە و سایکۆلۆژیەتە شکست خواردووە بگیرێتە بەر. لەهەموو بارەیەکەوە بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتیەکان چی دەخوازن، ئەوە بکرێتە بنچینەی سیاسەتی ڕزگاری. چونکە هیچ دەوڵەتێک، بگرە هیچ لایەنێک، گەورەیان بچوک، پەیوەندی خۆی لەگەڵ گەلەکەمان و گەلانی ئازادیخوازی دیکەدا، پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی نەبەستێ، هەتا ئێمە وا بکەین. هەر ئەمە وا دەخوازێ کورد، باشتر بڕوانێتە ئاڵوگۆڕە سیاسی و بەرژەوەندییە ئابورییەکانی سەردەمەکە و ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی هی عەرەب، کە کێشەی خۆیان و فەلەستینیان لێکردینە کێشەی سەرەکی ڕۆژهەڵات، کەچی خەریکە خۆیان لەو کێشەیە دەرباز بکەن و پاشەڵەکەشی بۆ ئێمە جێدێڵنەوە. ناکرێ لەمەودوا لەعەرەب عەرەب تربین لەفەلەستینیش فەلەستینیتر بۆ دژایەتی ئیسرائیل.

کام وڵات ماوە لەم دونیایەدا هەڵپەی دۆستایەتی کردنی ئەمریکای نەبێ. هەروا لەژێریشەوە، لەگەڵ ئیسرائیل دا خەریک نەبێ. ئیتر بۆ کورد هێشتا لەتەلیسمی سایکۆلۆژییەتی ڕابوردو سەرفراز نەبێ؟ کاتێک سیاسەت دەگاتە ئەوەی ڕۆژنامەیەکی عەرەب، لەسەر گوتاریا داوای پەیوەندی پێوەکردنی ئیسرائیل و تەواوی وڵاتانی عەرەبی بکا، (زۆر بەشیان کردبێتیان) کەواتە کاتێتی کوردیش واز لەسیاسەتی شەم و شکۆی جارانی بێنێ و کاژی ڕابوردو لەباوەڕی سیاسی خۆیدا فڕێ بدا و بەڕاشکاویش بەعەرەبی هاوسنوری بڵێ:

تکای ناوێ، ئیدی کاتێتی لەدوای خۆتان، هەقمانە بەسیاسەتی ڕابوردوماندا بچینەوە کە لەبەر خاتری ئێوە و ڕزگاری فەلەستین گرتبومانەبەر، مادام خۆتان پێتانباشە لەگەڵ ئیسرائیل دا ڕێک بکەونەوە، ئیتر کام جنێو بەکورد بدەن لەسەر پەیوەندیەک کەجارێ نیەتی و ئێوەش دەمێکە هەتانە. پێشتر هەر لەبەرئەوە دژی ئیسرائیل بوین، ئێستاش بۆئەوەی پەیوەندی ئێوە و ئەوان تێکناچێ، تکایە ناوبژییەکیش بۆ کورد لەو پەیوەندیەدا، ڕەچاوی برایانە بکەن. سوپاستان دەکەین لەپێشەوە..!!■

# پاپا .. لەنێوان بایەخ پێدانی سیاسەت و پەژارەی ئایینی

**سیروان گەرمیانی**

□ (کارۆل فوتیلا) نەوەی ئەوکاردیناڵە پۆڵەندییەی کە هەروەکو چاوەڕوان نەدەکرا هەڵبژێردرێ بۆ ڕێبەرایەتی کاسۆلیکەکانی جیهان (پاپا)، هەر بەو شێوەیەش نەدەزانرا ماوەی پاپایەتی ئەم ڕێبەرە کاسۆلیکە هێندە درێژە دەکێشێت، چونکە لە دوو هەزار ساڵی ڕابردوودا تەنها دوو پاپای دیکە، ڕێبەرایەتییان هێندە درێژ بووە، ئەویش یەکێکیان لە موریدەکانی خودی پەیامبەر (عیسای مەسیح) بوو.

پاپا، ٨٤ ساڵ ژیا، لەو ساڵانەدا، گەلێ ڕووداوی دیوە، هاودەمی جەنگی دووەمی و دژایەتی نازیەت و ستالینیەکانی کردووە، لەو سەرۆکانەی کاسۆلیکیش بووە، کەبایەخ پێدانی بەسیاسەت کەمتر بووە لەپەژارەی ئایینی.

وەکو سەرژمێری کراوە، لەژیانیدا (١٠) هەزار وتاری خوێندۆتەوە (١٤) پەیامی پاپایەتیشی پێشکەش کردووە و لەسەردەمی پاپایەتیدا (١٢٩) وڵاتیش گەڕاوە.

خەسڵەتی گەشی پاپا پۆڵسی دووەم کە لەوانەی پێشووی جیای دەکاتەوە، ئەندێشەی فرە ڕەهەندی بووە و بەم هۆیەشەوە توانیوەیتی کەنیسە و ئایینی مەسیحیەت و کاسۆلیک، لەکونجی خاچ لەسەر سنگ کێشان دەربهێنێ و بیانبەستێتەوە بە سەرجەم کێشە سیاسی، کۆمەڵایەتی، شۆڕشگێڕیتی، ژینگە پارێزی، باری ئابووری، بەمەش حکومەتی ڤاتیکانی وەکو بچوکترین حکومەتی سەر زەوی کردۆتە ناوەندێکی گەورەی جیهان.

هەر ئەم کۆشش و بەخششە فرە ڕەهەندەیشە بووە هۆی ئەوەی لە ٣١ی ئایاری ١٩٨١ هەوڵی تیرۆرکردنی لەلایەن بەکرێگیراوێکی تورکەوە بدرێ و برینداریش کرا. بەڵام نەیانتوانی لە چالاکی بخەن.

ئەو پێشەکییە.. وەکو ڕێز لێنانی ئەو پیاوە ئایینیەمان بەگرنگ زانی، گەرچی خۆمان کەسێکی مەسیحی نین، بەڵام کەسێکی پایەداری ئایینیەو، بۆ خەڵکی نا مەسیحیش هەرچییەک بێت، جێگەی ڕێزو شکۆمەندییە. با ئەم مەسەلەیەش ڕۆشنایی بخەینە سەر، هەتا لەم تەمومژەدا نەمێنێتەوە.

پاپا.. ڕابەری هێژای یەک ملیۆن کاسۆلیکی جیهانە، سەردانی هەر وڵاتێکی کردبێت، دەیان و سەدان هەزاری لێ ئاڵاوە، بە لێوبزواندنێکی پاپا دەیان موریدی کاسۆلیک حاڵیان لێهاتووە. کە ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە هێشتا لە مێژوودا ئایین ڕۆڵی گەورەی ماوە، ئەگەر بزانرێ چۆن پەیرەوی شارستانیانە بکرێ.

"ئەوەی لە پایەی پاپایەتی ئەم پیاوەدا زۆر گرنگ و جیاوازە لەپایەی پیاوە ئایینیەکانی تر، بەتایبەتی هی ئیسلامیەکان و مەزهەبیەکانی ئیسلام، ئەوەیە پاپا لەم هەموو ئاڵوگۆڕە سیاسیانەی دونیادا، لەم جیهانە جەنجاڵەی بەرژەوەندیەکاندا، لەم هەموو فشارەی زلهێزەکان و هەڕەشە و گوشارکردنە، ڕۆژێ لە ڕۆژان، لەبەر هیچ دەوڵەتێک هەڵوێستی دەرنەبری، هیچ لایەکیشی لەبەر هۆی تایبەتی ڕازی نەکرد. بەهێمنی و دوور لە ڕقەبەرایەتی نەژادێک، وڵاتێک، لایەنێک و چینێک، چی پێ بۆ مرۆڤایەتی ڕاست بوو بێت و پێچەوانەی ئاینەکەی نەبووبێت، گوتویەتی، هەر لەم

## پاپای ڕابەری یەک ملیۆن کاسۆلیک، لەهیچ وڵاتێکدا، نە حزبی سیاسی دروستکرد، نە لایەنگیری حزبێکی سیاسیش بوو

پێودانگەیەوە دژایەتی جەنگ بەرپا کردنی دژی عێراق کرد. پاپا لەهیچ وڵاتێک، ئەگەر کاسۆلیک زۆر و کاریگەریش بووبن، هانی نەداون کەشێک بئاڵۆزێنن، یان بخولقێنن، یا وەکو کارێک بکەن کەلێنی کۆمەڵایەتی لێ بکەوێتەوە.

ئەم ڕابەرە ڕۆحییە، مێژووی باش خوێندۆتەوە و دونیای ئێستاشی باش لێکداوەتەوە. زانیویەتی، هەرگیز دەسەڵاتەکانی ڕابەرو هەروەها دەسەڵاتەکانی ڕۆحی دەقیش، دووبارە و دووپات نابنەوە، بۆیە پاپای ڕابەری یەک ملیۆن کاسۆلیک، لەهیچ وڵاتێکدا، نە حزبی سیاسی دروستکرد، نە لایەنگیری حزبێکی سیاسیش بوو دژی حزبێکی دیکە، ڕۆژێ لە ڕۆژان هەوڵی دەسەڵات گرتنە دەستی، لەهیچ وڵاتێکدا نەداو پشتیوانی هیچ حزبێکیشی نەکرد بۆ دەسەڵات گرتنە دەست.

پاپا.. ڕابەرێکی ئایینی و مەزهەبی ڕۆحی بوو. گوتاری لەگەڵ ڕۆحی مرۆڤدا بوو، ڕۆحی مرۆڤیش وەک تاک لەگەڵ خوای خۆیدا، لا مەبەست بوو، لەمە زیاتر، ئەم ڕابەرە ڕۆحییە قووڵ و کاریگەرە، کاری بەسەر باقی هەڵسوراوان و ئارەزووەکانی ژیانی کاسۆلیک و خەڵک نەبوو.

لەهیچ بۆنەیەکیشدا.. لە قسەی نەپێچاوەتەوە، چەندجار نوێژ دەکات و چەندیش زەکات دەدات، ڕقی مەزهەبی لای موریدەکانی دروست نەکرد. نەک .. لەگەڵ چەکدار کردنی، پەیرەوەکانی نەبووە، بەڵکو، دژی چەکدار و چەکدارییش بوو.

پاپا.. ڕابەرێکی لێوان لێو پابەندی مەسیحیەت و کاسۆلیکیەت بوو. لەتەسەوفی مەسیحیەتدا، زاهیدێک بوو بۆخۆی. سەرەڕای هەموو ئەو ڕاستیانە، ئەم ڕابەرە ئایینیە، دەیزانی پایەی پاپایەتی چۆن چۆنی بەکاردێنێت. لەم ڕێگەیەشەوە توانی کاسۆلیک زۆر لەجاران زیاتر کاریگەرتر، قوڵتریش خۆشەویست بکات. خۆشی بکاتە ڕابەرێکی ڕۆحی هەرە گەورەی مێژووی ئایینی مەسیحیەتیش، تەنانەت هیچ ڕابەرێکی ئایینی ئاینەکانی تریش شان بەشانی پاپا، لەبارەی ڕۆحیەوە لەسەدەی ڕابردوودا نادەن. سەرەڕای ئەوەی هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی دونیایشی نەبوو بۆ بەخشینی پلە و دەسەڵات.

سەرەنجام.. ئەم ڕێبازە مەزهەبییە عەقڵانییە کە پاپا.. گرتیەبەر، هەم مەسیحیەت و کاسۆلیکیەت پەرەی سەند، هەم بەشداریشی لە چارەسەرکردنی کێشەگەلێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیش لەوانیدا، کرد.

بەبێ ئەوەی ببێتە مایەی زویر بوونی منداڵێک و خوێن لەلوت پژانی تاقە کەسێکیش، زللەیەکی بەر ڕوومەتی کەسێک، نەکەوت. کە تیرۆریستە تورکەکەش ویستی تیرۆری بکات، خۆی لەزیندان سەردانی کردو بەدڵە کاسۆلیکیەکەی لێی بورد.

دەپرسین! ڕابەرێکی ئاوای پایە ئایینی بەڕێز (سەرەڕای هەموو جیاوازییەکی ئایینی و فەلسەفیمان لەگەڵیدا) بەو ئاراستە مرۆڤایەتیە، خزمەتی پێ دەکرێ، یان کەسایەتی و ڕابەری ئایینی دیکە، کەبەناوی ئاینەوە، یان مەزهەبەوە، پایەی ئایینی خۆی دژی گەلان، دژی دیموکراتیەت، ئازادی، سەربەستی، مرۆڤایەتی، ژن و دژی دادپەروەری بەکاردێنێت..؟

کام لەم جۆرە ڕابەرە ئایینیانە: ڕابەری وەکو پاپا یان ڕابەری مەزهەبی گۆشەگیرو ڕقاوی و داڕێژەری هێزی سیاسی ئایینی، خزمەتی .. مرۆڤ و مرۆڤایەتی، بە پایەی لۆژیکی سەردەم.. دەکەن.. دەپرسین.. کامیان..؟ با، نیو سەدەی ڕابردووی ڕۆژهەڵات، باش باش بخوێنینەوە، هەتا وەڵامێکی ڕاست و دروست وەربگرین.■

# موسڵاویەکان بۆچی دژی پێشمەرگەن

**سەرکەوت عەبدوڵڵا**

□ ٢٠٠٥/٣/٣١ لەناو ئەو بارودۆخە دژوارەی پارێزگای موسڵدا، بەشێوەیەکی جیاواز لەکاردانەوە دژە دیموکراسیەکانی ئەو ناوچەیەی بەرامبەر دۆخی بەرە و دیموکراسی ڕۆیشتووی عێراق، خۆپیشاندانێکی گەورەی ئاراستەکراو، ڕاستەوخۆ دژی پێشمەرگەی کوردستان، بەبێ ئەوەی خەتایەکیان کردبێت، ڕێکخراوە. گوایە زیاتر لە (٣٠) هەزار کەس بەشدارییان تیا کردووە. ئەم جۆرە کاردانەوەیە، لەناو ڕووداوەکانی ئێستای عێراق و سوریاو لوبناندا، ڕەچاو دەکرێ. بەڵام گرنگ ئەوەیە، لەبەرامبەردا، بەرنامەیەکی سیاسی ورد هەبێت.

جابابزانین لەم هەلومەرجەدا، بەوشێوە فراوانییە، بۆچی هەزاران کەس دژی کورد وروژێنراون؟

جارێ ئەوە ڕژێمی سەدام ڕوخێنراوە، ئەمە یەکەمین جارە خۆپیشاندانی فراوانی ئاوا ڕێک بخرێت. دوو ساڵیش دەبێت لە موسڵ و دەوروبەریدا، لەترسی تەقینەوە و خۆکوژی (٥٠٠) کەسیش نەیوێراوە لەشوێنێکدا بۆ کاری باشیش کۆببێتەوە، کەچی لەم هەلومەرجەشدا، لەپڕ بە پاساوی پێشمەرگەی کوردستان، ئەو هەزاران کەسە دەوروژێندرایە سەرجادە. ئەویش لە شارۆچکەی تەلەعفەردا. جێی خۆیەتی بپرسین:

یەکەم/ ئەم ئاپۆرە خەڵکە، کام لایەنی سیاسی هانی داون و چ لایەنێک ڕێکیخستوون و ئۆباڵی خۆپیشاندانەکە، بەو ئاراستە سیاسییە دژی کورد لە ئەستۆی چ هێزی شاراوەدایە؟

دووەم: بۆچی لەم هەلومەرجەدا لەئەنجومەنی نیشتمانی عێراقدا کێشە لەسەر سەرۆکی ئەنجومەن، کەمێکیش کێشە لەسەر سەرۆکایەتی عێراق، ماوە، ئەم خۆپیشاندانە بەتایبەتی لە ڕەبیعدا...؟

هەرچی چۆنێک بێت ئەم خۆپیشاندانە تاوتوێ دەکرێ، سەرەنجام دەست و جۆرەها دەست کێشی ڕەش لەناو ڕووداوەکاندا هەست پێ دەکرێ. مەسەلەکەش بوونی پێشمەرگە لەوێدا نییە، بەڵکو هاندەری دیکە لەئارادایە. پاساوی پێشمەرگەی بۆ داتاشراوە.

دوو ساڵە ڕۆژانە لەموسڵدا تاوانی گەورە گەورە ئەنجام دەدرێ، دوو ساڵە لەسنوری سوریاوە پۆل پۆل تیرۆریست هەر لە ڕەبیعەوە ئەودیوی عێراق و کوردستان دەکرێن، سەدان کەس بوونەتە قوربانی ئەو تاوانانە، ئەوە بۆچی لە ڕەبیعدا، یان لەشوێنێکی دیکەی موسڵدا نارەزاییەکی بچوکیش ڕێک نەخرا؟ بەڵام دژی پێشمەرگە کەچەند مانگێکە بۆ پاراستنی ئاسایش ڕۆیشتوون، بەرەزامەندی پارێزگار و دەسەڵاتی هاوپەیمانانیش لەوێن، کەچی پاداشتی ئەم بەتەنگەوە هاتنە، بەم خۆپیشاندانە دەدرێتەوە.

سەیرە .. هەر کاتێک کورد یان هێزە سیاسییە دیموکراتیەکانی عێراق، گەیشتبنە ئەوەی لە پێکهێنانی حکومەت نزیک کەوتبێتنەوە یان لەگەڵاڵەکردنی یاسا بیانەوێ کێشەکان چارەسەر بکەن، لە پڕ لە موسڵ، یان تەلەعفەر، یاخود کەرکوک و حەویجە، ڕووبەڕووی کێشەی گەورە کراونەتەوە. بەمەش دەویسترێ هەوڵە سەرکەوتووەکانی کورد و هێزە دیموکراتیەکان لەبەر بەرن.

ئەم کێشەیە دەبێ باش باش لێک بدرێتەوە، نابێت ئەم ڕووداوانەی کەلە هەلومەرجی هەستیاردا سەرهەڵدەدەن، بەکارێکی ڕاگوزەر سەیر بکرێن.

وردبوونەوە لەم کێشانەو دۆزینەوەی ڕەگەزە ڕاستەقینەکانی کێشەکان، زۆر گرنگە. چونکە کێشەی ئاوەها، لەسەر ئەم پێکهاتە داسەپاوەی عێراق و ئەو بیرکردنەوەیەی زادەی پێکهاتەیەکە، ڕوودەدەن. عێراق ئەوەی پێکهێنراوە سیخناخە لەم کێشانە، کەچی هێشتا لێکدانەوەیەکی (سۆسیۆ- سیای) بۆ نەکراوە. لەسەد ساڵی ڕابردوودا، ڕێکەوت نییە ئەم وڵاتە داتاشراوە، ئۆقرەی سیاسی - سۆسیۆلۆژی ناگرێ بۆچی کلتوری سرینەوەی بەرامبەر و کوشتاری بەکۆمەڵ هەتا ئێستا پەرچەکردارێکی شارستانی، یان مەدەنی لەبەرامبەردا نەخولقاوە. بەپێچەوانەوە هەتا هاتووە کلتوری ڕق و کوشتن، کاریگەر بووە. هەربۆیە ڕقی تایفەگەری، دوژمنایەتی کردنی دیموکراتی، نەفرەتی نەتەوایەتی بەرامبەر کورد، بەردەوام درێژەی کێشاوە. هەر لەسەر ڕووبەری فراوانی ئەم کلتورە خەتەرناکەش، ڕژێمی سەدام پێش ڕووخانی نەخشەی لەسەر ئەم ڕووبەرە داناوە بۆ تەقاندنەوەی کێشەکانی ناوخۆ بە مەرامی بەرپابوونی شەڕی ئەهلی.

ئەم ڕووداوانەی لەگەڵییدا ڕۆژگاری سیاسی دەبەینە سەر، درێژە کێشانی ئەو پێکهاتە ناسازەی کە عێراقی لێ پێکهێنراوە.

کارێکی ڕێکەوتیش نییە، لەدوای ڕووخانی سەدامەوە چەند ناوچەیەک بۆتە مەیدانی ئاژاوە و کوشتن: موسڵ، کەرکوک، کەربەلا، نەجەف، سامەڕا (مدینە الثورە) بەغداد، حەویجە، تەلەعفەر، دیوانیە.. هتد. ئەم شوێنانە لە مێژە ژینگەی لێوان لێوە بە بیری تایفەگەری و تۆتالیتاریەتی ئیسلامی و شۆڤێنیەتی عەرەبی. هەربۆیە کاتێک ویسترابێت کارێکی لەم چەشنەی تەلەعفەر دژی کورد، یان دژی دیموکراسی ئەنجام بدرێ، بە ئاسانتر لەناوچەکانی دیکە، چۆتە سەر. موسڵیش وەکو پاشخانی ئەو هێزەی شۆڕشی چەواشەی لێهاتووە، هەر زوو بەبڕیاری خەڵکەکە بەشدارییان نەکرد. ئەو ناوچانەی کورد نشینیش کە ویستیان بەشداری بکەن، پیلانیان لێگێران بەشداری نەکەن. ئێستاش کە هەلومەرج خەریکە کەمێک هێمن دەبێتەوە، هەزاران کەس لەخشتە دەبرێ و دژی کورد ڕام دەکرێنە سەرجادە.

لێرەوە.. جێی خۆیەتی گەلی کوردستان، لەبەرامبەر ئەو پیلانانەی دژی دیموکراسی و کورد لە ئارادان، زۆرتریش لەپیلانەکانی ناو کەرکوک وریا بێت بەرامبەریان. چونکە لەکەرکوکدا، کێشەی کورد بۆتە بەشێکی جیانەکراوەی کێشەی کوردستان و هەزاران بەڵگەنامە لەسەر تەعریب و کوردستانیەتی کەرکوک، لەبەردەستدان. شوێنی کەرکوکیش وا هەڵکەوتووە، کەمتر لە سنوورە ئیقلیمیەکانەوە ڕاستەوخۆ دەتوانرێت کاربکرێتە سەر دۆخی کەرکوک. بەڵام موسڵ بێگومان وانیە جارێ.

موسڵ هاوسنوری سوریایە، عەرەبی ڕەسەن و تەعریبیش ڕەگیان لەوێدا ڕۆچووە، سوننەش بەپایتەختی سوننیگەرای دەزانن. ئەمە جگەلەوەی مۆڵگەیەکی گەورەی بەعسیەکانیشە، ئەم مەسەلانە تێکرا وایان کردووە، لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە، هەمیشە کێشە لەو ناوچەیەدا ڕوویداوە.

ئەم مەسەلانە تێکرا دەبێت وا بکەن سەرکردایەتی کوردستان، بەرنامەیەکی هەمەلایەنەیان بۆ ئەو ناوچەیە هەبێت، لەپێشەوەدا ئەوپەڕی هەوڵ بدەن، ڕانەکێشرێنە ناو گێژاوی شەڕ و شۆڕی ناوخۆ. تەنها سیاسەتی بەرگری بگرێتە بەر و بەس. چونکە چارەنووسی ئەو چەشنە شارانەی پەلکێش بکرێن بۆی، مەترسیدارە. چارەسەری ڕیشەکێشی موسڵ، بخرێتە ئەستۆی حکومەتی مەرکەزی، بەڵام شەڕی بەرگری، یان شەڕێک حکومەتی مەرکەزی بەرنامەکەی داڕێژێ و داواش بکات کوردیش بەشداری تیادا بکەن، ئەمەیان، نابێت نەکرێ.■

laparakan.qxd 4/3/2005 10:35 AM Page 2



## کورتیلە باس

### مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی.. بەردەوامیی و بێدەنگی حکومەت

□کێشەکە تا دێت ئاڵۆزتر دەبێت، خوێندکارانی کۆلیژەکانی پزیشکیی و ئەندازیاری لەسەر مانگرتن و چۆڵکردنی هۆڵەکانی خوێندن چەند هەفتەیەکە بەردەوامن، کۆی ئەو خوێندکارانەکە (٢٠٠٠) خوێندکار دەبێت، بەهیچ شێوەیەک ناوەندێکی خوێندنی ئەهلییان قبوڵ نییە، بەناوی زانکۆی ئایینده، داواکارییەکەیان داخستنی زانکۆکەیە.

لەسەرەتای کێشەکەوە، وەزارەتی خوێندنی باڵاو وەزیری ئەو وەزارەتە راستەوخۆ بوونە لایەنی بەرامبەر لەکێشەکە، زۆر لەگەڵ خوێندکارە مانگرتووەکاندا خەریک بوون، تا مانەکەیان بشکێنن. بێ ئەنجام ئەو خولەی وتووێژ لەگەڵ خوێندکاراندا کۆتایی هات، پاشتر سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و خودی جێگری سەرۆکی حکومەت لەگەڵ خوێندکارانی مانگرتوو بەرامبەر داخستنی زانکۆی ئاییندە کۆبوەوە، حکومەت بەروونی بەڵێنی کۆمەڵێک شتی پێدان، بەبەڵێنەکانی جێگری سەرۆک وەزیران، خوێندکاران کەمێک هێور بوونەوە، ئەو داواکاریانەیان بەردەوام لە هەڵچوون و داچوندان. حکومەت لیژنەیەک پێک دەهێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاستی زانستی زانکۆکەو ئەو پێوەرانەی کە خوێندکارانی زانکۆکەی پێ وەرگیراوە، خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی پێیان وایە، هیچ یەکێک لەو خوێندکارانە بەهەقی خۆیان وەرنەگیراوون و دەبێت بەشێکی زۆریان لێ دەربکرێن، ئەوەی بەردەوامی داوە بەکێشەکە تا ئێستا حکومەت بەروونی وەڵامی داواکاری یەکەمی خوێندکارە مانگرتووەکانی نەداوەتەوە بە داخستنی زانکۆی ئاییندە یان بە دانەخستنی.

ئەوەی لەم نێوەندەدا بەروونی دەبینراو لەسەرەتای مانگرتنەکەوە کۆمەڵێک هاندان و دەستوەردان لە ئیرادەی خوێندکار لەلایەن هەندێ گروپ و لایەنی سیاسییەوە دەبینراو هۆیەکی کاریگەر بوون بۆ زیاتر وروژاندنی خوێندکاران تا کێشەکەیان لێ ئاڵۆزتر بکەن، لەدوا پەرەسەندنی ئەم کێشەیەدا، خوێندکارەکان لەمانگرتن بەردەوامن و تا ئێستا بەردەمی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیان چۆڵ نەکردوە، کەلە دوێنێوە لێی وەستاون.■

### سوریا بەڵێن دەدات.. بەکشانەوەی یەکجاری هێزەکانی لەلوبناندا

□ نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، تیری روود لارسن، رای دەگەیەنێت. کە سوریا هەموو هێزەکانی خۆی، بە یەکەکانی هەواڵگریشەوە، لەکۆتایی ٣٠ی نیسان دەکشێتەوە. ئەمەیش لەو گفتوگۆیەی سەرچاوە دەگرێت لە دیمەشق، لەگەڵ سەرۆک بەشار ئەسەدو، وەزیری دەرەوەی ئەم وڵاتە کۆدەبێتەوە. هەر لەم کۆبونەوەیەشدا، رێکەوتن لەسەر ئەوەی کە تیمێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لەمەر چۆنیەتی کشانەوەی هێزەکانی سوریا بەشێوەیەکی گشتی لە لوبناندا. هەڵبەتە ئەم هەنگاوە خێرایەی دەوڵەتی سوریا، راستەوخۆ پەیوەندی بەکێشەو ناکۆکیەکانی نێو خودی لوبنانەوە نییە، ئەوەندەی پەیوەستە، بەو هێڵە ستراتیژییەی، کەئەمڕۆ لەناوچەکەو رۆژهەڵات هێندە بەگشتی، پەیرەو دەکرێت. بۆیە گۆڕان و وەرگۆڕانەکانی رۆژهەڵات خێران. ئەوەی نەتوانێ بەشێوەیەکی لۆژیکی، لەگەڵ ئەم شەپۆلانە رەو بکات، بێگومان دەکەوێتە نێو چوارچێوەیەک تەنیا قەیرانەکانی خۆی نا، بەڵکو لەدەرەوەی ئەم ستراتیژەش رووبەرووی قەیرانی داخراوی تر دەبێتەوە، ئەوسا دەرچوونی ئێجگار مەحاڵ دەبێت. ئەمەی سوریاش، هەنگاوێکە لە هەنگاوەکان. زوو درەنگی ئەم ئەگەرانەش، تەنیا وڵاتی سوریا، خۆی دەتوانێت وڵامی بداتەوە.■

### حاجم حوسنی سوننی، یەکەمین سەرۆک پەرلەمانی هەڵبژێردراوی عێراق

□پاش هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عیراق، گفتوگۆکانی دامەزراندنی حکومەت و دابەشکردنی پۆستەکان دەستیپێکرد، لەنێوان لیستەسەرکەوتوەکانی هەڵبژاردنەکان. بەتایبەت لەنێوان هەردوو لیستی کوردی و شیعی، کەدواجار هەردووکیان کۆک بون لەسەر دانانی سوننەیەکی عەرەب بۆپۆستی سەرۆک پەرلەمان. بەڵام رێک نەکەوتنی سوننەی عەرەب لەسەر کەسێکی دیاریکراو بۆئەم پۆستە وایکرد کەدانیشتنی پەرلەمان و دانانی سەرۆک پەرلەمان و هەردوو جێگرەکەی دوابکەوێت، خۆکاندید کردنی (مشعان الجبوری) بۆئەم پۆستە تارۆژی کۆبونەوەی پەرلەمان، کێشەکەی بردە ئاستێکیتر، بەتایبەت دوای ئەوەی لیستی شیعە رەتکردنەوەی خۆی ڕاگەیاند بۆئەم پاڵێوراوە بەبیانوی ئەوەی کەپێشتر بەعسی بوە. سەرئەنجام کوردو شیعە رێک کەوتن لەسەرهەڵبژاردنی (حاجم الحسنی) بۆسەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ هەڵبژاردنی دووجێگری کوردو شیعەبۆی. (حسنی) توانی لەکۆی ٢٧٥دەنگ ٢١٥دەنگ بەدەست بێنێت، هەروەها (حسین شەهرستانی) شیعەجێگری یەکەمی سەرۆک پەرلەمان ١٥٧دەنگ و (عارف تەیفور) جێگری دووەم ٩٦دەنگیان بەدەست هێنا. (حاجم حسنی) پێشتر ئەندامی لیژنەی تەنسیق و بەدواداچونی ئۆپۆزسیۆن بووە لەدوای کۆنگرەی لەندەن و هەروەها ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی ئیسلامی بووەو، وەزیری پیشەسازی و کانزاکان لەحکومەتی کاتی عێراقی داو ئەندامی پەرلەمانی عیراق بوو لەسەرلیستی (عراقیون) بەسەرۆکایەتی (غازی یاوەر)، ئەوەش پاش ئەوەی دەست لەکار کێشانەوەی ڕاگەیاند لە حزبی ئیسلامی. ■

# مامۆستایانی گوندەکان و کێشەکانیان و کەمتەرخەمی وەزارەتی پەروەردە

ئا/ نەوزاد سەنگاوی

**□ بەهۆی ئەو بەڵێنە گەورانەی کەوەزارەتی پەروەردە دای بەو مامۆستایانەی لەگوندە دوورە دەستەکاندا وانە دەڵێنەوە بەگەڕاندنەوەی موخەسەسات (دەرماڵە)ی مامۆستایان کەبڕیار بوو لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٥ وە جێبەجێ بکرێت بەڵام نەکرا لەگەڵ دەیان بەڵێنی تر وای لەمامۆستایان کردووە رووبکەنە کارو وەزیفەی ترو بەدوای بژێوی ژیانیاندا بگەڕێن.. ئێمەش بۆ ئەم مەبەستە چەندین مامۆستامان دواند لەمەڕ کێشەکانیان و چارەسەرنەکردنی داخوازیەکانیان بەم شێوەیە بۆمان دوان:**

**م. سالار وەلید – مامۆتسای قوتابخانەی داڵەوای خواروو:**

بەڕاستی گوێ لەهەر لێپرسراوێک دەگریت باس لەمەغدوری گوندەکان دەکات و کەچی هیچ کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە بەتایبەتی ئێمەی مامۆستاکەدادەمەزرێن بەموچەیەکی زۆرکەم دائەمەزرێن نازانین بیدەین بەسوتەمەنی بەجلوبەرگ بەکرێ سەیارە بەمەسروف نازانین چی لێ پاشەکەوت بکەین تەنانەت تەربیە جیاوازی قوتابخانەی گوندو شارەکان دەکات بۆ نمونە پێداویستی دەدرێت بەقوتابخانەکان هەتا ناو شار هەبێ بەلادێکانی نادەن و دەڵێن موتەفەریقەن ئەگەر وا بڕوات ئاوها ناتوانین بژێوی ژیانمان دابین بکەین بۆیە دەبێت بەدوای کاردا بگەڕێن.

**م. سۆران صدیق – قوتابخانەی گەڕگەڕ:-**



دەبوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای پرۆسەی ئازادیەوە گرنگی زیاتری بەلادێکانی بدایە بۆئەوەی چۆڵ نەبن بەڵام بەپێچەوانەوە هیچ ئیهتیمامێک بەقوتابخانەو گوندەکان نادرێت زۆربەی بینای قوتابخانەکان قوڕن بەکەڵکی وانەوتنەوە نایەن مامۆستاو قوتابیان ناتوانن تیایدا بمێننەوە تامیر ناکرێن مامۆستایان بەناچاری لەو بیناکۆنانەدا شەوان دەمێننەوە ژیان بەسەر دەبەن بێزارن لەم بارودۆخە کەمامۆستایانی لەهەموو روویەکەوە تیا فەرامۆش کراوە.

**م. گۆران سدیق مەحمود – مۆرو خوارەوەی سەروو:**

ئێمە کێشەمان زۆرە بۆ نمونە ئەم ساڵ لەپایزو زستان دا کە ئەم هەموو بەفرو بارانەی باری لیترێک نەوت بۆ قوتابخانەی گوندەکان دابین نەکراوە و لەپارەی خۆمان سوتەمەنیمان کڕیوە پاش هەموو ماندوبونێک کەس نایە پێداویستیەکانمان بۆ دابین بکات من دوای زستان نەوتم بۆچییە موچەکەم ئەوە نیە بتوانم پێداویستیەکی خێزانەکەمی پێ چارە بکەم بۆیە ناچارم بەدوای وەزیفەیەکی وادا بگەڕێم کەژیانم مسۆگەر بکات.

**م. ئومێد صەلاح – ماملێسی:**



داواکارم وەزارەت بێت سەردانی ئەوجێگەیە بکات کەشەوان تیایدا ئەمێنینەوە وامان لێ هاتووە توشی نەخۆشی نەفسی بوینە وامان لێ هاتووە لەدنیا دابڕاوین هەست بەبێ زاری دەکەین لایەنی مادیمان لەلایەن حوکمەتەوە فەرامۆش کراوە پێنج مانگە دەڵێن دەرماڵەی مامۆستا چاک دەکەین هیچیان دیار نییە بەڕاستی بێزاربومە لەمامۆستایی هەوڵ ئەدەم وەزیفەکەم بگۆڕم لەجێگەیەک بم کەئێواران لەماڵەکەی خۆم دا پشوو بدەم.

**م. عومەر ابراهیم محەمەد – گردخەبەر**

مامامۆستای کارێکی زۆر پیرۆزە دەبێت بەپێی ئەو پیرۆزیە لەکارەکەی بڕوانرێت بەڵام پشت گوێ خراوین لەهەموو روویەکەوە من بەڕێوەبەرم پارەی بەڕێوەبەریەکەم سەرف ناکرێت مانگانە چەندین جار دەچنە پەروەردە بۆ وەرگرتنی بەریدو هەندێک پێداویستی ئێمە لەحسابی خۆمان دەچین و پارەکەمان بۆ سەرف ناکرێتەوە دەرماڵەمان نیە سودمەند نین لەهیچ ئیمتازێک.

**م. سۆران عبدالرحمن – چووقلیجە:**

من وەک مامۆستایەک کەدەڕۆم بۆ دەوام بۆ ئەو گوندەی لێم یەک کاتژمێر بەپێ دەڕۆم چونکە لەجادەوە دوورە ئێمە پێچەوانەی هەموو فەرمانبەرێک ئەو بینایەی شەوانە تیایدا ئەمێنینەوە کارەبای نیە شەوان لەبەر چرا دائەنێین تەلەفزیۆن نابینین فەرمانبەرانی تر لەهەر جێگەیەک بن کارەبایان هەیە موچەیان باشە سوتەمەنیان هەیە بەڵام مامۆستا نا من بای ٤٥ هەزار نەوتم کڕیوە.

**م. هیوا عوسمان عەبدوڵڵا: دارە قووتە:**

قوتابخانەکەم ٣٦ خوێندکاری هەیە بەتەنیا مامۆستام مامۆستایەکیان لەسەر میلاکی قوتابخانەکەم دامەزراندووە لای منیش دەوام ناکات پار پۆلێکی قوتابخانەکەم بەهۆی خراپی کەش و هەواوە روخا بینای قوتابخانەکانمان قوڕن موڵکی خەڵکن و حوکمەت نوێی ناکاتەوە سەرەڕای ئەوەش (٥) مانگە تەرفیعمان بۆ



هاتووەتەوە واتە سەرە مووچە هەتا ئێستا وەزارەت نایبەستێت و مافمان دەخورێت جگە لەنەبوونی دەرماڵە ئەگەر بێت و پێویستیەکی ماڵ بکرین دەبێت بەقیست بیکڕین.

**م. هێمن ناصیح ئەمین – بۆڵقامیش:-**

لەقوتابخانەکەم دا هەر خۆمم چوار پۆلم هەیە کەوانەیان پێ دەڵێمەوە زۆر ماندوو دەبم مامۆستای ترم بۆ نانێرن هاوکاریم بکات هێندە دوورم لەجادەوە کەدووسەعات بەپێ دەڕۆم ئەو زستانان ناتوانین هاتووچۆ بکەین بەهۆی خراپی ڕێگاوە ڕێگەی سەیارەش نیە کەئەمە سستی پەروەردەیە.

**مامۆستایەک:-**

لەزۆربەی گوندەکاندا مامۆستایان تەوالێتیان نیە شوێنی مانەوەیان پیسە کارگوزاریان نیە ناچار خۆیان پاکی دەکەنەوە هەروەها لەکاتی دامەزراندن دا واستەی باشت هەبێت ئەوا ئەگەر لەشار دانەنرێت لەنزیکترین دێ دادەمەزرێت ماوەی یەک ساڵ لەلادێ بە ئەتهێننەوە بۆ ناو شار مامۆستای وا هەیە لەگوندەکاندا فەرمانی گواستنەوەی بۆ ناو شار دەرچووە کەچی نایگوێزنەوە بۆ ناو شار دەیان فێڵ و درۆی لەگەڵ دا دەکەن.

بۆیە دەبێت پشتت هەبێت ئەگینا بەئاسانی نایەیت وە بۆ ناوشار.

**م. خەبات عەلی – قوتابخانەی گەڕگەڕ**



گوندەکان کەلانەی شۆڕش بوونە دەبوو خزمەتی زیاتریان بکرایە بەڵام دەبینین فەرامۆشیەکی زۆریان پێوە دیارە ئەو قوتابخانانەی هەن هەمویان قوڕن چەند بنیایەکی کەم نەبێت دروست کراوە لەگوندەکاندا ئەویش ئەو گوندانەی دەکەونە سەر جادەو بەرچاون بەڵام گوندە چەپەکان بەتەواوەتی بێ خزمەتن سەبارەت بەمووچەش موچەمان کەمە دەبوایە وەزارەتی پەروەردە بەراوردێکی نرخی کەلوپەلی بازاڕو موچەکەی ئێمەی دەکرد.

پاشان بۆ بەدواداچوونی کێشەی مامۆستایانی گوندەکان چوینە لای بەڕێز **(مامۆستا ئیحسان خورشید)** بەڕێوەبەری پەروەردەی چەمچەماڵ و چەند پرسیارێکمان ئاراستەکردو وەڵامی داینەوە.

**چاودێر:** ئێمە ئاگادارین زۆربەی قوتابخانەکان لەگوندەکاندا یەک مامۆستایان هەیە زۆربەی گوندەکانیش کەقوتابخانەیان تێدا کراوەتەوە کارگوزاریان نیە تاچەند کارتان بۆ نەهێشتنی ئەم کێشەیە کردووە.

**م. ئیحسان:** ئێمە لەسەرەتای ساڵەوە میلاکی خۆمان رێک خستووە سەبارەت بەو

**قوتابخانەکەم ٣٦ خوێندکاری هەیە بەتەنیا مامۆستام، مامۆستایەکیان لەسەر میلاکی قوتابخانەکەم دامەزراندووە لای منیش دەوام ناکات، پار پۆلێکی قوتابخانەکەم بەهۆی خراپی کەش و هەواوە روخا!!**

قوتابخانانەشی کەیەک مامۆستایان هەیە رێژەی قوتابی تیایدا کەمە یەک مامۆستا هەڵدەگرێت سەبارەت بەکارگوزاریش هەتا ئێستا پلەی کارگوزارمان بۆ نەهاتووە کەدایان مەزرێنین بەڵام ماوەیەکە خەریکن بۆ هەر گوندێک کارگوزارێک دابمەزرێنین.

چاودێر: قوتابخانەی وا هەیە ٤٠ خوێندکاری هەیە یەک مامۆستای بۆ دانراوە لەچەندین قوتابخانە مامۆستایان بۆ دامەزراوەو دەوام ناکەن؟

**م. ئیحسان:** شتی وا نیە مامۆستا هەبێت دامەزرا بێت و دەوام نەکات هەر مامۆستایەک دەوام نەکات لەڕووی یاساییەوە سزای ئەدەین هەندێک مامۆستامان هەیە لەسەر میلاکی قوتابخانەیەک دامەزراون بەڵام دەوام لەکەرکوک دەکەن نەک لەقوتابخانەکانیان کەناویانی لێیە.

**چاودێر:** بۆچی لەپایزو زستاندا کەوەرزی سەرماو سۆڵەیە نەوت نەدرا بەقوتابخانەی گوندەکان؟

**م. ئیحسان:** لەڕاستیدا لەسلێمانی بەرنامەی درەنگ بۆ دانرا حیسەی سوتەمەنییەکەی ئێمەش درەنگ گەیشت بەهەوڵێکی یەکجار زۆر کەچەندین رۆژ ئەمسەرو ئەو سەرمان کرد ماوەی هەفتەیەکە سوتەمەنی گەیشتۆتە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان کە ١٠٠ هەزار لیتر نەوتە دەستمان کردووە بەدابەش کردنی.

**چاودێر:** بڕیار بوو لەسەرەتای ساڵەوە دەرماڵە بدرێت بەمامۆستای گوندە دوورەکان بۆچی نەدرا؟

**مامۆستایەک: – لەزۆربەی گوندەکاندا مامۆستایان تەوالێتیان نیە شوێنی مانەوەیان پیسە کارگوزاریان نیە ناچار خۆیان پاکی دەکەنەوە هەروەها لەکاتی دامەزراندن دا ئەگەر واستەی باشت هەبێت ئەوا ئەگەر لەشار دانەنرێیت لەنزیکترین دێ دادەمەزرێیت، مامۆستای وا هەیە لەگوندەکاندا فەرمانی گواستنەوەی بۆ ناو شار دەرچووە کەچی نایگوێزنەوە**

**م. ئیحسان:** ئەو بڕیارە جێبەجێ کردنی لەسەروی ئێمەوەیە ئێمە ماوەی چەند رۆژێکە بڕیارێکمان لەوبارەیەوە بەدەست گەیشتووە کەداوا دەکات لە ٥٠٪ی دەرماڵە بۆ مامۆستایان قوتابخانە دوورە دەستەکان سەرف بکرێت ئێمەش لەڕێگەی سەرپەرشتیارەکانەوە قوتابخانە دوورەکان دیاری دەکەین و ئەو دەرماڵەیان پێ ئەدەین.

**چاودێر:** وەک ئێمە ئاگادارین چەندین مامۆستا فۆرمی وەرگرتووە بۆئەوەی لەکولیەی سەربازی سوپای نوێی عێراق دابمەزرێت بەهۆی کەمی موچەوە روودەکەنە کاری تر تائێستا حاڵەتی لەوجۆرە رووی داوە.

**م. ئیحسان:** تائێستا لای ئێمە مامۆستا وازی نەهێناوە سەبارەت بەکەمی مووچە ئەوە بڕیارێکە لەحکومەتی عێراقەوە دەرچووە چاکردنی موچە لەدەست حکومەتی ناوەندیدا یە.

**چاودێر:** سوپاس

**ئەنجام:**

**ئێمە ئاگادارین مامۆستا هەیە وەک میلاک لەسەر قوتابخانەیەک دامەزراوە بەڵام لەقوتابخانەیەکی تر دەوام دەکات لەگوندەکاندا.**

**وە ناوی چەندین مامۆستامان لایە کەپەیوەندیان کردووە بەفڕگەی سلێمانی و تەجنیدی سەربازی سلێمانی. ■**

laparakan.qxd 4/3/2005 10:36 AM Page 3



# ڕۆژی شەممە پشووی ڕەسمی وڵات یان دواخستنی کارەکانی وڵات

**ئا/ ئاکۆ دوکانی**

**□ هەڵبەت هەر بیرۆکەو بیردۆزەو شتێکی تازە کەدێتە ناو کەلتوری میللەتێکو بەشداری لەژیانی خەڵکی هەر وڵاتێکدا دەکات جێی قسەو باسە، بۆئەوەی خەڵک ڕای خۆیانی لەسەر دەربڕنو هەر کەسەو بەپێی بۆچوونی خۆی هەڵی سەنگێنێت.**

**جێی پرسیارو قسە لەسەرکردنە کەبزانین ئایا حکومەت کارێکی باش دەکات کەجگە لەهەینی ڕۆژێکیتریشمان بۆ زیاد بکات؟ ئایا دەبێت حکومەت مەبەستی چی بێت لەم کارەیدا؟ تۆ بڵێی لایەنی باشی زۆرتر بێت یان لایەنی خراپ، دەبێ زیادکردنی ئەم پشووە زیان بەکارو چالاکی ڕۆژانەی هاوڵاتیان نەگەیەنێت؟**

**ئایا زیادکردنی ڕۆژی شەممە بۆ پشووی ڕەسمی وڵات سەرکەوتوو دەبێت؟**

**بوار تاهیر: تەمەن (٢٦)ساڵ - فەرمانبەر** لەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی پێی باش نییە لەهەفتەیەکدا دوو ڕۆژی پشوو هەبێت، بەڵکو پێی باشە لەهەفتەیەکدا تەنها یەک ڕۆژی پشوو هەبێت، ئەو ڕۆژەش کەمەبەستیانە با زیادی نەکەن، بەڵکو با سەعاتەکانی کۆتایی دەوامی پێ قەرەبوو بکەنەوە، واتە لەجیاتی ئەوەی ڕۆژێکی تری پشوومان بۆ زیاد بکەن، با هەموو ڕۆژێکی دەوام سەعاتێک زووتر دەوام تەواو بێت و زووتر بڕۆینەوە، بۆئەوەی سود لەکاتەکانی دوای دەوام بکەین.

بوار دەڵێت: ئەسڵەن هەر پێم باش نییە حکومەت دوو ڕۆژی پشوو دابنێت، چونکە خەڵک فێری تەممەڵیو بێ کاری دەبێت، هەروەها خەڵک دەسهاتی ئەوەندە زۆر نییە کە بتوانێت لەو ڕۆژانەدا سەفەرو سیاحەت بکات.

لەلایەکی ترەوە ئەوان بەحسابی خۆیان پشوومان بۆ زیاد دەکەن، بەڵام لەهەمان کاتدا فەرمانبەران لەڕۆژی کاردا لەدوای سەعات یەکەوە هیچی توانای ئیشوکاری نامێنێت، هەمووان بێزارو وەرس دەبن بەتایبەت لەمەودوا کەهاوین بەڕێوەیە هەروەها ئەو ئافرەتانەی کەمناڵیان هەیە هەراسانی لای مناڵەکانیان دەبن کەپێویستە زوو بگەڕێنەوە لای کۆرپەکانیان.

بوار پێی وایە ئەم پشووە لایەنی خراپی زیاترە، حکومەت تۆڵەی ئەو پشووەمان لێدەکاتەوە لەڕێگەیەکی ترەوە، ئەویش درێژکردنەوەی دەوامە، کەوا لەفەرمانبەران دەکات دوای دەوامیش هیچ سودێک لەکاروبارەکانی تری ڕۆژانەیان وەرنەگرن، پێم وایە حکومەت حساباتی ورد بۆ باری دەروونی فەرمانبەرەکانی ناکات، ئەوانن نازانن سەرەڕای ئەوەی کارمەندەکانی زۆر بێ کارو بێ ئیش لەهەمان کاتدا مانەوەیان تا سەعات دووی دوانیوەڕۆ ئەوەندەی تر بێزار دەبن، پێم وایە دەوام لەدوای سەعات دوانزەوە زیادەیە.

من پێم باشە لەهەفتەیەکدا تەنها یەک ڕۆژی پشوو هەبێت، بەڵام فەرمانبەران لەسەعات یەک بەدواوە دەوامیان تەواو بێت، من ئەم کارەیان بەسەرکەوتووتر دەزانم نەوەک زیادکردنی پشوو.

**عەلی فەتاح/ تەمەن (٥٢) ساڵ - فەرمانبەر لەفەرمانگەی ئاوی شارەوانی**

پێی باش نییە لەهەفتەیەکدا دوو ڕۆژی پشوو هەبێت، دەڵێت بەڕاستی قەرەباڵغیەکی زۆر دروست دەکات بەسەر فەرمانگەکەمانەوە، ڕاستە حکومەت بۆ خۆش گوزەرانی ئێمە پێشووی زیاد کردووە، بەڵام



کاتێک دەوام دەست پێدەکات لەبەرئەوەی دوو ڕۆژ دەوام نەبووە، هاوڵاتیان کارەکانیان کۆدەبێتەوەو زۆر بەچڕی بەسەر ئێمەدا دەڕژێنو قەرەباڵغیەکی زۆر دروست دەبێت بەشێوەیەک کەهەراسانمان دەکەن. کەهەموو خۆشی پشووەکەمان بیر دەباتەوە.

لەوانەیە هەندێ فەرمانگە ئەو قەرەباڵغیەی نەبێ، بەڵام بەڕاستی ئێمە هەراسانین، دواتر دەوامی لەمەودوا تا سەعات دوو سێ نارەحەتو بێزارکەرە کەگەرما دادێت.

دەبوایە لەجیاتی زیادکردنی ڕۆژێکی تر بۆ پشوو، کاتی دەوامیان کەم بکردایەتەوە چونکە بۆ ئێمە ئەویش هەر پشووە، لەبەرئەوەی ئێمە سود لەکاتەکانی تری دوای دەوام وەردەگرین.

حکومەت بڕیارێکی ناشایستەی دەرکردووەو سەرکەوتووش نابێ

**عومەری شێخ عەبدوڵڵا: تەمەن (٥١) ساڵ/ ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی**

دەڵێت: پشوو زیاتر پەیوەندی بەفەرمانبەرانی حکومەتەوە هەیە، پشوو بۆ وڵاتی ئێمە بەتایبەت کوردستان پێویستە هەبێت، چونکە ناوچەیەکی گەشتو گوزارە هەروەها ئیتر لەمەودوا پەیوەندی ئێمە بەدنیای دەرەوە زیاتر دەبێت، چونکە لەکاتی گەشتی خەڵکی دەرەوە بۆ کوردستان یان گەڕانەوەی هاوڵاتیانمان بۆ وڵات لەوانەیە لەوکاتانەدا بێت کەپشووی ئەوان بێت، بەتایبەت بۆ گەشتی ئەوروپیەکان، لەبەرئەوە من پێم باشە ڕۆژی شەممە کەزیاد کراوە بۆ پشووی ڕەسمی، ئیتر بۆ دەبێ ئێمە جیاواز بین لەوڵاتانی تر، هەڵبەت ئەوان ئەزموونی زیاتریان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، پێم وایە بڕیارێکی سەرکەوتوو دەبێت.

هەروەها لەچەند ساڵی ڕابردوودا ڕۆژانی پێنج شەممە لەناوچەی سلێمانی پشووی ڕەسمی بووەو دەنگدانەوەیەکی زۆر باشیشی هەبوو، لەبەرئەوە

**بوار تاهیر : ئەم پشووە لایەنی خراپی زیاترە، حکومەت تۆڵەی ئەو پشووەمان لێدەکاتەوە لەڕێگەیەکی ترەوە، ئەویش درێژکردنەوەی دەوامە، حکومەت حساباتی ورد بۆ باری دەروونی فەرمانبەرەکانی ناکات..**

سەرکەوتوو دەبێتو دوو ڕۆژ پشوو کارێکی باشە.

**ستران عەبدوڵڵا - سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئاسۆ**

پێم وایە شتێکی زۆرباشە کەحکومەتی ناوەندی بڕیارێکی لەوجۆرەی دەرکردووە چونکە کاتی خۆشی



حکومەتی هەرێم بڕیارێکی لەوجۆرەی دەرکرد کەڕۆژانی پێنج شەممە پشووی ڕەسمی بوو، بەڵام ئێستا پشووەکە چۆتە شەممەوە شتێکی سەرکەوتووە.

دواتر ئێمە لەگەڵ دنیای دەرەوە دانابڕێین، چونکە هیچ وڵاتێک نییە لەگەڵ دنیای دەرەوەیدا دابڕاو بێت، دەبێ بڕیاردان لەسەر پشوو بەجۆرێک بێت لەگەڵ هەلومەرجی دنیای دەرەوەو وڵاتە دراوسێکانیشدا بگونجێت نەوەک هەر بەویستی چەند کەسانێک بێت.

دواتر چارەسەری تر هەیە بۆ ڕۆژانی دەوامی دوورو درێژ، کەدەوامی دوو شەفتە، ئەمە زۆرجار چارەسەری بێزاری فەرمانبەرەکان دەکات لەناو فەرمانگەکانیاندا.

لەهەموو دنیادا دەوامی فەرمانگەکانی کەرتی گشتی یان کەرتی تایبەتی دەگاتە سەعات دوو، خۆ هەر ئێمە دەوامامان درێژ نییە.

بەڵام ئەوەندە هەیە لەئەوروپا هاوڵاتیان جگە لەدوو ڕۆژی پشوو هەموو کاتەکانیان خەریکی کارکردن دەبنو هیچیتر، هەموو کارەکانی تری تایبەت بەخۆیان لەو دوو ڕۆژە پشووەدایە.

ستران پێی باشە ئەگەر ڕۆژەکانی دەوام هەموو هاوڵاتیانو فەرمانبەران خەریکی کارو چالاکیو بەرهەم هێنان بن، تەنها ئەو دو ڕۆژە بۆ پشوو بێت کارێکی زۆرباشەو خەڵکی عێراقو کوردستان شایستەی ئەو پشووەن.

هەروەها پێویستە ئێمە لەگەڵ دنیای دەرەوەدا دانەبڕێین، حکومەت بنەمای پشوو بۆ خەڵک دادەنێت ئیتر تۆ چۆنی بەکاردێنی ئەوە ئارەزووی خۆتە گەشت یان سەردان یان کاروباری ماڵەوە ڕایی دەکەی.

**لەکۆتاییدا**

پشوو پێویستیەکی سەرەکی ژیانی مرۆڤە، کاریش ژیانی پێوە بەڕێوە دەچێت، هەردوکیان بۆ مرۆڤ پێویستن، بەڵام جێبەجێکردنیان هونەرو پسپۆڕی دەوێت کەحکومەت بتوانێت فەرمانبەرەکانی ڕازی بکات لەلایەکو کاروباری دەوڵەتیش بەڕێوەببات لەلایەکی ترەوە، وردبینیو خوێندنەوەی باری دەروونی فەرمانبەرانو کەمو زۆری کاری فەرمانگەکانیش پێویستە حکومەت حسابیان بۆ بکات.■

---

# کێشەو گرفتی هێڵی پاسەکانی ڕزگاری

**ئا: محەمەد ڕەزا**

**□ هێڵی پاسەکانی ناو شار، کارئاسانێکی باشو لەبارە بۆ گواستنەوەی هاوڵاتیان، لەسەرجەم گەڕەکەکانی ناو شاری سلێمانی بۆ ناو بازاڕو بەپێچەوانەوە، ئەوەی جێگای سەرنجو تێبینییە ئاستی هۆشیاری شۆفێری، پاسەکان لەهێڵێکەوە بۆ هێڵێکی دیکە دەگۆڕدرێت، بەواتایەکی پاراوتر هەر شۆفێرێک لەهەر هێڵێکدا هاوکاری هاووڵاتیان بێت، بەشۆفێری چاکو ڕەوشت بەرز ناوزەندی دەکەن، دوای پرسیارێکی زۆر لەهاوڵاتیانی گەڕەکی ڕزگاری سەبارەت بەو مامەڵەیەی شۆفێرانی هێڵەکە ڕۆژانە لەگەڵیاندا ئەنجامی ئەدەن، بەباشی وەسفی شۆفێرانی هێڵەکەیان ئەکردو لێیان ڕازی بوون، ئێمە ئەو ڕاپرسییە بەپەلەیەمان بۆ ئەوە کرد تا بزانین لێپرسراوی هێڵی ڕزگاری ئەو کێشانەی ڕۆژنامەکەمانی لێ ئاگادار کردۆتەوە کەبچین بەهانایانەوەو بیخەینە پێش چاوی لێپرسراوان دوای ئەوەی بەشی هەرە زۆری ئەو هاوڵاتیانەی قسەمان لەگەڵ کردن گازەندەو گلەییان لەشۆفێرەکانی ئەم هێڵە نەبوو، ئێمەش سەردانی لێپرسراوی هێڵەکەمان کردو (جەلال عەبدوڵڵا) پوختەی کێشەکان کەدوچاری هێڵەکەیان هاتووە بەم شێوەیەی لای خوارەوە بۆ باس کردینو گوتی:**

-ئەم گۆڕەپانەی دەکەوێتە نزیک بازاڕی مۆسیقاکەو خوار شەقامی ئۆرزدی، ماوەی ١٣ ساڵ زیاتر بە (ساحەی) پاسەکانی ڕزگاری ناسراوە، (ساحەکە) موڵکی ئەهلییەو دووجار پارەمان زیاد کردووە، ساڵی ١٩٩٢ کاتێک لەسەر فەرمانی حکومەتی خۆماڵی خۆمان لەدارە سوتاوەکەوە گوێزامانەوە بۆ ئەم (ساحەیە) ئیجاری ساڵانەی (٨.٠٠٠) هەزار دیناری سویسری بوو، کەئەوکات نەفەر بە (٧٥٠) فلس بوو، واتە ئەو بڕە پارەی ئیجارە زۆر بوو بۆ ئەوکاتە، ساڵی (٢٠٠٤)

**لێپرسراوی هێڵی ڕزگاری: -داواکارین لەبەرپرسانو خەمخۆران وەک ساڵانی پێشوو کۆمیتەیەکی شۆفێرانمان بۆ دابمەزرێنن**



جەلال عەبدوڵڵا - لێپرسراوی هێڵ

پێی کردین بە (١٣.٠٠٠) هەزار دیناری سویسری، ئەم ساڵیش لەسەرمان زیادی کردووە بە (٢٨.٠٠٠) دیناری سویسری، لەم زیادکردنەی دوایدا زۆر قایل نیەو دەڵێت بەنرخی ڕۆژ مامەڵەتان لەگەڵدا ئەکەم، باس لەوە دەکات ئەگەر نەگونجێن لەگەڵمدا ئەوا ئەتوانم بیکەم بەبینای گەورەو ژێرەکەشی بکەم بەگەراجی ڕاوەستانی ئۆتۆمبێل، بەڕاستی زەختێکی زۆری لەسەرمان داناوە لەم بێ ئیشیو قەرەباڵغییەدا، ئەگەر چ بەشاهێدی حکومەتو هاوڵاتیانی گەڕەکی ڕزگاریو دەوروبەری لەلایەک پابەندی ئەو یاساو ڕێسایانەی کەحکومەت بۆمان دادەنێت لەلایەکی تریشەوە شۆفێرەکانمان بەگشتی پابەندی ئەو تەربیەتە ڕۆشنبیریانەن کەلەدانیشتنەکاندا پێیان ڕائەگەیەنینو بۆیان باس دەکەین، بەئاگاداری سەندیکای شۆفێرانی پێشوو چەندان پاسمان توشی زیان لێکەوتن بووە کەحکومەت پێویستی بووەو ناردومانە بۆیان بێ ئەوەی بەهیچ شێوەیەک قەرەبوی زەرەرو زیانەکانیان کرابێتەوە، بۆیە ئێمە زۆربەی ئەو کارانەی پێیان سپاردوین ئەنجامی بدەین بەبێ بەرامبەر بووە، ئەوەی کەئێمەی زۆر نیگەران کردووە ئەو کێشانەی کەڕۆژانە بەرەو ڕومان دەبێتەوە کەسێک نیە نازی ئازارەکانمان هەڵگرێو دوای گوێگرتن لێمان بۆمانی چارەسەر بکات، تەنیاو تەنیا ئەوەی کەزۆر گوێی لەئێمە گرتووەو هاریکاری کردووین بەڕێز جێگری پارێزگار بووە کاک (**دلاوەری ئەحمەد مەجید**)ە لەکاتێکدا ئەو کارانەی کەبۆی کردوین ئیشی ئەویش نەبووە، ئێمە زۆر سوپاسی ئەکەینو هیوادارین نمونەی زۆر بێت.

پاشان هەر لەمیانەی ئەم گەشتە ڕۆژنامەوانیەدا چەند شۆفێرێکی ئەم هێڵە قسەیان بۆ کردین بەڵام حەزیان نەدەکرد ناویان ئاشکرا بکەین شۆفێرێک گوتی:

-ئێمە ڕۆژانە هاوڵاتیانی گەڕەکی ڕزگاریو دەوروبەری دەگەیەنین بۆ بازاڕو، لەبازاڕیشەوە بەرەو ماڵەوە، ڕاستە بەپارە کار دەکەین بەڵام کرێی نەفەرێک کەدینارێکە هەرگیز لەئاست ئەو ماندوبونە زۆرەدا نیە کەئێمە ڕۆژانە پێی هەڵدەستین، گوتیشی:- کاتێکیش کەکێشەی شۆفێری هێڵەکان سەری هەڵدا لەسەر کەمی کرێو حکومەت لەگەڵ لێپرسراوی هێڵەکاندا کۆبۆوە لەدیوانی پارێزگا، بڕیاری ئەوەیان داینێ کەنرخی شتومەکو مەوادی یەدەگی ئۆتۆمبێلو پاسەکان کەم بکەنەوەو کار بۆ دابەزاندنی بکەن دواجار ئێمە ڕازی بووین بەدینارێک هاوڵاتیان بگوێزینەوە، بەڵام نەک هەر دایان نەبەزاند بەڵکو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ شتومەکو ئەدەواتی پاسەکانمان لەزیادبوندایەو کەسێک نیە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکات، کواکێ توانیویەتی بەربەو گرانفۆشییە بگرێت، کە بۆتە دیاردەیەکی ناشایستە لەم شارەداو بۆتە جێگەی گازەندەو گلەیی سەرجەم هاووڵاتیان، ئەوەتا



ساحەی پاصەکانی ڕزگاری

ئێمە لەقسەی دەسەڵاتو حکمەتی خۆمان دەرنەچوینو باحکومەتیش مشورمان بخوات، هەر جارێکیش داواکارییەک بکەین بۆ مەغدوری خۆمان بەکەسی خراپ هەمومان لەقەڵەم ئەدەن، لەگەڵ ئەوەی لەم ئازادیەدا هەموو کەسێک ئازادە داوای مافە بنچینەییەکانی خۆی لەحکومەت بکات.

×پاشان لەگەرمەی قسەکردنماندا لەگەڵ ئەو برا شۆفێرەدا لێپرسراوی هێڵەکە (**جەلال عەبدوڵڵا**)

**شۆفێرێک: - لەکۆبونەوەیەک لەگەڵ پارێزگاردا، وەعدی ئەوەیان داینێ، نرخی شتومەک دابەزێنن، دواجار ئێمە ڕازی بوین بەدینارێک هاوڵاتیان بگوێزینەوە، بەڵام وا دەرنەچوو**

دەستی بەقسەکردن کردەوەو گووتی:-

چەندین جار داواکاریمان پێشکەش بەلێپرسراوان کردووە فەرامۆش کراوە کە ویستومانە دەنگمان بگەیەنێت بە بەڕێز (مام جەلال)، ڕۆژانەش لەلایەن کارمەندانی هاتوچۆوە غرامەی زۆرمان بۆ دەکرێت چەندین شۆفێرمان هەیە ١٥٠.٠٠٠ دیناری چاپی نوێی غرامە بۆ کراوە، لەبری ئەوەی هاوکاریمان بکەن غرامەکان کەبۆ پاشی دەکەن زۆر زۆرەو وا دەزانن ڕۆژانە پارەیەکی زۆریان چنگ دەکەوێت، کەهیچ پاسێک نیە ڕۆژانە بەسافی پارەیەکی وای چنگ بکەوێت کەبەتێرو تەسەلی خۆیو پاسەکەی بژێنێت، لەکۆتایدا داواکارین لەبەرپرسانو خەمخۆران وەک ساڵانی پێشوو کۆمیتەیەکی شۆفێرانمان بۆ دابمەزرێنن، بۆئەوەی کێشەکانی کەڕووبەڕوومان دەبێتەوە بۆمانی چارەسەر بکەن، دیسانەوە سوپاسی هەموو ئەو کەسە دڵسۆزانە دەکەین کەهاوکاریان کردوینو ئەوانەشی بۆ لەمەودوا هاوکاریمان دەکەن، سوپاسی هەموو شۆفێرانیشمان ئاراستەی ڕۆژنامەی زیندوی چاودێر دەکەین. کە خەمخۆری هەموانن.■

laparakan.qxd 4/3/2005 10:36 AM Page 4



# با داوای لێبوردن لەقوربانیان بکەین!

مەنسوور تەیفووری

□ بەشێکی مێژووی کورد لەئێران بەتوندوتیژییەکی پیرۆزو دامەزراوەیی (تاسیسی) دا تێپەڕیوە. دامەزراوەیی بەمانای ئامادەیی سەرچاوەیەکی شەرعییەت بەخشین بەتوندوتیژی و کارکردنی دەزگاو دامەزراوە لەپشتەوەی سیستەمی توندوتیژییدا، مانای توندوتیژیەک کەمەبەستێکی تایبەتی سایسی پێڕەو دەکات، مانای دارشتنی تیۆر بۆکوشتن و چاوەڕێکردنی سەرهەڵدانی فەزیلەت و خێر لەدڵی جەنگ و توندوتیژیەوە، مانای گۆڕینی توندوتیژی بۆ کەرەستەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بەگشتی توندووتیژیی مەبەستدار. ئەو بەشەی ئاماژەی پێکرا برگەی مێژوویی ساڵانی سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانە. لەو ساڵانەدا لەلایەکەوە گوتارێک لەهەردوو لایەندا هەیە کەدەیەوی بە وتوێژ چارەسەری کێشەی کورد بکات - با ئامادەیی بۆ وتوێژیش بەهۆی لاوازیی و تازەیی دەسەڵاتەوە بێت - بەڵام هاوکات رەهەندێکی دیکەش لەم گوتارەدا ئامادەیە: رەهەندێک کەهەردەم ئامادیە بەکردە نوێنی توندوتیژو شەرعیکراو چارەسەری هەموو قەیرانەکان بکات. ئامادەیی هەندێ کەسایەتی و ئەکتیڤیستی دینی لەو سەدرەمەدا کەهەڵگری رەواییەکی رەهای توندوتیژی بوون و، کردەکانی خۆیان بەدامەزراندنی دوالیزمی خێر- شەڕ، دیندار - بێ دین و.. هتد پاساو دەدا، بەرچاوترین خاڵی ئەم گوتارە لوتکەیەکە کەهەناوی گوتاری ناوەندی ئاشکرا دەکات. ئەگەرچی کەباسی توندوتیژی دەکرێ بەو مانا نییە کەلایەنی کوردی هەڵگری هیچ رەگێکی توندوتیژی نەبوە و لەهەندێ لایەندا زەمینەی وتوێژ و موداراو توانای پێشبینی سیاسی و بابەتیکردنەوەی تیۆرە وەرگیراوەکانی تێدا بزر نەبووەو، مانای ئەوەش نییە کەناتوانی لەدەرکی زەمەن و واقیع، بەدەستەوە نەبوونی لێکدانەوەی راست بەنیسبەت واقیع و کۆمەڵگای کوردی بەشیک نەبن لەگرفتەکانی ئەم گوتارە. ئەگەر ئەم

**بێدەنگی بەرەی کوردی لەئاستی قوربانیاندا دیسان چەشنێکە لەفەرامۆشی و رانەگەیاندنی شەفافی رووداوەکان هەوڵە بۆ پاوان و مۆنۆپۆلکردنی ئەوان و بەسایسی کردنی دیاردەیەکی وەک خۆبەخت کاریی**

باسە تەنانەت بەمانای "تەسلیم بوون بەستراتیژی لایەنی بەرامبەریش" وکەوتنە داوی گەمەکانی ئەو لایەنەوە بێت: وەک ناچار دیتنی خۆ لەشەڕی چەکداری.

رەنگە دوان و ئاخافتن دەربارەی توندوتیژی و بنەما پێکهێنەرەکانی توندوتیژی و هەوڵ بۆ تیۆریزەکردنی ئەو چرکەی قوربانی و بکوژ بەشێوەیەک لەشێوەکان رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، گران و دژوارترین کار بێت و هەوڵ بۆ بەرهەمهێنانی تیۆرێکی گشتی بۆ توندوتیژی هەوڵێکی بێ ئەنجام بکەوێتەوە، جگە لەوەی کەلەچەندنین گۆشەنیگاوە سەیری بابەتەکە بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا کەتوندوتیژی ئەویش لەو شێوەیدا کەئێستە بۆتە واقیعێکی ترس و مەرگهێنەری ناوچەکە و کوردستانیش، خۆی بابەتێکی ئاڵۆزە و دەشێ لەهەر بیچمبەندییەکی مرۆییدا وێنای بکرێت و بناسرێتەوە. توندوتیژی دیاردەیەکی مێژوویییەو مرۆڤ بەدرێژایی ژیاری خۆی، توندوتیژیی وەک بنەمایەکی ناچاری و تراژیک لەهەناوی کولتووری خۆیدا، یان لەهەناو دەروونی خۆیدا هەڵگرتووە و بۆ دەربازبوون لێی پێویستە ئەو دەمارانەو ئەو رێگانەی تێیدا توندوتیژی بەرهەم دێت و دەرسکێت بناسینەوە. هەڵبەت ئەمە مانای ئەوە نییە کەتوندوتیژی هۆ، ناوەند، شێوە، یان ماهییەتێکی یەکەی دیارو ئاشکرای ببێت کەبشێ بیناسینەوە و وشکی بکەین.

وتمان کەتوندوتیژی بابەتێکی مێژووییە و بۆ تیۆریزەکردنیشی پێویست بەخوێندنەوەی مێژوو و زەمینەی مێژوویی بەرهەمهاتنی هەیە. بەڵام هاوکات مێژووی توندوتیژی لەلایەن بەرکار (Object) و کارا (Subject) ی توندوتیژییەوە، دەبێ لەبیر بکرێ، ئەو مێژووە دەبێ لەبیر بکرێ چونکوو کارای توندوتیژی ئێستە دەیەوێ بەگوتارێکی نەرمترەوە کۆنترۆڵی بەرکارانی توندوتیژی بکات و قۆناغی قەیرانی قوربانیی(۱) بەجێهێشتووە، هاوکات قوربانیش دەبێ توندوتیژی لەبیر بکات بۆئەوەی ئەو لەو چرکەساتە زەمەنیەدا لەهەموو مانایەکی ئینسانی لەهەموو ناوەڕۆک و هێزو ئامادەییەک دادەماڵرێ، چونکوو ئەو لەو چرکەدا، لەوپەڕی بچووکی و ئەتکی خۆیدا دەژی.

فەرامۆشی لەم حاڵەتەدا، تایبەتمەندیەکی دوانە وەردەگرێ، کاری توندوتیژی، ئەو چرکە بەسەرکەوتنێکی خۆی تۆمار دەکات و دەیکاتە دەفتەری سەرەوەی و یادەوەریی خۆیەوە و وەک چارەسەرێک بۆ داهاتووش هەڵیدەگرێ و، کەی پێویستیی پێی بێ دەتوانێ دەفتەرەکەی دووبارە بکاتەوە و وەها کردەیەک بنوێنێتەوە و تەنانەت ئەو سەرکەوتنە بکات بەشێک لەشوناسی خۆی. لەبەرامبەردا قوربانی بەئاراستەیەکی دیکەدا، رووبەڕووی ئەو مێژووە دەبێتەوە، ئەو دەبێ ئەو چرکە پڕ رەزالەتە فەرامۆش بکات، ئەو دەبێ فەرامۆش بکات بۆئەوەی بتوانێت درێژە بەژیان بدات و ئەو چرکە پڕ نەگبەتیە بکاتە یادەوەریی شاراوەی خۆیەوە، بەواتایەکی تر ئەو دەبێ واز لەو مێژووە بهێنێ و پشتی تێبکات، کەلێرەدا ئەم چەشنە وازهێنان لەمێژوو و ئەم چەشنە مێژوو بێزییە، بەسودی کارای کردەی توندوتیژی دەکەوێتەوە، مرۆڤ گەلێک جار بەکردەو بەتیۆر تاقیکردۆتەوە کەمێژووبێزی و نامێژوویی دیتن و دەرهەست کردنەوەی دیاردە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکان، چۆن توانیویەتی خۆی بگۆڕدرێت بۆ رێگەیەک بۆ سەرهەڵدانەوە و دەرکەوتنەوەی توندوتیژی و، هاوکات هەموو سیستەم و کەسە فاشیستەکانیش

تێزی ریفۆرمیستەکانی ئێرانەوە هاتن و گەلی کوردیان هاندا کەبەشداریی هەڵبژاردن بکەن و دەنگ بە ریفۆرم خوازان بدرێ (١٣٧٦) کەچی وەک دیتمان هەندێ شت لەم ناوەدا وەک پێشمەرگەکانی وتوێژێکی تەندروست لەلایەن کاری توندوتیژی و هەندێ خاڵ وەک بڕینی هەناوی کوردەکان کەبەرکاری یەکەمی توندوتیژی دامەزراوەیی نێو ئێران بوون، لەبیر کران و خوێندنەوەیان بۆ نەکرا: خاڵخاڵی، چەمران، شەپۆلی فراونی کوشتن و برین و، ئەوبنەماڵانەی بەبرینداری هێشتا چاوەڕێی گەڕانەوەی مردوو یان زیندووی ئازیزانیان دەکەن و.. فرامۆش کران، فرامۆش کردنی بەرهەمهێنەرانی توندوتیژی، لەبیرکردنی مێژوی بەرهەمهاتنی خودی گوتاری ریفۆرم خوازیش بوو.

وەک سەرەتاش ئاماژەمان پێکرد، فەرامۆشی هەڵگری دوو رەهەندە: لایەنێک لەفەرامۆشیی کارای توندوتیژی و لایەنێک فەرامۆشی قوبانیان و بەچەشنێک هەوڵیان داوە دیاردەکان و مرۆڤ و کۆمەڵگاکان لەپانتاو زەمینەی مێژوویی خۆیان دەربکەن، دەرهەستسیان بکەنەوە، بیانکەنە بابەتێکی دەرهەست و لەباتی مێژووی واقیعی و راستەقنیەی بابەتەکان بەناوی جۆراوجۆرەوە مێژوویان بۆ بخولقێنن، خولقاندنی مێژوو لەم حاڵەتەدا دەبێتە قەڵباندنی خودی مێژوو واقیع، پێشنیاری فەرامۆش کردنی مێژوو بەهەر ناوێکەوە، لەئاکامدا دەبێتە هۆی نامێژوویی کردنەوەی خودی مرۆڤ و بەم شێوە خودی توندوتیژیش دەکرێتە بابەتێکی ناواقیعی و دەرهەست و لێرەوەش رێگە بۆ پاساو و رەوایی و لەئاکامدا پێویستیی یان بەپیرۆزکردنی توندوتیژی دەکرێتەوە، ئەگەرچی ئەم وتانە بەمانای پیرۆزکردنی رابردوو و قوربانیان و نیچە وتەنی "کاوێژی رابردوو" نین.

دوان دەربارەی قۆناغی سەرهەڵدانی شەڕی حکومەتی ئێران و بەرەی کوردی و هۆکارەکانی بەرهەمهاتنی توندوتیژی، پێویستی بەگەلێک لێکۆڵینەوەی بابەتیانە (Concret) هەیە و لێرەدا ناگونجێ، بەڵام ئەوەی وەکوو واقیع ئامادەیە ناچاریی مرۆڤە لەدوو بابەت: وتووێژو فەرامۆشی، ئێستە وتوویژ و پێکەوە هەڵکردن بۆتە ئەزموونێککی جیهانی و، مەگەر بەدەگمەن، ئەگین هەر لەپاشکەوتنخوازترین هێزەکانەوە تاکوو مۆدێرنترین هێزەکان ملیان بەوە داوە کەدەبێ چارەسەری کێشەکان بەوتوێژ بکرێت و مرۆڤ ناچارە لەوتوێژ، لەواقیعی ئەو وڵات و نەتەوەو جەنگانەشدا کەبونەتە هۆی کوشتاری تاکی و ککۆیی، بابەتی وتوێژ بەزەقی بەرزکراوەتەوە ئەفغانستان، عێراق، بەورەکانی تامیل، پارتی گرێکارانی کوردستان و.. نموونەی ئەم رەوتەن.

لەئێرانیشدا گەلێ جار باس لەوتوێژ دەکرێ و ئەم باسە تا ئاستی گفتوگۆی ژیارەکان و هەناردن و ئیکسپۆرت کردنی بیرو وتوێژیش کشاو تەنانەت دەزگایەکی بەرفرەی بۆ دامەزرا. کەچی هەر خودی ئەم تێزە لەدواییدا مێژوو بێزی یان قڵباندنێکی مێژوو بوو.

قەڵباندن بوو، بەو مانای هێشتا هەندێ کەس و لایەن لەسەرووی پرسیارەوە مانەوە، لەکاتێکدا خودی پرسیارو ئازادیی پرسیار لەبەرامبەرو لەهەموو شت و هەموو کەسێک، زەمینە خۆشکەرو میکانیزمی بەڕێوەبدرنی وتوێژو لێکبوردن و لێکخۆشبوونە. لەکاتێکدا بەلێشاو باسی گفتوگۆ و مودارا لەئێراندا دەکرا، لەکاتێکدا کەگەلی کوردو تەنانەت ئۆپۆزسیۆنی کوردی بەراشکاوی بەپیری

خاوەنانی قوربانییە، راستە بۆئەوەی بتوانین درێژە بەژیان بدەین ناچارین لەفەرامۆشی، بەڵام پێویستە بەر بەلایەنێکی فەرامۆشیش بگیردرێ. پۆل ریکۆر دەربارەی ئەرکی مێژوو نووس دەڵێ: مێژوو نووس دەبێ رێگەیەک بەرەو سارێژی (برین) لەرێگەی رامان لەبرینەوە بدۆزێتەوە. ئەو لای وایە سارێژی برینیش لەوەوە دێت کە رابوردو بکرێتە رابردوون نەک سێبەری هەمیشەیی بەسەر ئێستەدا بکێشێ(٢).

ئەو باس لەدو جۆر نەخۆشیش دەکات: نەخۆشینی زاڵمەکان کەفەرامۆشکردنی قوربانییەو، نەخۆشینی ژێردەستان کەشینی بەردەوام و دووپاتکردنەوەی شین و برینە. برین لەم حاڵەتەدا بۆتە گرێیەک لەهەناوی یادەوەریی کۆیی خاوەنانی قوربانیانداو ئەگەرچی بەڕواڵەت فەرامۆش کرا بێت بەڵام بەردەوام ئامادەی تەقینەوەی دوبارە دەمێنێتەوە.

تێزی پێشنیاریی ئەو بۆ سارێژی برینە مێژووییەکان فەرامۆشیە. ئەو دوو چەشن فەرامۆشیش جوێ دەکاتەوە: فەرامۆشکردنی قوربانیەکان کەکارێکی نەشیاوو چەپەڵەو، فەرامۆشکردن لەسایەی بەخشینی ئاینیدا. ئەو لەباسکردنی بەخشین و فەرامۆشیدا بۆ سارێژبوونەوەی برینەکان، دوو لایەن جوێ دەکاتەوە بەم جۆرەی کەنەک بێین و بۆ سارێژ داوای بەخشین بۆ قوربانیەکان بکەین، بەڵکوو بۆ دامەزراندنەوەی ئایندەو مۆڵەت وەرگرتن بۆ درێژەدانی ژیان و تێپەڕین لەکارەسات، بۆ سارێژکردنەوەی ئەو برینەی کەبۆتە گرێیەکی مێژوویی، دەبێ داوای لێبوردن لەقوربانیەکان بکەین. داوا بکەین بمانبەخشن و بیریشمان بێت کەفەرامۆشکردنی قوربانیەکان بەشێوەی یەکەمی فەرامۆشی و لەسەر شێوازی سەردەستان و فەرامۆشیی چەپەڵ نەبێت، بەڵکوو فەرامۆشی بێت لەشێوەی ئامادە کردنەوەی دوبارەی ئەواندا و وەرگرتنیان وەک واقیعێکی مێژوویی و مل دان بەتاوانباری خۆمان لەتێداچوون و قوربانی بوونی ئەواندا.

لەبیرەوەریی کۆیی گەلی کورد لەهەموو لایەک و لەئێرانیشدا قوربانیەکان بەهۆی لەبیرکردنیان و زاڵبوونی گوتاری مێژوو بێزی و قەڵباندنی مێژوو لەلایەن گوتاری باڵا دەستی ناوەندییەوە، وەک برینێک و تەنانەت گرێیەکی ئامادە ماونەتەوە، برین و گرێیەک کەقەت رۆژێک لەرۆژان بەسەر نەکراوەتەوە و بەسەرکردنەوەیەکیش ئەگەر بوو بێت لەلایەن ناوەندەوە لەسەر ئاستی فەرامۆشیی و داوای بەخشین کردن بۆیان بووەو

لەلایەن خودی کوردیشەوە تەنیا قەناعەت بەدرێژەدانی شین و لەئاکامدا مانەوەی قوربانیان لەپەراوێزداو ئامادەیی قوربانیبوونی دووبارە، کراوە.

ئێران رازی بوو بەسانایی واز لەبیرەوەریی جەنگ لەگەڵ سەددام و واز لەگەلێ بیرەوەریی ناخۆشی دیکەش بێنێ و کەچی شەڕی کوردستانی پێ فەرامۆش نەکراوە، سایسەتی ئێران دەشێ واز لەگەلێ بیرەوەریی ناخۆشی دیکەش بێنێ - کەتەنانەت تێیاندا خۆی بەقوربانی دەزانێ - کەچی ئامادە نەبێت قوربانیەکانی کورد بەسەر بکاتەوەو داوای بەخشین لەقوربانیەکان بکات. داوای بەخشین بەو مانای بابەتی ئەوان مێژوو و ئامادەییان وەک واقیع وەربگرێت و تەدارەکی ئایندەیەکی حەقیقی و راستەقینە بۆ پێکەوە گونجان و پێکەوە ژیان ببینێ. ئەوەی تائێستە لەلایەن رۆشنبیران و سیاسەتی ئێرانیەوە لە بیرکراوە بەسەرکردنەوەی قوربانیەکان و پێداچونەوەی قۆناغی توندوتیژی نواندنە بەرامبەر کێشەی کورد لەئێراندا. کاراکانی توندوتیژیی زیندوو مانەوە، رێزگیران و کەچی کەس لەقوربانیانی نەپرسییەوە، کەس لێیانی نەپرسی کەچۆن و بۆچی کوژران، کەس بەهۆی توندوتیژیەوە نەچوە دادگاو، کەس نەبووە خاوەن تاوانەکانی خۆی و لەباشترین حاڵەتدا باس لەدۆخێک دەکرێ کەهەموان تێیدا تەنیا کارمەند بوون، کارمەندانی توندوتیژی و، قەت سەرچاوەش دەسنیشان نەکرا.

لەلایەکی دیکەوە لەکەرکوکدا دەبیسین و دەخوێنینەوە بڕیارە لایەنێکی ئۆپۆزسیۆنی کوردی لەگەڵ حکومەت دانیشێت و وتوێژ بکات، دواتریش دیسان لەکولەکەدا دەبیستین کەمەرجی بەرەی کوری دانیشتنە لەفەرەنسا یان شوێنێکی دیکە، کەچی خودی ئەم هەواڵ و داواکارییەش بەکەس راناگەیەندرێت. باسەکە لێرەدا لێکدانەوەی هۆکانی رانەگەیاندن بەگەلی کورد و خاوەنانی قوربانی

**ئێستە وتووێژ و پێکەوە هەڵکردن بۆتە ئەزموونێککی جیهانی و، مەگەر بەدەگمەن، ئەگین هەر لەپاشکەوتنخوازترین هێزەکانەوە تاکوو مۆدێرنترین هێزەکان ملیان بەوە داوە کەدەبێ چارەسەری کێشەکان بەوتوێژ بکرێت**

نییە، بەڵکوو باسەکە دیسان لەبیرکردنی قوربانیانە لەلایەن خودی بەرەی کوردیشەوە. ئایا بەری کوردی نەدەبوا لەراگەیاندنێکی ئاشکرادا بۆ خەڵک ئەو هەواڵە رابگەیەنێت و لەگەڵ هەموو مەرجەکانیدا باسی چارەنووسی قوربانیانی بکات، ئەو قوربانیانەی ئەم هێزانە هێشتا لەسەر رێزی ئەوان دەژین، مەحمود دەروێش وتەنی: "لێرە گوڕستانێک هەیە، زیندوان رێزی لێوە ردەگرن".

بێدەنگی بەرەی کوردی لەئاستی قوربانیاندا دیسان چەشنێکە لەفەرامۆشی و رانەگەیاندنی شەفافی رووداوەکان هەوڵە بۆ پاوان و مۆنۆپۆلکردنی ئەوان و بەسایسی کردنی دیاردەیەکی وەک خۆ بەخت کاریی: خۆبەخت کاریی وەک تاقە رێگەی ئەخلاقیی دەرباز بوون لەدۆخێکی تراژیک. لووکاچ دەڵێ: هەرچەشنە ئامادەییەک لەدۆخی تراژیکیدا نائەخلاقییە بەڵام ئەمە بەو مانا نییە کەهیچ پێوەرێک بۆ جوێکردنەوەی چاکەو خراپە لەم ناوەدا نەبێت، ئەو پێوەرە (بۆ دەرباز بوون لەو دۆخە) خۆبەختکارییە. بێدەنگی بەرامبەر قوربانییان گومانی هەوڵ بۆ گۆڕینی ناوەڕۆکی خۆبەختکاریی دروست دەکات.

هەموو ئایندەیەکی پاک و ئازادو ژیاندۆست، ئایندەیەک کەبیەوێ لەسەر گفتوگۆ دابمەزرێت پێویستە سەرەتای خۆی بەداوای لێبوردن لەقوربانیانەوە ببەستێت و بەم جۆرەش هەوڵ بۆ سارێژی برینی خاوەنانی قوربانی بدات، جگە لەمەش چ پرۆژەیەکی سیاسی یان رۆشنبیری سەرناگرێت و کەی بۆشاییەکی هێز بێتە پێشەوە و قوربانیان بتوانن کردە بنوێنن، دیسان توندوتیژی بۆ کۆنترۆڵی ئەوان دەست پێدەکاتەوە. چما ئەمە خەسڵەتی هەموو دەسەڵاتێکە.

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

١-قەیرانی قوربانی مانای ئەو نەریتە ئوستوورەییەی کەلەکاتی سەرهەڵدانی قەیرانی کۆمەڵایەتیدا بەشێکی بەبێگانەکراوی خۆی یان بێگانەیەک قوربانی دەکات و لەم رێگەوە یەکگرتنی کۆمەڵایەتی و کۆپی بەرهەمدێنێتەوە. بەگشتی مانای چارەسەری قەیران بەتوندوتیژی پیرۆز.

٢-بۆ تیۆرەکەی ریکۆر بڕواننە: نیشانەناسی ١١ی سبتامبر، یووسف ئەبازەری موراد فەرهادپوور، وەرگێڕانی بۆ کوردی مەنسوور تەیفووری - فەرهاد ئەمین پور، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢.

٣-جۆرج، ئێمیری، جۆرج لوکاچ، وەرگێڕانی مەنسوور تەیفووری، ل ٨٠، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی ٢٠٠٤.■





کامیار حسامی

# یەکەمین سەرەک کۆماری ژن لە ئێران

□ رەفعەت بەیات، نوێنەری ناوچەی زنجان لەمەجلیسی شورای ئیسلامی و ئەندامی چالاکی فراکسیۆنی ژنان لەنێو هەمان مەجلیس (تەمەنی ٤٧ ساڵ دەبێت و خوێندکاری دکتۆرای کۆمەڵناسیە لەتاران، سەرۆکی سەنتەرەکانی بەسیجی خوشکانی ئیسلامی، هەروەها راوێژکاری جێگری سەرۆک کۆمارە بۆ کاروباری وەرزشی)، یەکەمین ژنێکە لەمێژووی ئێراندا خۆی کاندید کردووە بۆ پۆستی سەرەک کۆماری بەلیستێکی جیاو سەربەخۆ.

ماوەی هەشت خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لەمێژووی ئێرانی ئیسلامی تێدەپەڕێت و تاکو ئێستا هیچ کات ژنێک نەیتوانیوە خۆی کاندید بکات بۆ پۆستێکی لەم جۆرە، تەنانەت بۆ پۆستی وەزارەتێک نەیتوانیوە بیرێکی ئاوەها بێنێت بەخەیاڵدانی چ تاکەکەسی چ کۆمەڵایەتیشدا. ئەمەش رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەو ریزبەندیە فیقهییەی کە لەنێو سیستتمی نالایکی و ناسکولاریستیی کە فەرمارەوایە بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا، فەقیەو ئایەتوڵڵا بۆ ژن نییە... کەواتە بەهیچ جۆرێکی ژنی نائایەتوڵڵایی بۆی نابێت پۆستێکی فەرمانرەوایی باڵا وەربگرێت.



بەپێی یاسای بنەرەتی ئەم کۆمارە ئیسلامیە، لەبرگەی ١١٥، (ئەوکەسەی کە خۆی کاندید دەکات بۆ پۆستێکی لەم جۆرە پێویستە یەکێک بێت لەپیاوانی (رجال)ی بلندپایەی مەزهەبی لەو وڵاتە، تاکو ئێستاش لەنێو یاسای بنەرەتیشدا بۆ ئێرانیەکان روون نەبۆتەوە، کە ئایا واژەی (رجال) ژنانی چالاکی ئەو وڵاتەش دەگرێتەوە یان نا؟!!!!!

هەر بۆیە لەماوەی پێشتری دوو خولی دوایی هەڵبژاردنەکاندا دوو ژنی دیکە خۆیان بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان کردووە، بەڵام هیچ کات ئەم ژنانە لەمەرزی خۆیان و خەیاڵدانی خۆیان زیاتر تێنەپەڕیون بەرەو کاندیدکردنی رەسمی لەنێو دەزگا بەرپرسەکانی وڵاتدا... وەک وتمان چونکە تاکو ئێستا روون نەبۆتەوە کە ئایا ژنان دەتوانن کاندیدی رەسمی بکرێن بۆ پۆستی لەم جۆرە یان نا. ئەو دوو ژنەش هەریەک لە (ئەعزەم تالقانی و فاتیمە هاشمی) دەبن، بەهیچ شێوەیەک نەیانتوانی بەرەسمی وەک کاندیدی ئەو پۆستە ئەژماربکرێن لەلایەنە دەزگا بەرپرسەکانی دەوڵەتەوە.

رەفعەت لەگەڵ ئەوەی کەبەهێڵی تەریب بەرەوتی کارکردنی موحافەزەکاران لەئێراندا ناسراوە، بەڵام سەرنجی زۆری هەبووە دەربارەی پۆستی سەرەک کۆمار، ئێستاش بانگەشەی سەربەخۆبوونی دەکات تەنانەت لەموحافەزەکارانیش. بۆ زیاتر سەرنج راکێشانی دیدی دەوروبەرو هێنانی دەنگی زیاتر چەندین پرۆژەی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێرانی خستۆتە روو.. لەوانە ئەو پێیوایە بەهۆی سەر بەجەناح بوونی سەرەک کۆمارو پۆستە باڵاکانەوەیە کە سیستمی فەرمانڕەوایی بەردەوام لەقەیراندایە، بەردەوام تاکی سەر بەجەناحێک لەژێر فشاری جەناحەکەی خۆیدا دەبێت بۆ چەسپاندنی بیروڕای ئەو جەناحە... بۆ ئەم مەبەستە خوازیارە دەستەیەکی بەرێوەبردنی فیدراڵ (سەربەخۆ) دروستبکرێت کە تەنهاو تەنها بەپێی بەرژەوەندی میللەتی ئێران کاربکات.

دواتر رەفعەت باسی لەوە کردووە کە "ناکۆکە لەگەڵ ئەو تێزەی کە پێی وایە کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی تەواو پیاوسالاریانەو (پاتریارک)یانە بێت، لەو بڕوایەدایە کە ئەگەر بێت و ژن لەئێراندا خۆی کاندید بکات، ئەوا بێگومان دەنگی زۆر بەدەست دێنێت".

من پێم وا یە ئەم وتەیەی دوایی رەفعەت بۆ راکێشانی سەرنجی کۆمەڵگای ئێرانە بەگشتی بۆ دابینکردنی زۆرترین بڕی دەنگ و هیچی تر... چونکە خودی خۆشی دەزانێت کە کۆمەڵگای ئێران بەحوکمی سیستمی فەرمانڕەواییەکەی کە سیستمێکی تەواو دینی و شیعییە هیچ کات رێگە بەوە نادات کە ژن ئیدعای فەرمانڕەوایی و باڵادەستی بکات و تەنانەت تاکو ئێستاش پێی وانیە ژن بتوانێت هیچ جۆرە پۆستێکی باڵای هەبێت نەک لەئێستادا بەڵکو لەداهاتوشدا.... هەربۆیە ئەمەش بەشێکی دیکەی ئەو دراما سەرنەکەوتووەی سیستمی ئایەتوڵڵا دەبێت بۆ خۆ قوتارکردن لەبەدناوبوونیەوە بەتوندرەوو داخراوو تیرانی.. بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدایە خۆی بەجوانترین شێوە نیشانی دەوروبەرو کۆمەڵگاکەی بدات... دیارە هەموو ئەم نمادانەش لەروکەش زیاتر تێناپەڕن و نابنە بنەمایەکی جێگیر لەپاراستنی تاک و کۆمەڵگا بەگشتی لەو وڵاتە.■

laparakan.qxd 4/3/2005 10:37 AM Page 5



# پـەژارەی هـاوولاتـی

■ مانگرتنی خوێندکارانو تێبینییەکی بچوک.. (شنە)

■ خەمە گەورەکەی گەرمیان.. (رەنج)

■ دەسەڵاتی چوارەم هەر ناوە.. یان دەبێت لەبەرچاو بگیرێت..؟! (محەمەد)

■ تورەیی جەماوەر لە دوو ئەنجومەنی هەڵبژێردراو! (نیان)

## پواز

### دەزگای گەنجان چی بەسەر هات؟

پێویستیە هەنووکەییەکانی گەنجان بۆ دواجار دەسەڵاتو حکومەتی گەیاندە ئەو بروایەی کە بیرێک لەبارو گوزەرانی گەنج بکەنەوەو لەگەڵ گۆرانکارییەکانی تردا باری گوزەرانی گەنجیش بایەخێکی پێ بدرێت، ئەم قسەیەم لەو قسەو باسەوە سەرچاوە دەگرێت کەماوەیەک لەمەوبەرو سەبارەت بەدەزگایەکی تایبەت بەگەنجان، هەواڵێک بڵاوبوەوەو بووە قسەو باسی ناو گەنجانو ناوەندەکانی دیکەش لەشاری سلێمانیدا.

دیارە وەهاکارێک کەبەمەبەستی هاوکاری کردنو هاندانی گەنجان بریاری لێبدرێتو بەراستیش لەپێناو خزمەتکردنی ئەواندا بێت، مایەی خۆشحاڵی گەنجو سوپاسیشیانە بۆ لایەنی پەیوەندیدارو هاوکاری ئەم پرۆژەیە.

رەنگە هەمووان لەو راستییە گەیشتبن، کە گرنگە چیتر لاوانو وزەو تواناکانیان خەفە نەکرێنو هەوڵ بدرێت لەرێگاو بواری جیاجیاوە سوود لەتواناکانیان وەربگیرێت، بەئاراستەی دروستو لەپێناو پێشخستنو گەشەپێدانی کۆمەڵدا.

پێشترو لەسەر دەستی رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقو دواتریش کەمو زۆر لەسایەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانداو پاشانیش لەسایەی هەردوو ئیدارەی کوردیدا، لاوان ئەو توێژە بوون کە رەنگە زیادەرەوی نەبێت گەر بڵێین بەشی شێریان لەکارەساتو نەهامەتییەکان بەرکەوتووە.

لاوان، لەرابردوودا زۆرترینی وزەو تواناکانیان پشتگوێو خەفەکراونو ئاسەوارە خراپەکانی ئەو پەراوێزکردنەی گەنجانیش، ئێستا لەبەرچاوی هەمواندانو زەبری گەورەی لەباری کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵە داوە.

خۆ رەنگە بیرکردنەوە لەبوار بۆ خستنەگەرو تواناکانی گەنج ئەرکی دەسەڵات خۆی بێتو سوپاسی نەوێت، بەڵام من وەک گەنجێک سوپاسی هەموو جۆرە پشتیوانییەکی حکومەتو دەسەڵات دەکەم لەگەنجان. ئەوەی مایەی قسەلەسەرکردنو ئاماژە بۆ کردنە کە رەنگە قسەی گەنجانی تریش بێت، ترسی گەورەی دەسەڵاتە لەتواناکانی گەنجان، خۆ ئەگەر نا وەک هەریەک لەدەزگاکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرا دەزگای گەنجانیش لەچەند هەفتەی سەرەتادا کاستی کاراو کەسی شیاوی بۆ دابنرایەو پرۆژەکە بچوایەتە بواری جێ بەجێکردنو خزمەتکردنەوە بەلاوان.

ئەگەر حکومەت پێیوایە، تواناکانی گەنج لەئاست بەرێوەبردنی دەزگاو فەرمانگەی حکومیدا لاوازنو، ئەوە من دەڵێم بەهەڵەداچووە، ئەگەر لەکەسی شیاو دەگەرێت، گەنجی چالاکو هەڵسوراو زۆرن، خۆ ئەگەر هیچیان نا، ئەی دەزگای گەنجان چی بەسەر هات؟■

**رەنج قەرەداغی**

■ **شنە مەحمود**

ئەگەر کردنەوەی زانکۆی ئەهلی پرۆژەیەکی نوێ بێت لەکوردستاندا، ئەوا مانگرتن نەک لەناو توێژی خوێندکاراندا، بەڵکو لەنێو لاپەرەکانی مێژووی خەباتی ئەم گەلەدا وشەیەکی دیارو ناسراوە. ئامانجیش یەک لەویتر جیادەکاتەوەو جۆرو شێوازەکانی دیاری دەکات، گەر مانگرتن بەهەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەر شتێکدا پێناسە بکەین، ئەوا ئامانج بە سوودمەندی لایەنێک لەسەر بەرژەوەندی لایەنێکی تر، دەرەنجامی دەبێت.

مانگرتنی خوێندکارانی کۆلیژی (یاساو پزیشکیو ئەندازیاری)ی زانکۆی سلێمانی، بەپێی ئەو رەخنەو داواکاریانەی خوێندکاران پێشکەشی سەرۆکایەتی خوێندنی باڵایان کردبوو، داخستنی زانکۆی ئایندەی دەویست.

گەر ئەو زانکۆیە تا ئێستا دانەخرابێت یا جێگیر نەبووبێت هێندەی ئەو خاڵە گرنگە کەبوونە جێی پرسیار.

*چۆنیەتی هەڵوێست وەرگرتنی خوێندکارانو بێ متمانەیی توێژی لاوان بەتوانای حکومەت لەدامەزراندنیان بەویستی خۆیان، بێ هیوایی بەرامبەر گەشەسەندن بەجۆرێک پێیان وایە بێکاری بەرهەمی خوێندنیان دەبێت.

لاوان ئەوەندەی پێویستیان بەدەستکەوتنی هیوای دوارۆژە لەلایەن دەسەڵاتەوە داخستنی مەڵبەندێکی زانستی بەچارەسەری گرفتەکان نازانن.

* لەلێدوانێکدا سەرۆکی زانکۆی ئایندە لەگەڵ رۆژنامەی سلێمانی نوێ، باس لە ساختەکردنی فۆرمەکان بەشێوەیەک دەکات کە ئەگەر هەبێت ئەمان لێی بەرپرسیار نین (د. ولید: پێشتر فۆرمێکمان داوە بەخوێندکاران کەلەبەرێوەبەرێتی پەروەردەو خوێندنگاکانیان پڕ دەکرێتەوە، ئەگەر ساختە هەبێت لەلای ئێمەوە نییە)، هەقوایە لەگەڵ یەکلایی کردنەوەی خوێندن لەو زانکۆیەدا، چاوێک بەمامەڵەکاندا بخشێنرێتەوەو گرفتەکان لەسەرچاوەوە بنەبڕ بکرێت.

لەسەرەتای خوێندنی ئەمساڵدا بریکاری وەزارەتی پەروەردە بەرۆژنامەیەکی راگەیاند کە بەنیازن وردبینی لەبروانامەی سەرجەم کارمەندو فەرمانبەرانی حکومەتیشدا بکەنو پاکسازی ئەنجام بدەن. ئەمە لەبەرامبەر ئەگەری دروستکردنی بروانامە لەو شارانەی عێراقدا کە بارودۆخیان ئارام نییە، یا پێشتر بەبۆنەی دۆخی سیاسی هەندێک نەیتوانیوە بروانامەکانیان لەژێر دەستی رژێمدا، بەڵام ئەو وردبینییە ئەنجام نەدرا.

* ئەوەی جێی رەخنەش بێ بۆ خوێندکارە مانگرتووەکان:

١.هەقوابوو مانگرتن بۆ دانەخستنی مەڵبەندێکی زانستی بێت هاوکات لەگەڵ ئەمەدا چاک کاریو پاکسازی بروانامە، داوایەکی رەوایەو ویستی خوێندکاری زانستخوازە.

٢.ئەوانەی داوای داخستنی ئایندە دەکەن، هەر خۆیان داوای نەمانی سیستەمی قبوڵ مەرکەزییان دەکرد.

٣.ئەگەر ئێمە هەتا ئەمرۆ بۆمان نەرەخسا بێت بەویستی خۆمان بواری خوێندن هەڵبژێرین، با بۆکەسانی تری بەرەوا دابنێین.

٤.دەپرسن بۆ ئەو زانکۆیە لەسلێمانی دامزراوەو لەشارەکانی تر نا؟ ئەوە مایەی خۆشحاڵییە نەک پرسیار کە سلێمانی ئەو مەرجانەی تیادایە کەلەسەرجەم شارەکانی تردا نین، ئەم شارە بەردەوام نمونە بووە بۆ هەنگاوە پێشکەوتنخوازەکان.

٥.ناونانی خوێندکارانی ئایندە بەکوروکچی مەسئول، کەزۆربەیان پێشمەرگەی دێرینو زیندانی سیاسیوکوڕوکچی شەهیدو ئەنفالن.



بالەزانکۆی سلێمانییەوە لەدڵسۆزانی زانکۆی سەلاحەدین بپرسین، ساڵانە کوروکچی مەسئولەکانتان لەسەر بەرژەوەندی ئێوەو سامانی میللەت چەندییان دەنێردرێنە وڵاتانی ئەوروپا، بۆ خوێندن؟

کەسیش مانناگرێت، یان نازانن بۆ چەند گرفتو چەند مانگو ساڵ پێویستە! وا پێویستە بەشێوەیەکی گونجاو ترو زیرەکانەتر پێشوازی لەگۆرانکاریو پرۆژە نوێیەکان بکەین.■

■ **رەنج جەعفەر**

تا سەردانی دەڤەری گەرمیان نەکەیت، نازانیت رژێمی بەعسی بەسەرچوو چی بەکورد کردووە، کارەساتی ئەنفال ئەو زامە قوڵەی گەرمیانە بەئاسانی سارێژ نابێت، تاک و تەرای ئەوانەی لە شاڵاوی ئەنفال رزگاریان بووە. ئێستا دێیەکانیان ئاوەدانکراوەتەوە، هەرچۆنێک لەم خەڵکە دەروانیت، خەم لەچاوانیان دەخوێنیتەوە، هاورێیەکەم لە پیاوێکی گوندی سماقی گەرمیانی پرسی: کێ یەکەم کەس هاتەوە دێیەکەتان؟ کورە وتی: من یەکەم کەس دوای راپەرین هاتمەوەو هەستم بەخۆشیەکی یەکجارگەورە کرد، هاورێیەکەم ووتی ئەی ناخۆش نەبوو ئێوە کەستان نەماوە؟ وتی: با بەڵی ناوخۆش بوو. لەو کاتەدا لەبەردەم دارو پەردوویەکی روخاوی کۆن وەستا بووین، کاکی گەرمیانی ووتی: (ئەوە پاشماوەی خانووی ماڵی مامەمە) لەئەنفالدا کەسیان نەگەرانەوە هەموویان تیاچوون.. لەسەردانێکی تری گەرمیاندا لەگوندی (مەنسور ئەلکان)دا، پرسیاری نەخۆشیمان کرد، رێژەو رادەی چەندەو چۆنە، یاریدەدەری پزیشکی بنکەی تەندروستی ئەوێ، لەگەڵ باسکردنی نەخۆشیەکان باسی دیاردەیەکی نا تەندروستی کرد کە زۆر لەو نەخۆشیانەی دێت بۆلایان نەخۆشییەکی دیاریکراویان نییە چارەیان بۆ بنوسین، گیانی دێشێ، خۆیشی نازانێ کوێی دێشێ، ئەوە نییە ئەو نەخۆشییەت بۆ دیاری بکرێتو دەرمانی دیاریکراوی خۆی بۆ بنوسیت.

لەروونکردنەوەی ئەم یاریدەدەرەوە بۆم دەرکەوت، ئەونەخۆشانە توشی نەخۆشی سایکۆسۆماتی بوون، واتە کارەساتی ئەنفالو دیاردەی مردنی منداڵ بەبەرچاوی دایکو گوللە باران کردنو ئازاردانی دەروونی لە جیاکردنەوەی منداڵو ژنو پیاو، هەروەها برسی کردنو جل لەبەر دارنین. ئەم دیاردانە هەمووی پرسگەی پێش ئەو مردنە بەکۆمەڵانە بوون کە خۆی لەگۆری بەکۆمەڵدا دەبینێتەوە کە بەهەڵکەوت کەسێک یان دوانی تیادا دەرچووە. کەگێرانەوەی کارەساتەکانی لەدەمی خەڵکی دەڤەری گەرمیاندا ئەو دەمو ئەو دەم دەکات. دوای ئەو هەموو کارەساتە جەرگبرو دڵتەزێنانە، شوێنەوارێک جێ دەهێڵێت لەدەروونی ئەوانەی لێی رزگار دەبن، چ ئەوانەی ئەنفال کاسی کردن بەلەدەستدانی خوشکو براوکەسوکارتا مردن بەدەم ئازارەوە دەمێنێتەوە، هۆکارە دەروونیو کۆمەڵایەتییەکە ئەوەیە، هەرچییەک بکەین ئەوکەلێنە گەورەیە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیورۆحیەکانی ئەوان پڕ ناکاتەوە.

ئەگەر رۆماننوسێک گوێیان لێبگرێ، دەبێت چ شاکارێک بنوسێ، ئەگەر شاعیرێکی رۆمانسی گوێ بۆ هەنسکی منداڵە گەرمیانییەک هەڵخاتو بەچاوەکانی ببینێ لاوکی هەڵقرچانی دەروونی ژنانی گەرمیانی چ ئازارێکی بێکۆتایە، دەبێ چ دونیایەکی رۆمانسی وێنا بکات؟!.■

■ **محەمەد رەزا**

لەدوای ئەو ئازادییە بەرفراوانو رەهایەی لەکوردستانداو لەدوای بەرپاکردنی راپەرینەوە بۆ جەماوەری گەلەکەمان فەراهەم کراوە.

خەسڵەتی رۆژنامەگەری وەک دەسەڵاتی چوارەم، توانی خۆی لەئازادکردنی دوای راپەریندا بخولقێنێتو چەندان رۆژنامەنوسی لێهاتوو، کارا بۆ ئەم گەلە بێنێتە بەرهەم، ئەوەشی کە زۆر گرنگەو تەوەری ئەم باسەمانە، کەپێویست دەکات قسەی لەسەر بکرێت، لەبەرچاونەگرتنی یان فەرامۆشکردنی سەرنجو راوبۆچوونی سەد دەر سەدی ئێستای ئەو رۆژنامەنوسو نوسەرانەی کەموکورتی دامودەزگا حکومیو حزبیو حکومیەکان بەدڵسۆزییەوە دەخەنە پێش چاوی لێپرسراوەکانیانو لەنوسینەکانیاندا بەناو کێشەی هاوولاتیاندا شۆر دەبنەوە..

رەنگە لەوبارەیەوە تاکو ئێستا سەدان رێپۆرتاژو گۆشەنوسینو لەو هەموو رۆژنامە دەرچوانەدا بڵاوبووبێتەوە کە لەم شارەدا رۆژانەو هەفتانە دەردەچن، بەتایبەتی هەندێک رۆژنامە کەزۆربەی لاپەرەکانی تەرخان کردووە، بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام لەم دواییانەدا وەڵامی لێپرسراوان نەک هەر کەم بۆتەوە، بەڵکو هەر نەماوە. بۆ زۆر کێشە سەردانی چەندین هاوولاتیم کردووە، وەک رۆژنامەنوسێک خۆمم پێ ناساندووە، پێی گوتوم کاکە خۆت هیلاک مەکەوکەس وەڵامی رۆژنامە ناداتەوە ئێستا، من وەک رۆژنامەنوسێک، وەک دڵسۆزییەک بۆ هەمووان.

پێم باشە ئەم رەخنەیە لەسەرەوە تاخوارەوە ئاراستەی بەرپرسان بکەم، کەماوەیەکە لەسایەی راپەرینو رزگارکردنی سەراپای عێراق لەدەستی حکومی فاشستو دیکتاتۆریەت ئەم گەلە تا رادەیەک ئاهێکی بەبەردا هاتۆتەوەو پشوویەکی داوە، لەبری ئەوەی بەرپرسان زیاتر گوێ بۆ داخوازییەکانی هاولاتیان رابگرن.

کە جۆشدانی شۆرشی نوێی گەلەکەمان سەردەمانێک بووهاوولاتیانی ئەم گەلە بەگشتی وەک داینەمۆیەکی بزوێنەر کاریان بۆ سەرخستنی دەکرد، کەچی لەئێستادا وەک پێویست داخوازییەکانیان لەبەرچاو ناگیرێت.

ئەگەرچی راشکاوانەو چەندین جاریش لەسەر لاپەرەی رۆژنامەکان رۆژانە رووبەروویان دەکرێتەوە، بۆیە پێویستە هەمووان بەگشتی بۆ لەمەولا داخوازی هاولاتیانو کێشەکانیان لەبەرچاو بگرنو ئەرکو ماندووبوونی رۆژنامەنوسانیش بەهەند وەربگرنو کاری جدی لەسەر بکەن.■

> **ئەگەر حکومەت پێیوایە، تواناکانی گەنج لەئاست بەرێوەبردنی دەزگاو فەرمانگەی حکومیدا لاوازن، ئەوە من دەڵێم: بەهەڵەداچووە.**
>
> رەنج قەرەداغی

> **لاوان ئەوەندەی پێویستیان بەدەستکەوتنی هیوای دوارۆژە لەلایەن دەسەڵاتەوە داخستنی مەڵبەندێکی زانستی بەچارەسەری گرفتەکان نازانن**
>
> شنە مەحمود

> **ئێستا خەڵک دەپرسن، بۆچی لەپاش زیاتر لەدوو مانگ لەپرۆسەی هەڵبژاردن، ئەنجومەنی پارێزگا نەکەوتنە کار**
>
> نیان



■ **نیان**

لەپرۆسەی هەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا، خەڵک دەچوونە سەر سندوقەکانی دەنگدانو پێنج ساڵ لەمەوبەر، ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانییان هەڵبژارد.

دیارە لەماوەی ئەو پێنج ساڵەدا، ئەو ئەنجومەنە کەم تا زۆر خاوەنی کۆمەڵێک کاروپرۆژەی خزمەتگوزاری شارستانی بوونو جێ دەستیان بەجوانیو رازاوەیی سیمای شارەکانەوە دیاربووە، بەتایبەت لەشاری سلێمانیدا، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە تەواوی دانیشتوانی ئەم شارەیان لەکاروپرۆژەکانیان رازی کردبێتو هەندێ گەرەک لەماوەی ئەو پێنج ساڵەدا کەمترین پرۆژەی خزمەتگوزارییان پێ گەیشتووە.

بەهەرحاڵ، ئەم ئەنجومەنە وادەی یاسایی خۆی تێپەراندو بەهۆی پرۆسەی ئازادیو گۆرانکارییەکانی عێراقەوە زیاتر لە ساڵێکە وادەکەی درێژکرایەوە، خەڵکیش لەکەموکوری کاروپرۆژە خزمەتگوزارییەکاندا شارەوانی بەبەرپرس دەزانێو سکاڵاکانیان رووبەرووی ئەنجومەنی شارەوانی دەکردەوە.

ئێستاو لەپاش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانو دەنگدانیان بۆ ئەو ئەنجومەنە، خەڵک ئەوەندەی ئەنجومەنی پارێزگا بەبەرپرسو خەمسارد دەزانێت لەبەرامبەر کەمتەرخەمییەکان، ئەوەندە لەئەستۆی شارەوانی نابینێت.

بۆیە من دەڵێم، ئەگەر ئەنجومەنی پارێزگاکان هەرچی زووە نەکەونە خۆیانو بەرپرسیارێتی راپەراندنی ئەرکو مەهامەکانیان نەگرنە ئەستۆ، ئەوا خەڵکی ئەم شارە، چیتر متمانەیان پێ ناکەنو خۆزگە بە ئەنجومەنی شارەوانی دەخوازن بەهەموو باشیو خراپیەکانیشیەوە.

ئێستا چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری لەشاری سلێمانیدا کاری سەرەتاییو تێکدانیان دەستی پێکردووەو بەناتەواوی وەستاون، کەئەمە بێزاریو سکاڵای خەڵکی زیاد کردووە، نە شارەوانیو نە پارێزگاو نەحکومەت، هیچ لایەنێک نییە خۆی بکاتە خاوەنی ئەم شارەو لە بەڵێندەری ئەو پرۆژانە بپرسێتەوە، کەلەپای چی پرۆژەکان بەناتەواوی وەستاون.

ئەمە وای کردووە کەتورەیی خەڵک لەهەردوو ئەنجومەنی شارەوانیو ئەنجومەنی پارێزگا بگاتە ئاستێکی زۆرو هەندێک جارولای زۆر کەس پەشیمانی لەدەنگدان بەو ئەنجومەنانە، ئێستا دەپرسن بۆچی لەپاش زیاتر لەدوو مانگ لە پرۆسەی هەڵبژاردن، ئەنجومەنی پارێزگا نەکەوتنەکار؟ هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنە بۆچی بوو؟ ئەرکیان چییە؟ ئەگەر شارەوانی بەرپرسی شارو خزمەتگوزارییەکانیەتی بۆ لەمەودواش، ئیدی ئەنجومەنی پارێزگا بۆ؟ ئەگەر ئەنجومەنی پارێزگا بەڵێنەکانی بەر لە هەڵبژاردن بەو جۆرە جێ بەجێ دەکات کەلە دوو مانگی رابردوودا نمونەکەی پێشکەش کردووە، بۆ نەڵێین: خۆزگە بەئەنجومەنی شارەوانی؟

هەربۆیە، کەمتەرخەمی زیاتری لایەنە پەیوەندیدارەکان لەبەرامبەر پرۆژە خزمەتگوزاییەکاندا، جگەلە بێ متمانەیی خەڵک بۆ هەڵبژاردنەکانی دیکە، ئەگەری تورەییو هەڵچوونی جەماوەریش زۆرتر دەکات.■

# خوێندکارو توندو تیژیو مامۆستا

**عوسمان عەبدولڕەحمان**

□ توندو تیژی بەرەنجامی (کلتورێکە) کەپڕاوپڕە لەرەفزکردنو گوێ نەگرتنو گەرانەوەیەکی رەها بۆ (یاسا مێژووییەکانو یاسا خۆییەکان)و بەپیرۆز سەیرکردنی ئەم یاسایانەو نەتوانینی گۆرانکاری تیایاندا لەبەر هەر هۆیەک بێت، نەبوونی کەسی رەخنەگر، شەرعیەتدانو بەپیرۆز سەیرکردنی (تقدیس) کردنیو تواندنەوەی گشت ئیرادەکان تەسلیم کردنی بە بیرکردنەوی (تاکێکی) کۆمەڵ لەژێر ناوی سەرۆک، یاخودا لەژێر هەر ناوێکی تردا..

ئەم تێزە بیرکردنەوەیەش، لەخۆراو بێ بنەما نییەو بەبێ بوونی رەگێکی ریشەیی نایەتە گۆرێ، گەر ئایدۆلۆژیایەک یاخود فەلسەفەیەک یاخود هەر سەرچاوەیەکی تر، کەدەبێتە میتۆد بۆ ئەم ئەدکارو عەقڵیەتە، پاشانیش دەبێتە ئاکاری رۆژانەو مامەڵەکردنی تاکی کۆمەڵ پێی، کۆمەڵێک ویستە مرۆییەکان لەبەرچاو نەگرێ، نەیکاتە سەرچاوەی یاساکانی بەرێوەبردن.. پشت بەویستە وەهمیەکان ببەستێت.. چ یاسایەکی (زمنی) بەرێوەی نەبات.. ئەوا ئەو کۆمەڵگایە نەک ناتوانێ چارەنووسی خۆیی بەکراوەیی ببینێ، بەڵکو هەمیشە لەپاشەکشێیەکی بەرچاودایە، چونکە لەهیچ ساتەوەختێکی ئەم ماوەیەدا ناتوانێ پرسیار لەپێکهاتە کۆمەڵایەتیەکەی خۆی بکاتو ناتوانێت بەچاوێکی رەخنەوە تەماشای بەها باوەکان بکات، هەربۆیە دەبێتە پاشکۆی گۆرانکارییەکانو سێبەری ئەوانی تر.. لێرەوە دەبێتە لاسایی کەرەوەیەکی نابینای سیستەمە پێشکەوتوەکانو پێیەکانی لەسەر واقیعی خۆی دەبرێو ئەوجا لەسنورێکی گوماناویدا دێتو دەچێ..

بەم جۆرە کۆمەڵێکی داخراو بینا دەکرێ (گشت کایە مەعریفیەکان لەرەوتی مێژوویی خۆیاندا بەلارێدا دەبرێن)، چونکە تاکی کۆمەڵ تەنهاو تەنها رۆڵی بینەر دەبینن.

چاوەروانی ئەو یاسایانە دەکەن کەلەسەروو خۆیانەوە رووتووش دەکرێو بەبێ ئەوەی ئەمان هیچ راوێژو بریارێکیان لێوەربگیرێ یاخود وەرگیرابێت.

هەربۆیە، چاوەروانی گۆران لەم جۆرە کۆمەڵانەدا زۆر سستو لاوازەو تەنها (رووکەشە)، گۆران بەرووخاندنی ئەو دیوارانەیە کەبەرئەنجامی کلتورێکی درێژ خایەنە، لەگەڵ کەلێن خستنە ناوییەوە، گۆران بەسەر گشت کایە مەعریفیەکانو تێروانیەنەکانی تردا دێنو سەرەنجام گشت جومگەکانی کۆمەڵ بەشێوەیەکی دینامیکیانە کار لەیەکتر دەکەنو یەکتر دەجوڵێنن. لێرەدا دەبێ هەڵوێستە بکەین لەسەر جۆری ئەو کۆمەڵو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانو ئابووریەکان، هتد. ئەوجا داخوازی بکرێ بۆ هەڵوەشاندنەوە.

پێویستە کۆمەڵێکی داخراو لەکۆمەڵ (ئۆتۆنۆم) جیابکرێتەوە، چونکە کۆمەڵی ئۆتۆنۆم، کارکردن لەسەری ئاسانترە، پێکهاتەی لەسەر بنەمای کارلێکی (دەستە جەمعییە) واتە تاکەکان هاوبەشی دەکەن لە دانانی یاساگەلەکانی ژیان بەواتایەکی تر سوود لەئازادییە سروشتیەکان وەردەگیرێ کە دەبێتە سەرچاوەو فەراهەمکردنو پیاداچوونەوە لەیاسا باوەکانو دارشتنەوەی یاسای دی، کە بگونجێ لەگەڵ داواکارییەکانی سەردەم.

دارشتنەوەی تاک بەشێوەیەکی سەردەمیانە، بۆیە داهێنان لەم جۆرە کۆمەڵەیەدا (داهێنانێکی هاوبەشە) چاوەروانی گۆرانکاریو رێکخستنەوەی سیستەمەکانو کارکردنیان چانسێکی زیاتری هەیە.

چونکە بەشداری تاک لەدروست کردنەوەو دارشتنەوەی یاسای پەیوەستدارەکان بەکۆمەڵەوە، گەرانەوەی ئیرادەیەکی لێسەندراوە یاخود خەفەکراوە کە بەها باوەکانو (دەقە پیرۆزە بڤەکان) بەبناغەیان گرتووە سنوری بۆ حەزو ئیرادەی تاک داناوە.

زەمینە سازکردنو مەیدانێکی لەبارتر بۆ هەڵوەشاندنەوەی خەسڵەتە باوەکان لەزهنیەتی تاکدا، بوارێکی بەرفراوانتر بسازێنرێ بۆ تاک، تاکو بەشێوەیەکی سیستماتیک لەگەڵ دەسەڵاتدا کارلێکی سروشتی خۆیان بەئەنجام بگەیەننن کە وەڵام دانەوەی قۆناغەکەی خۆی بێت.

واتە کارکردن لەسەر کاڵکردنەوەی ئەو راستە هێلانەی کە ئەملاولا کردن لەسەری باجی گەورەی پێویستە، لەهەنگاوی یەکەمدا.

تاکو ئەو هێڵە دەق بەستوانە لە زهنیەتی گشت کۆمەڵدا پەرت پەرت نەکرێ، ناتوانرێ کۆمەڵو سیستەمێکی تەندروست بێتە گۆرێ، ناشتوانرێ داوای گۆرانی ریشەیی بکرێ تەنانەت لەبچوکترین بواردا.

بەواتایەکی تر (ناتوانرێ بەراگەیاندنی گۆرینی یاسایەک) یاخود بەبەرنامەیەکی کەناڵێک لەکەناڵەکان ئەو پەیوەندییە باوانە بەئاسانیو سادەیی هەڵبوەشێنرێتەوە.

بۆ نمونە: شوێنی ئافرەتو پەیوەندی ئافرەت بە کۆمەڵەوە، بەرەنجامی کلتورێکە کە دین کۆڵەکەیەکی گرنگە لەدروست کردنیدا، بۆیە دەقە پیرۆزەکان هۆکارێکی گرنگە لەدروست کردنی کەسایەتیو عەقڵیەتو تەرزی بیرکردنەوە.

هەروەها ئەو پەیوەندییە بەرەنجامی ژێرخانێکی دواکەوتووی سستە، بۆیە ناکرێ بەبریارێک ئەو پەیوەندییە هەڵبوەشێنرێتەوە یاخود جێگۆرکێ بەشوێنی بکرێ.

لەم سەرەتا کورتەوە دەچمە ئەو هەوڵانەی لە کەناڵەکانی تەلەفیزیۆنەکانەوە دەدرێت بۆ دروست کردنی پەیوەندییەکی نوێ لەنێوان خوێندکارو مامۆستادا، پەیوەندییەک، کەرەنگدانەوەی سیستەمێکی پەروەردەیی مۆدێرن، واتا تیایە تاک بەشداری کاریگەری هەیە لەدروست کردنی برگەکانی یاسا گەلەکانی خوێندن، بواری رەخنەگرتنی بۆ فەراهەم کراوەو لەپێشنیارەکانی دەگیرێت.

وروژاندنی مەسەلەیەکی هەستیاری وا بەتەنها، چ پێشبینی گۆرانکاری لێ ناکرێت..! چونکە مامۆستاو خوێندکار هەردووکیان تاکی یەک کۆمەڵن، پێکەوە دووکۆڵەکەی گرنگی سیستەمی خوێندنن.

کەئەم سیستەمەش بەدەر نییە لە سیستەمەکانی تری کۆمەڵ ئەویش بەشێوەی ئەوان لەمنداڵانی کلتورێکو ژێرخانێکی دواکەوتوودا، هاتۆتە دەر.

بۆیە ئەگەر بخوازرێ جێگەکان ئاڵوگۆرِی بەسەردا بکرێ، پێویستی بەهەنگاوی زانستیو گۆرانی ریشەیی لەخودی خوێندنو سیستەمی پەروەردەییدا هەیە.

ئەوەی رەچاو دەکرێ لەم بەرنامە تەلەفیزیۆنیانەدا، بەتایبەت بەبەرامبەر دانانی هەردوولا خوێندکارو مامۆستا لەدوو سەنگەری جیاوازدا بەبێ رەچاو کردنی هیچ پێشینەیەکی داروخاو لەم پرۆسەیەدا.

یەکەم/ لێک ترازاندنێکی بێ بەرنامەیە لەنێوان پەیوەندیەکانی نێوان مامۆستاو خوێندکاردا، بۆیە پەیوەندیەکی دژ بەیەک، زیاتر دروست کردنی دووبەرەیە دژ بەیەکتر، لەچاڵ خستنی زمانی گفتوگۆیەو تاوانبارکردنی یەکتر.

خۆ بەراست زانینو بێ کەموکوری، خەسڵەتێکو رەگەزێکی گرنگە لەکلتوری ئەم دەڤەرە، نەک هەر لەم بوارەدا ئەم تێزە دەبینرێ، بگرە لەبوارەکانی تری بەرێوەبردندا بەهەمان شێوە هەریەک خۆی بە راستتر دەزانێتو ئامادە نییە بەرامبەرەکەی لەخۆی بەباشتر بزانێتو گوێی بۆ بگرێ.

پرسیار لێرەدایە، وەڵامیش لەخودی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدایە بەسانایی تاکی دیموکرات بوونی نییە، تاکی خۆ فەرزکەر بەزەقی بوونی هەیە، کەواتە لەکاتی وروژاندنی بابەتێکی هەستیاری وادا پشتگیرکردنێکی نازانستی، نا ئارامییەک پەیدا دەکات. بەکارهێنانی کێشەکانە بەرووکەشیو سۆزدارییانە، کەزۆرجار مەبەستی تایبەتی لەپشتەوەیە کە دەبێتە نانەوەی ئاشوبو سەنگەر لەیەک گرتن.

تاووتوێکردنو بەدواداچوونی لەسەر دیاردەیەکی (مزمن) لەکۆمەڵدا، بەتەنهاو دابراندنی لەجومگەکانی تری کۆمەڵگەو بتەوێ کاری لەسەر بکەیت بەبێ گەرانەوە بۆ رەگو ریشەی دیاردەکە، ئەوا مانای بازدانە بەسەر واقیعی کۆمەڵو جگەلەوەی سوود ناگەیەنێ، دەبێتە دروست بوونی حاڵەتی خلیسکاندن، سەرەنجام ئاڵۆزاندنی ئەو پەیوەندییانەی کەرەنگدانەوەی کلتورێکی درێژخایەنە. بەبێ ئەوەی جێگرێک (بدیل) بۆ ئەو پەیوەندیانە بێنێتە گۆرێ، بۆیە کاتێک باس لەدیاردەی توندوتیژی دەکرێ پێویستە کۆمەڵگە بەکۆمەڵ بخرێتە ژێر رەخنەوەو گشت سیستەمەکانی چاوی پیادا بخشێنرێتەوەو سەرلەنوێ نەخشەی نوێ بۆ پەیوەندیەکان دابرێژرێتەوە؟!

بێگومان هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستەمانە کارێکی هێندە ئاسان نییە، بە دوو سێ دیدار لەگەڵ ئەمو ئەودا ئەنجام گیر بێت، چونکە گۆرانی کۆمەڵ گۆرانێکی گشتگیرە لەسەرجەم بوارەکاندا.

تەنانەت لەکاتی خستنەژێر نەشتەری رەخنەو هەڵسەنگاندنو هەوڵدان بۆ گۆرین، پێویستە شیکردنەوەیەکی هەمە لایەنە بۆ رەگەزە بەشداربووەکان بکرێ، بۆ نمونە خوێندکار، وەک تاکێک لەم کۆمەڵگەیە لە قۆناغەکانی خوێندنیدا کاری جدیو زانستیو ئامادەکردنی وەک رەگەزێکی سەربەخۆ لەسەر نەکراوە، شۆر نەبوونەتەوە بەناخیدا، پرسی پێ نەکراوەو گوێی لێنەگیراوە، حەزو ئارەزووەکانیان خەفەکراوە، بۆیە توشی هەندێ گرێی دەروونی بوون، گەر خوێندنەوەیەکی سایکۆلۆژیانەیان بۆ بکرێ (ئەودیو هەستیان) شی بکرێتەوە، پارچەیەک لەنارەزاییو تورە بوون دەبینرێ، بەکورتی (خوێندنەوەیەکی شارستانیانەیان بۆ نەکراوە). بگرە هاتنە دەرەوەیان لەخێزانەکاندا خەسڵەتو تایبەتمەندی جیاواز لەیەکتریان بۆ دروست کردوون. تەنانەت دیدگای خوێندکارێک لەگەڵ خوێندکارێکی هاورێی بۆ خودی بابەتەکانی خوێندن جیاوازی هەیە.

زۆرجار لەگێرمەو کێشەی وادا دێتە دەر سەرتاپا جەستەو فیکری (معاناتە)، بۆیە پێویستە حساب بۆ کەسایەتیەکی وا ئاڵۆزو شێواو بکەیت، مامەڵەکردن هەروا سادە نییە، بێتو بەوروژاندنی گرێیەک یاخود گرفتێک، بتەوێ گشت ئەو (معاناتە) بکەیتەوە بەسفر، بۆیە زۆرجار ئەم (معاناتە) وای لێدەکات بەبێ هۆ ئەم کەناڵە هەڵبژێرێو لەوێوە بەرەیەک لەو دووبەرەیە هەڵبژێرێ، بەبێ ئەوەی حساب بۆ چەندایەتی یان چۆنایەتی خاڵە ئەکتیڤەکانی بکاتو چەند لەبەرژەوەندیەتی.

دووەم/ ئایا کۆمەڵەو رێکخراوە خوێندکارییەکان کاریان چییە؟! لەچ جۆرە کۆمەڵگەیەکدا بوونی کردەییان هەیە؟! چ جۆرە پێناسەیەکیان بۆ بکرێ؟!

لەکاتێکدا توێژێکی وەک خوێندکار لەرێکخراوێکی خوێندکاریدا کۆدەکرێنەوە، تەنها مەبەست داکۆکی کردنە لەبەرژەوەندییەکانو چارەسەرکردنی کێشەکانیانە لەکاتی روودانیاندا..؟!

ئەمەش بنەمایەکی سەرەتایی بۆ دروست بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە گشت چینو توێژەکان لەرێکخراوێکی تایبەت بە خۆیاندا، کۆبکرێنەوە. ئیتر لێرە ببنە چاودێر بەسەر نێوەندە بریار بەدەستەکانو رایەڵی پەیوەندی بەدەسەڵاتەوە.

لێرە، ببێتە زمانحاڵی ئەو توێژە یان ئەو چینەی نوێنەرایەتی دەکات. ئایا بەتەنها بوونی ئەم رێکخراوە (کە رێکخراوی خوێندکارییە) بەسە؟! یاخود هەوڵدان بۆ کاراترکردنیانو لەمپەر نەخستنە بەردەمیانو پەراوێز نەکردنیان، هەوڵی کردەیی دەوێ.

تاکو لەو قاڵبە چەق بەستووە، دیکۆرییە رزگارییان ببێت؟! بەڵام لەکاتێکدا کەناڵێکی تەلەفیزیۆنی باز بەسەر ئەم رێکخراوە خوێندکاریانەدا بداو، هیچ گرنگیەکی بۆ دانەنێتو زۆر بەسادەییو بەئاسانی ببێتە دەم راستی کێشەکانی خوێندکاران، کەواتە رێکخراوە خوێندکارییەکان چ بوونێکیان پێویستە؟! بوونیان چ مانایەکی هەیە؟!

گەر ئاراستەی گرفتو کێشەکانیان، کەناڵو بێژەرەکانو ئامادەکەرەکان دیاری بکەن، ئیتر چ پێویست بە رێکخراوەکان دەکات، ئیتر بۆ باس لەکۆمەڵگەی مەدەنی بکگرێ؟ ئیتر چۆن چاکسازی لە پەیوەندیەکاندا بکرێ؟

کەپێویست وایە لەگەڵ هەر کێشەیەکی خوێندکاراندا، نوێنەرایەتییان بێتە وەڵام، تا متمانەیەکی دوو سەرە لەنێوان خوێندکارانو رێکخراوەکانیاندا دروست ببێ.

بۆیە لێرەدا دیسان دێمەوە سەر بابەتی نەبوونی تاکی دیموکراتو بوونی تاکی خۆ فەرزکەر. من هەم... گەر من نەبم.. کەسێکی وا نییە..؟!

ئەم وەهم دروست کردنە، خەسڵەتی کۆمەڵەیەکە، کە تاک تیایدا تووشی (نەرجسیەتی) وا دەبێت کە جوانیو چاکیو راستی تەنهاو تەنها لەخۆیدا دەبینێ، هیچ بوارێک بۆ کەسانی تر ناهێڵێتەوە واتە پاوەن کردنی ئەو بوارەی کاری تیادا دەکات.

بۆیە وروژاندنی بابەتە هەستیارەکان، تەنها گواستنەوەیەکی بەپەلەی چواردەورە، ئەو چواردەورەی کەسیتەمی پەروەردەیی بەگرنگترین کۆڵەکەکانی ژیان دادەنێتو هەر لەقۆناغەکانی پێش سەرەتای تا دوا قۆناغ، بەشێوەیەکی میتۆدی کار لەسەر دروست کردنی کەسایەتیو ستایلی بیرکردنەوەیان دەکەن. قۆناغ دوای قۆناغ لەگەڵ هەڵچوونی تەمەنیدا گەشە بە زهنیەتو چۆنیەتی بیرکردنەوەی دەدەن، چونکەلە سیستەمە دیموکراتیە گەشە کردووەکاندا، کایە مەعریفیەکان ئاراستەی سروشتی خۆی وەرگرتووە، کارەکان دابەشکراوە بەرپرسیارێتیش لەناخی گشتدا ئامادەگی تەواوی هەیە، بۆیە هەڵوێستە وەرگرتنو هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی ناباو هێنانە کایەی شێوازێکی نوێ کە دژ بێت لەشێوازەکانی رابردوو، کارێکی هەمەلایەنەو پێویستی بەمیکانیزمێک هەیەکە رۆچێتە گشت بوارەکانەوە کار لەسەر گشت جومگەکانی کۆمەڵ بکات. کۆمەڵ یەکەیەکی تەواوە (وحدە متکاملە) گشت پەیوەندییەکان وابەستەی یەکن. یەک لەسەرئەوی تر فشاری هەیە، بۆیە ناکرێ بەشێک وەربگرین بەرەهایی بڵێین هەوڵ دەدەین ئەم جومگەیە بگۆرین.

سیستەمی پەروەردە کە یەکێکە لەو خاڵە هاوبەشانەی کە کۆمەڵ راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ پەیوەندی پێوە هەیە، ئەم سیستەمەش پەیوەندییەکی

**لەکاتێکدا کەناڵێکی تەلەفیزیۆنی باز بەسەر ئەم رێکخراوە خوێندکاریانەدا بداو، هیچ گرنگیەکی بۆ دانەنێتو زۆر بەسادەییو بەئاسانی ببێتە دەم راستی کێشەکانی خوێندکاران، کەواتە رێکخراوە خوێندکارییەکان چ بوونێکیان پێویستە؟! بوونیان چ مانایەکی هەیە**

ئۆرگانی بە جۆری دەسەڵاتو چۆنیەتی بەرێوەبردنو رادەی بوونی ئازادییەکانو ژێرخانی کۆمەڵو فەراهەم کردنی گشت پێداویستیەکانی خوێندنو خوێندکارو، ئەمانە پێکەوە فەزایەکی ویستراوە بۆ هێنانو بردنی کێشەکانیانو قسەکردن لەسەری، دیاریکردنی جۆری پەیوەندی نێوان توخمە بەشداربووەکانی ئەم سیستەمە.

بەپێچەوانەی ئەم فەزا ویستراوە، (٣٥) ساڵ سیستەمی پەروەردەیی لەخزمەتی تاک حزبێکدا بووە، لەژێر رێنماییەکانی ئەو حزبەدا گشت دورنما زانستیو فەلسەفیو ئینسانیو پەروەردەییەکانی لەدەست دابوو. لەپاش راپەرینیش گۆرانکارییەکی ئەوتۆ لە سیستەمی خوێندنو پەروەردەدا نەکراوە، چونکە لە جومگە ژیارییەکانی تردا گۆرانکاری ئەوتۆ نەکراوە.

خوێندنگەکان، هەمان خوێندنگەیە، لەسەر شێوە ئەندازیاری سەردەمی پێشوو، بەبێ گۆرانکاری، زیادکردنی باخچەو تەنانەت رەنگی پۆلەکان هەر رەنگە باوەکانە.

شێوازی دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکان، بەهەمان شێوازی دابەشکردنی پێشوو، بەرێوەبەر، جێگری بەرێوەبەر، مامۆستا... ئەوانیتر. ئەم جۆرە دابەشکردنەش هاوشێوەی دابەشکردنەکانی تری پێکهاتەو ئۆرگانەکانی کۆمەڵگایە، کەلەسەر بناغەی دەسەڵاتی زیاترو بەرفراوانتر بۆ کەسی یەکەم، کەلوتکەی دەسەڵاتە، فەرمان دەرکەرەو ئەوانی تر گوێگرو جێبەجێکەر. ئەمە وەکو پەیژەی دەسەڵات.

خوێندکار.. هەر هەمان تاکی حەز، خەفەکراو.. شەرمنو راڕا، سەرکوت کراوو ئابڵوقە دراو، بەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیە باوەکانو ترس لە ئاشکراکردنی نهێنییە ئینسانیەکانی.

مامۆستا.. بەهەمان شێوەو ئامادەکردنی بۆ ئەم ئەرکە.. بە پرۆسەیەکدا تێ دەپەرێت کە (٣٥) ساڵ تاک حزبێک بەگوێرەی خواستو مەرامەکانی خۆی، ئەم توخمە گرنگەی ئامادە دەکرد، کەگۆرانگارییەکی ئەوتۆ نەکراوە لەم پرۆسەی ئامادەکردنەدا.

خوێندنیش.. هەر هەمان میتۆدەوە، لاپەرەی کتێبەکان پڕە لە مێژوویەکی گوماناوی، دوور لە خەسڵەتو تایبەتمەندی تاکی ئەم گۆمەڵگەیە، تەنانەت وێنەکانیش، یادگارییە تاڵەکانی زەمەنێکی پڕلە شووم نیشان دەدات، ئێستاش ئەو وێنانە ئەو زەنگە شوومەیە کەلە زهنیەتی خوێندکارانی ئەم سەردەمەش دەدات، چەندەها پرسیاری لا دروست دەکات.

ئیتر چ گۆرانکارییەک روویداوە، تاکو داوا بکرێت مامەڵەی نێوان مامۆستاو خوێندکار گۆرانکاری بەسەردا بهێنرێت.

بۆیە وروژاندنی بابەتێکی وا هەستیار لە کەناڵەکانی تەلەفیزیۆندا، تەنها دەبێتە پڕکەرەوەی بۆشایی لەماوەی پەخشکردندا، چ گۆرانکارییەک لەشێوەی پەیوەندیەکاندا ناکات.

**تێبینی:**

بەرنامەکانی تایبەت بەتوندوتیژی کە لەکەناڵەکان بڵاودەکرێتەوە بەتایبەت بەرنامەیەکی (رەنج سەنگاوی) کەتایبەت بوو بەدواناوەندی پەیامی کچان. سەرچاوەی ئەم نوسینەیە.■



**شوێنی ئافرەتو پەیوەندی ئافرەت بە کۆمەڵەوە، بەرەنجامی کلتورێکە کە دین کۆڵەکەیەکی گرنگە لەدروست کردنیدا، بۆیە دەقە پیرۆزەکان هۆکارێکی گرنگە لەدروست کردنی کەسایەتیو عەقڵیەتو تەرزی بیرکردنەوە**

laparakan.qxd 4/3/2005 10:37 AM Page 7



## ئەپیرۆن
-٨-
# سۆکرات
(بەشی یەکەم)

ئاوات ئەحمەد

□ سۆکراتی ئەسینایی و ئەفلاتونی قوتابی و ئەرەستۆی قوتابی ئەفلاتون، ئەو سێ فەیلەسوفە مەزنەن کە بناغە سەرەکییەکانی فەلسەفەی خۆراواییان دارشتووە. سیسیرۆن دەربارەی سۆکرات دەڵێت "ئەم پیاوە فەلسەفەی لە ئاسمانەوە داگرت بۆ سەر زەوی" واتە لە تێڕامانی ئایۆنییانەوە لە سروشت، گوێزایەوە بۆ سەروردبوونەوە لە خودی مرۆڤ و شیکردنەوەی خەسڵەتە ئاکارییەکانی ئەو بوونەوەرە، ئەم پێڕەوەشی لە یەکەمین تیۆریدا دەربارەی رۆح دارشتووە. سۆکرات لە ماوەی پشێویی و پاشاگەردانی دوای جەنگی پیلۆپۆنیشیاندا ژیاوە.

ژیانی سۆکرات

لە دەوروبەری ساڵی ٤٧٠ی پێش زاییندا لە دایک بووە، واتە دە ساڵ دوای جەنگی سالامیس. باوکی ناوی سۆفرۆنیکۆسە و هاوڕێی خێزانی ئەریستیدیسی یاساناس بووە، ئەو پیاوەی دەستوری دیلۆنی دارشتووە. سەرچاوەی ئەوەی باوکی سۆکرات پەیکەرتاش بوو بێت دەگەڕێتەوە بۆ گێڕانەوەکانی ئەفلاتون کە دەیباتەوە بۆ سەر دیدالیۆسی پەیکەرتاش و بیناسازی ئەفسانەیی، هەروەها پیشەی دایکیشی بە مامان دیاریی دەکەن، دەشڵێن ناوی فینارتی بووە. ئیتر ئەمەی لێ دەرچێت شتێکی تر دەربارەی پایەی کۆمەڵایەتی دایکی نەزانراوە.

ئایۆنی کەیوسی، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لە ساموس سۆکراتی لەگەڵ ئەرخیلاوسی فەیلەسوفدا بینیوە کە قوتابی ئاناکساگۆراسە (یەکەمین فەیلەسوفی ئەسینا)، پێدەچێت ئەم چاوپێکەوتنە لە ماوەی کردەوە سەربازییەکانی نێوان ساڵانی ٤٤١-٤٣٩ دا بوو بێت.

ئەفلاتون و ئەسخینیاس هەردوکیان دیالۆگی سۆکراتییانەیان نوسیوە، هەردوکیشیان لەگەڵ زینۆفۆنی مێژوونوسی سەربازییدا کۆکن لەسەر ئەوەی سۆکرات هاوەڵی کەسایەتییە دیارەکانی بازنەی پێریکلێزیی بووە (ئەسپازیا، ئەلسابایدیس، ئەکسیۆخۆس، کالیاس). پاشان زینۆفۆن لەگەڵ ئەفلاتوندا کۆکە لەوەدا کە سۆکرات شارەزای ئەندازە و گەردونناسی بووە، ئەمەش لە دیالۆگی فایدۆنی ئەفلاتون و هەورەکانی ئەریستۆفاندا بە جوانی روونکراوەتەوە.

لە ساڵی ٤٢٣ دا هەر یەکە ئەریستۆفان و ئەمپیاسیس سۆکراتیان کردووە بە بابەتی کۆمیدیاکانیان، هەردوکیشیان باسی هەژاریی و نەداریی ئەو پیاوەیان کردووە، کە ئەمەش لە داکۆکییەکەیدا جەختی لەسەر دەکرێت.

وا دیارە سۆکرات لە سەردەمێکی درەنگی تەمەنیدا ژنی هێناوە، هاوسەرەکەی ناوی گزانتیپ بووە و سێ کوڕی لێی بووە، کە لە کاتی دەرمانخواردکرانی سۆکراتدا، دواهەمینیان ساوا بووە و بە باوەشی هاوسەرەکەیەوە بووە. زینۆفۆن باسی ئەوە دەکات کە ئافرەتێکی تووڕە و میزاج گەرم بووە، بەڵام بەڵگەی ئەوە لەبەردەستدا نیە کە ئافرەتێکی دەم هەراش و بەپرتە و بۆڵە بوو بێت. کوڕەکانی سۆکرات دوای خۆی هیچ شۆرەتێکیان پەیدا نەکردووە. وەلێ لە ئەدەبیاتی دواتردا ناوی گزانتیپ براوە بەسەر ژنی هەراش و هاورهاجدا.

سۆکرات لە جەنگ و شەڕ و شۆڕەکانی ئەسینادا بەشداریی کردووە. لە جەنگی ساموسدا سەربازی هۆپلێت (پیادەی چەکی قورس) بووە (٤٤٠) و هەروەها لە چەند بەشێکی جەنگی پیلۆپۆنیشیاندا بەشداریی کردووە (لە شەڕی پۆتیدیادا ژیانی ئەلسابایدیسی رزگار کردووە. هەقی نەبووە بەسەر سیاسەتەوە. هەروەک لە داکۆکییەکەشیدا بە دەستەی سوێندخۆرانی دەڵێت، تاکە جار کە پایەیەکی رەسمی هەبووبێت ئەو ساڵە بووە کە هۆزەکەی کردوویانە بە ئەندامی ئەنجومەن (٤٠٦-٤٠٥) کە لە ٥٠٠ کەس پێکهاتووە. لە دادگاییکردنی ڤیکتۆری ئەرکینۆسیدا. لەگەڵ چەند کەسێکدا ناڕەزایی دەربڕیوە و پاشان بە تەنها هەر خۆی ماوەتەوە و رازی نەبووە تاوانباری بکات. لە ساڵی ٤٠٤ یشدا، کاتێک سی ستەمارەکە لەسەر تەخت بوون، رازیی نەبووە لەگەڵ چوار کەسی تردا بچێت بۆ دەستگیرکردنی لیۆن. لە داکۆکیدا دەڵێت خەریک بوو ئەو هەڵوێستە ببێتە هۆی تیاچوونی.

لە ساڵی ٣٩٩ دا بە تۆمەتی بێباوەڕی دانەنان بە خوداوەندەکانی شار و داهێنانی نەریتی ئاینی تازە و گەندەڵکردنی لاوان تاوانبار کراوە و فەرمانی مردنی بەسەردا دراوە. یەکێک لەوانەی تاوانباری کردووە میلیتۆسی دیموکرات بووە.

سۆکرات بە گاڵتەجارییەکەوە تۆمەتەکانی وەرگرتووە و لە دادگاییەکەدا هێرشی کردۆتە سەر تاوانبارکەرانی و گاڵتەشی بە دەستەی سوێندخۆران کردووە. دوو جار دەنگ دراوە، جاری یەکەم بۆ تاوانبار کردنی، ٢٨٠ دەنگ تاوانباریان کرد و ٢٢٠ کەسیش تەبرییەیان کرد. تاوانبارکەرانی داوای سزای مەرگیان بۆ کرد، دەستەش داوایان لێکرد لە بری مەرگ سزایەکی تر هەڵببژێرێت، ئەویش بە گاڵتەجارییەوە وتی سزای یەک مینایم بدەن، پاشان هاوڕێکانی بەرزیان کردەوە بۆ سی مینای. سەرەنجام سزای خواردنەوەی ژەهری هێملۆکی بەسەردا دراو دەبوو لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا بیخواتەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی نەریتێکی ساڵانە لە گۆڕێ بوو، کەشتییە پیرۆزەکە رەوانەی دیلۆس کرابوو، نەریتیش وابوو کە تا کەشتییەکە نەیەتەوە، شارەکە کەس نەکوژێت، بەڵام بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو کەشتییەکە بۆ ماوەی مانگێک دواکەوت، بۆیە ناچار سۆکرات لە زینداندا هێڵرایەوە.

لەو ماوەیەدا هاوڕێکانی سەردانیان دەکرد وەک پیشەی خۆی دەمەتەقێی لەگەڵدا دەکردن. کریتۆنی هاوڕێی پیلانی هەڵاتنی بۆ سۆکرات دانا، بەڵام ئەو رەتی کردەوە، بیانووشی بۆ ئەمە ئەوە بووە کە پێویستە گوێڕایەڵی یاسا بێت، ئا لێرەدا وتە نێودارەکەی دەڵێت "دادپەروەر ئەو کەسەیە کە ملکەچی یاساکانە". ئەفلاتون لە دیالۆگی فایدۆندا بە جوانی چیرۆکی دواهەمین رۆژی ژیانی سۆکرات دەگێڕێتەوە، کە بۆچوونەکان پێیان وایە خۆی لەوێ نەبوو بێت.

سەرچاوە سەرەکییەکانی زانیاریی ئێمە دەربارەی سۆکرات:

سۆکرات خۆی هیچ نوسینێکی لێ جێنەماوە. بۆیە ئەو زانیارییانەی بە ئێمە گەیشتوون، لە رێگای ناڕاستەوخۆ و لە نوسینەکانی چەند کەسێکەوە پێمان گەیشتووە، کە سەرەکیترینیان دیالۆگەکانی ئەفلاتون و یادەوەرییەکانی زینۆفۆنن. ئەم دوو پیاوە نزیکەی ٤٥ ساڵ لە سۆکرات لاوتر بوون، بۆیە زیانیارییەکانیان زیاتر دەربارەی ١٢ ساڵی کۆتایی تەمەنی سۆکراتە.■

# گومان و پرسیاری ئەبەدیەت لای مەحوی و زمان وەک شا رێگەی گەڕانەوە

عومەر سەرگەتی



□ قسەکردن لەسەر دەق، قسەکردنە لەسەر کڕۆی ئەو بونیادو پێکهاتە ناوەکی و شاراوانەی ئاستە سیۆلۆژیەکانی زمان لەتاریکی مانادا دەیانپارێزێت، یان رۆچوونە بۆ ناو ئەو دەنگ و وێنە و ئاماژە ئاڵۆزو تەمووموژاویانەی لەو دیووی سادەی ماناوە دەژین و لەفەزایەکی بەرین و بێ کۆتای زماندا لەیارییەک و جوڵەیەکی هەمیشەیدان لەکاتێکدا کەزمان بۆ خۆی ئەو ئامرازە ئاڵۆزو رەمز ئامێزەیە کەهەمیشە دەکەوێنە ناو تەڵەزگەو رەهەندە لەبن نەهاتووەکانی و رووپەرە مەجازییەکانییەوە، دواجار ئەم سەرزەمینە دەستەمۆنەکراو تایبەتەی کە جگە لەدەرکەوتەو دیاردە دەرەکیەکانی.. لەئاستی پرۆسەی ناولێناندا، لەشتە قوڵەکانی تری بێ ئاگاین.. هەروەک چۆن ویتگنشتاین پێی وایە: دەشێ جەختکردنەوە لەئاستەکانی زماندا گرنگیەکی ناوەکی بێت بۆ رێکخستنی شتەکان.. نەک لەڕووی ئەو مانایانەوە کەبەخشراون بەدەرەوە، چونکە کەمتر باوەڕی بەوێناکردنی جیهان هەیە لەرێگەی زمانەوە، هەروەها دەڵێت: "وێناکردن ئێمە دیل دەکات، وەناشتوانین لێی دەرباز بین، چونکە لەزمانی خۆماندا پەنهانە"(١).

لێرەوە بەرکەوتنی، رەخنەگر بەدنیای دەقی شیعری، بەرکەوتنە بەدنیایەک، کەجگە لەشارەزای بەدنیای نیشانەکان و وێنەکان، یان میتۆدە شارەزاکان بەدنیای دەق هەم چوونە ناو دنیای دەق و شکاندنی سنورەکانی زەحمەتەو هەم دۆزینەوەی رێگایەک بۆ گەڕانەوە.. یەکەم خاڵی نزیکبوونەوەش لەدنیای دەق، لەسەرسامی خوێنەرو رەخنەگرەوە دەست پێدەکات لەبەردەم دەقدا.

هەروەک چۆن یەکەمین پرسیاری فەیلەسوف، لەسەرسامیەوە دەسپێدەکات لەبەردەم جیهان و گەردوون و دیاردەکانداو ئەم پرۆسەی سەرسام بوونەش راستەوخۆ دەیخاتە ناو زمان و دەقەوە.. بەم پێیە هەموو پرۆسەیەکی سەرسام بوون لەئاستی پرسیارکردندا. بەناچاری کەسی بیرکەرەوە دەخاتە ناو ئاڵۆزیەکانی زمانەوە.. لێرەوە دەکرێ بپرسین، ئەگەر ژیانکردنی شاعیر/ فەیلەسوف لەناو دنیای زماندا و نیشتەجێ بوونیان لەماڵێ دەقدا بۆ بەردەوامی پرسیارکردنیان و ئەفراندنی ماناو یاری وشەکان بۆ هەمیشە، لەیەکەم بەئاگاهاتنەوەو سەرسامبونەوە سەرچاوەی گرتبێ بەرامبەر بەجیهان و مرۆڤ، ئەوا هەموو سەرسام بوونێکی خوێنەر، رەخنەگر لەبەردەم ئیغرابوونی دەقدا، راوەستان و پرسیارکردنە جارێکی تر لەبەردەم جیهان و مرۆڤ و گەردووندا، چونکە دنیاو دیاردەکان و نهێنیەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی دیکە لەناو دەقدا دەچنەوە ناو ژیان و جوڵەیەکی بەردەوام، وە هەروەها مەلەکردنی چەمک و وێنە و بونیادەکانە لەتاریکیەکانی زماندا، لێرەوە ئەرکی رەخنەگر قورسەو گەڕانە لەدووی ماناکان و وێنەکان لەناو بۆشایی و سەرمەدیەتی زماندا.

بەپێی ئەم ئەرکە قورسەی رەخنەگرو دەلالەت و ئاماژە جۆربەجۆرەکانی دەق.. زەحمەتە بەئاسانی هاوکێشەو بونیادو دەلالەتە قوڵەکانی دنیای شاعیرێکی وەک مەحوی کەشف بکەین و دواجار لەپێناسەو خوێندنەوەیەکی یەکانگیردا هێڵێکی گشتی بۆ دنیابینی ئەم شاعیرە دیاریبکەین بەوپێیەی زەمەنی تەنیا کەوتنی مەحوی لەو چرکەساتەوە دەست پێناکات کە لەمەنفای جوگرافیایەکی دیاریکراوەوە بگەڕێت بۆ رێگای گەڕانەوەو چرکەساتی کۆتایهێنان بەگومان و نائارامی و دۆزینەوەی حەشارگایەکی حەوانەوە، بەڵکو گومان و تەنیای و نائارامی ئەم شاعیرە لەو چرکەساتەوە لەدایک دەبێت کەلەناو مەعریفەیەکی قوڵەوە گیرۆدەی پرسیارە وجودی و رۆحییەکان دەبێت و ئاگایی و هوشیاریەکی بەردەوام لەپشت پرسیارو ختورەو ئەو ترسەی کە لەگەڵیدا دەژی ئامادەگی هەیە، ترسێک کەبەردەوام دەیخاتەوە ناو جەنگەڵەکانی زمانەوە، هەربۆیە ترسان لەبەردەم وشیاری و پرسیارکردن لەسەرمەدیەتی مرۆڤ و شتەکان. هەم هێزی گەڕان و بەردەوامی بەخودی شاعیر دەبەخشێت و هەم لەدەسدانی یەقین لەئاستی رۆحی و مەعریفیدا، لێرەوە مرۆڤ بەترسێکی کوشندەو بەگومانێکی بەردەوامەوە لەیەکەمین پرسیاری راستەقینەی

**مەحوی جیهان دەخاتە ژێر پرسیارو گومانکردنێکی بەردەوامەوە لەڕێگەی گوتاری شیعریەوەو شتەکان یەقینی خۆیان لەدەست دەدەن، لێرەوە ئەم یاریە تراژیدیە لای شاعیر دەسپێدەکات پشتکردنە جیهان لەلایەک و باوەشکردن بەجیهاندا لەلایەکی ترەوە، گەڕان و پرسیارکردن لەخودا لەلایەک و تەسلیم بوون و تەماهی کردن لەلایەکی دیکەوە**

وجودیانەی خۆیداو لەبەردەم جیهاندا ئامادە دەبێت و وەک روتەڵەیەکی بێ خاوەن و بێ فریادەڕس حوکمە یەقینەکانی خۆی دەدۆڕێنێت و توشی سەرسام بوونێکی بێ وێنە دێت بەرامبەر سەرەتاو کۆتایی خۆیی و شتەکان، هەر بۆیە تا ئەم چرکەساتەش پرسیارکردن لەخودو ئایندەو یەزدان و ئەبەدیەت زیندوترین پرسیارن لەدەقی مەحویداو گوتاری رەخنەیی و فکری ئێمە دەستەوەستانە لەبەردەمیاندا، چونکە لەساتەوەختی پرسیارکردن لەجەوهەری یەزدان و ئایندە لەدنیای مەحویدا، ئەو چرکەساتەیە کەرۆحانیەت وەک سیستمێکی ئاینی و نیشتمانی بێدەنگی یەقین جێ و شوێنی لەق دەبێت و جێگیری خۆی لەدەست دەدات، هەربۆیە ئەو گوتارە رەخنەیی و رۆشنبیریەش، کەبەبێ ترس و بەدرێژایی مێژوو دڵنیایە لەخۆی و بۆ ساتەوەختێکیش گومانی لەخۆی نەکردووە لەبەردەم ئەم پرسیارانەدا دەستەوەستاو لاڵ و بێ تفاق دەمێنێتەوەو دەبێتە خاوەنی قۆناغێک لەمێژووی خۆدزینەوەی گومان و پرسیار، کەقۆناغی پرسیارکردنی مەحویەو گومانکردنە لەمانای بوونی بەردەوامی ژیان و نەمری و یەقین.

لەڕاستیدا، مەحوی جیهان دەخاتە ژێر پرسیارو گومانکردنێکی بەردەوامەوە لەڕێگەی گوتاری شیعریەوە و شتەکان یەقینی خۆیان لەدەست دەدەن، لێرەوە ئەم یاریە تراژیدیە لای شاعیر دەسپێدەکات پشتکردنە جیهان لەلایەک و باوەشکردن بەجیهاندا لەلایەکی ترەوە، گەڕان و پرسیارکردن لەخودا لەلایەک و تەسلیم بوون و تەماهی کردن لەلایەکی دیکەوە، داواکردنی مەرگ، راکردن لەمەرگ، بەردەوامی جەنگ بۆ گەیشتن و نیزکبونەوە لەمەعشوق، دۆڕان و هەرەس و پووکانەوە لەبەردەم مەعشوقدا.. سەرگەرمی و تێفکرین لەخەیاڵی پووچی دنیاو لەبیرکردنی قیامەت، بێ ئومێدی لەوادەی لیقای لەیلاو چاوەڕوانی قیامەت لەلایەکی دیکەوە.

بەم پێیە گومان دەبێتە ئەو زەمەنە بەردەوامەی کەجیهانبینی ئەم شاعیرە داگیر دەکات و نائارامی و دڵەڕاوکێ دەبێتە ماڵێکی هەمیشە بۆ یاریەکانی ناو ژیان، چونکە هەر لەسەرەتاوە مەحوی لەیەکەم چرکەساتی بەئاگابوونەوەی لەدنیای و لەویستە وجودیانەکەی خۆیو پرسیاری راستەقینەو گومانی بەردەوامیش لەدایک دەبن، بەم پێیە چەمکی (صۆفی) و وەک دەسەوەستانێک یەقینی خۆی لەدەست دەدات و گومان و پرسیار لەسەر زەمینی زماندا جێگەی ئەو بێدەنگیی و گۆشەگیریە دەگرێتەوە ئەم تەینایییە لەدڵێکی تەنهاو بێ زمانەوە، دەگۆڕێت و دەگوازرێتەوە بۆ تاریکی و خەڵوەتگەکانی زمان، بەم پێیە زمان درزی نێوان سۆفی و یەزدانە کەنێوان سۆفی و یەزدان جگەلەوشەوق و نەشئەیەی لەقەدەری ژیانی سۆفیا بۆ یەکەمین جار وەک حەقیقەتێک دەیبینێ و بەرێدەکەوێ لەچرکەساتی ئاگا بوونەوە یاداشتێک شک دەبات و پێی وایە حەقیقەتە سەرسامی دەکات و لەسەرووی خۆیەوە دەخوازێت پێی بگات یان لەچەندین چرکەساتی تردایەو بیکەوێت یەزدان هۆکاری ئەم نەشئەو شەوقەی یەکەم چرکەساتە لای سۆفی و زمانیش بەهەمانشێوەی یەزدان یەکەمین هۆکاری گەڕان و پشکی شاعیرە لەتاریکی قوڵاییەکانیدا بۆ ئەو شەوق و حەقیقەتەی وەک بروسکەیەک شاعیریش دەیبینێت بەڵام گەشتی شاعیر بەرهەمهێنانی مانایە لەئەزموونەکانیدا لەناو زماندا، بەڵام لای سۆفی بێدەنگکردن و کوشتن و شاردنەوەی ماناکانە، لەئەزموونی رۆحی خۆیدا چونکە هیچ شتێک بەحەقیقەتتر نازانێت لەو یەکەمین چرکەساتەی کەشەوقی حەقیقەت دەبینێ لای شاعیریش ئەم یەکەمین چرکەی شەوقی حەقیقەتەی لێدەکەوێتە ناو تاریکیەکانی زمانەوە، بەڵام لای سۆفی دەگاتە ئاستی فەنابوونی خود لەپێناو ئەو شەوق و عەشقە بەدیەی کەوێنای کردووە لەچرکەساتی ئاگایی خۆیدا بۆ گەیشتن بەحەقیقەتی مەعشوق، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کەبیرۆکەی تەسەوف سەپێنراوە بەسەر جیهانبینی مەحویدا لەکاتێکدا مەحوی گیرۆدەی گومانێکی

**بەرکەوتنی، رەخنەگر بەدنیای دەقی شیعری، بەرکەوتنە بەدنیایەک، کەجگە لەشارەزای بەدنیای نیشانەکان و وێنەکان، یان میتۆدە شارەزاکان بەدنیای دەق هەم چوونە ناو دنیای دەق و شکاندنی سنورەکانی زەحمەتەو هەم دۆزینەوەی رێگایەک بۆ گەڕانەوە**

بەردەوامە لەبوون و لەمەدای نێوان شتەکان وەک سوهراب دەڵێ (عەشق دەنگی مەوداکانە) پرسیاری سەرەکی مەحوی پرسیاری مەوداکانە. بەهەموو بەرینی خۆیانەوە پرسیاری سۆفی و دیدی سۆفی نزیک بوونەوە و کورتکردنەوەی مەوداکانی عەشقە، هەرچەندە مەحوی هەوڵدانێکی سەیر دەبینی لەکورت کردنەوەی مەودای نێوان خۆیو مەعشوقدا بێ ئومێد دەبێت لەجەنگی نزیک بوونەوەو تێکەڵ بوونی عاشق و مەعشوق وەک دەڵێت:

**کەدڵ دەنوێتەوە یۆتۆ دەکەی ئەو رۆژە تۆ بڕوا.**
**کەخۆت دەرخەی وەکو خۆر دڵ وەکو شەونم لەخۆ دەڕوا**
**کەرۆحم تێگەیی کەتۆ حەز بەدەرچوونی دەکەی دەرچوو**
**دەبێ عاشق کەدی بێزارە یاری بێ بڕۆ بڕۆ**
**وتی مەحوی من و تۆ ئافتاب و سایە تمالبت**
**جەنابی من کەدەرکەوتم دەبێ تەشریفی تۆ بڕوا**

ئەم جۆرە روانین و دنیا بینیە سنورەکانی سۆفی دەبەزێنێت، تەنانەت ئەو کۆمەڵە کەبەش لەق دەکات لەئاستی یەقیندا کەدینگەرایەک وەک دواهەمین خاڵی کەماڵ و دۆزینەوەی حەقیقەت دەبینێ و تەماشای دەکات، چونکە زۆر لەوجۆرە نوسینانە لەبەردەستدان کەمەحوی وەک سۆفیەکی دینگەرا پێناسە دەکەن، لەڕاستیدا بەدگومانی دینگەرا لەو مەوقیعە دڵنیاکەرە بەخشندەیە وەک مەوقعی ئیبراهیمی دەچێتە دەرەوە باوەڕی بەخوداوەند لەزەمەنی سۆفیی گەریەوە دەپەڕێتە ناو چرکەساتە دنیاییەکانەوە و ناو چرکەساتە

laparakan.qxd 4/3/2005 10:37 AM Page 8



جیاوازەکانەوە، مەبەست لەو چرکەساتە جیاوازانەیە کەعاشق‌و مەعشوق دابەشدەکەن، ئەم پرۆسەی چرکەیی بوونەش دەگاتە ئەو ئەنجامەی کەیەقین لەسەر بنەمایەکی کۆنکرێتی "عەینی" قابیلی بەرهەم هێنان‌و بەرجەستەکردن نیە، لەو شوێنەشدا کەجێگەی بەرهەم هێنانی یەقینی تیا نابێتەوە کەزەمەنی ژیانکردنە، ونبونی یەقینێکی کۆنکرێتی رووەدات و رووبەڕوو دەبێتەوە. کەهەڵگری گومانێکی بەردەوامە(٢) ئەگەر وردتر بڕوانینە جیهانبینی ئەم شاعیرە ئەوەی دابڕان‌و گومانە بەردەوامەکان دروستی دەکات چرکەساتەکانی دنیاو مەودای نێوان ساتەوەختەکانە، شەڕی ئاگایی‌و ئاستی نائاگایی توانەوەی عاشقە، وەک چۆن ژیانی دنیاو ژیانی ناودەق جوگرافیاو سەرزەمینی پرسیارو گومان‌و بەردەوامیە. ژیانی سۆفیش وازهێنان و پشتکردنە لەجیهان‌و زەمەن‌و پرسیارەکانی ناو ژیان، ئەوەی لای سۆفی حەقیقەتی هەیە جەنگێکە بۆ گەیشتن بە یەقین لەدەرەوەی زەمەنی دنیاییەوە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی مەودای چرکەکانی ژیان جوڵەیان تیا نەبێت بێ رۆح بن، بەپێچەوانەوە، دەکرێ شاعیر ئەو شەوقە ببینێت کەلەنێوان چرکەساتەکاندا خۆی دەنوێنی وەک ئەو دێڕەی سوهراب پێشتر ئاماژەم بۆکرد، کەچیتر عەشق سەرزەمینێکی تری نیە جگە لەدەنگی مەوداکان یان بەوجۆرەی کەهایدگەر جەختی لەسەر دەکاتەوە و پێی وایە هەر گەڕیدەیەک کە لەجەنگەڵێکەوە گوزەر بکات لەناو دڵی ئەو جەنگەڵەدا کۆمەڵە مەودایەکیش هەن، کەنورێکی زیاتر لەخۆر هەیەو بەدەرونیدا دەدرەوشێتەوەو تریفەی دێ(٣) ئەم حاڵەتەش زیاتر نزیکمان دەکاتەوە لەوەی کەگرفتی سەرەکی مەحوی‌و گومانکردنی لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێ زۆرجار بێ ئومێد دەبێت لەوەی مەوداکان تریفەو عەشق‌و حەقیقەتیان لەخۆدا هەڵگرتبێ‌و لەدەرەوەی چرکەکانیشەوە زۆر ماندووە کە بگات بەحەقیقەتی مەعشوق‌و یەقین وەک سۆفیگەرێکی دینی، ئەم حاڵەتە وادەکات جارێک باوەش دەکات بەدنیاداو دەگەڕێتەوە بۆ دۆزینەوەی ماناکانی ناو ژیان‌و دوای بێ ئومێدی لەپوچی جیهان دەگەڕێتەوە پرۆسەیەکی سەرمەدی‌و ماناقوڵەکانی یەزدان‌و پشدەکاتەوە جیهان

**خەیاڵی پووچی دنیا دەمارو دڵمی پێچاوە**
**قیامەت هەر مەگەر رۆژی قیامەت بێتەوە فکرم**

لەم ئاستی ئامادەگیە پووچەی جیهاندا کەبەناچاری دەگەڕێتەوە بۆ جیهان‌و پرسیارە حەیاتیەکان‌و تا ئەندازەیەکیش کۆمەڵەی غەریزەکان لەپشتی چەمکی سۆفیزمی ئاینیەوەو ئاماژەکردنێکی زۆر روون‌و ئاشکرایە بۆ یەئسی بەردەوامی ئەو زەمەنەی کەسۆفی وەک دواهەمین خاڵی "بەقا" و بەردەوامیەکی بێ کۆتا دێنێت‌و حەقیقەتێکەو لەئەزموونکردنێکی رۆحیەوە

**ئەگەر وردتر بڕوانینە جیهانبینی ئەم شاعیرە ئەوەی دابڕان‌و گومانە بەردەوامەکان دروستی دەکات چرکەساتەکانی دنیاو مەودای نێوان ساتەوەختەکانە، شەڕی ئاگایی‌و ئاستی نائاگایی توانەوەی عاشقە، وەک چۆن ژیانی دنیاو ژیانی ناودەق جوگرافیاو سەرزەمینی پرسیارو گومان‌و بەردەوامیە**

پێیدەکات، ئەم پاشگەزبوونەوەیەی شاعیر، راستەوخۆ دەیخاتەوە ناو دنیاو یاریەکانی زمانەوەو سەرباری ئەوەی ئاماژە بەپووچی ئەم زەمەنەش دەکات، هەر یەئسی، ئەم ئەزموونەی دنیاو زەمان‌و پوچیەتیەی زەمەنە جارێکیتر پاشگەزی دەکاتەوە بۆ قۆناغێکی دیکەی‌و ئەزموونێکی دیکە کەدنیای سۆفی‌و پشتکردنەوەیە لەجیهان، هەمیشە ئەم گومانە وادەکات زمان بکاتەوە دنیاو سەرزەمین‌و پرسیاری رۆچون‌و پاشگەزبوونەوە، هەربۆیە زمان دەبێتە ئەو جیهانەی شاعیر گومان‌و نیگەرانیەکانی خۆی تیا بتەقێنێتەوە، ئەگینا زۆرکاتی تر دەگەڕێتەوە بۆسەر زەمینەکانی سۆفی‌و جەنگی ئەبەدیەت‌و پەلەکردن بۆ گەیشتنی مەعشوق‌و یەقین، بەپێچەوانەی گەڕانەوە بۆ دنیاو زەمەنی جوڵەو ژیانکردنی دنیایی

**بەجێ ماوم لەیاران، نابەجێ ماوم، ئەجەل زووبە**
**بەمردن لەم قوصوری ژینە ئیستیعفا نەکەم، چیبکەم!**

ئەم دوو جۆرە گەڕانەوە هەم بۆ جیهان‌و هەم بۆ دنیای سۆفی وێنە سەرمەدیەکانی جیهانی سۆفیگەری لەکاتێکدا دڵنیا دەبێت لەوەی هەم جیهان پووچەو هەم شەڕی گەیشتن بەیەقین‌و بەمەعشوق مەحاڵە.. وادەکات زیاتر چەمکی پووچیەتی جیهان لەچەمکی پووچی لای عەبەسیەک جیابکەینەوەو شوێنگەی سۆفیش ببینین لەدەرەوەی جیهانی مەحویەوە بەوپێیە هەرکاتێک جیهان لای ئەم شاعیرە بەهەموو مانا غەریزەی‌و داواکاریە دەرونیەکانەوە ئامادە دەبێت لەگەڵیدا پووچیەکانیشی سەرهەڵدەدەن، بێ مانایی‌و قێزەونیەکانیشی دەردەکەون پرسیارە غەمگینەکانی جیهان دەوەستن لەبەردەم جیهانێتی شاعیردا، وەکاتێک رووەدەکاتەوە خوداو مەعشوق هەم بێ ئومێدی‌و بێ کۆتایی مەداکانی ئەوئەزموونە رۆحیەش سەرهەڵدەدات، لێرەوە گرنگە مەحوی لەنێوان پیاوێکی پوچگەراو سۆفیەکی بەئومێددا بدۆزینەوەو سۆفیگەری نائارامی بەدگومانیەکانی دیاری بکەین.

پیاوی پووچگەرا هەر لەسەرەتاوە پیاوێکە دیمەنە جوان‌و پڕ ئومێدەکانی هەرەس دێنن کاتێک پشت لەجیهان دەکات، کەئارەزوو تموحە سەرەتاییەکانی ون دەکات، ئەوکاتەیە کەپرسیار دەکات‌و بچوکترین ئومێد لەو جیهانە رەشەی دنیای ئەودا وەڵام ناداتەوە، ژیان هیچ ماناو بایەخێکی نیە، هەموو جوڵەو چالاکیەکی زیندو لەدنیای پوچگەرادا نیگەرانکەرەو لێی بێزارە خاوەنی ئایندەیەکی بەتاڵە لەخەونەکانیدا، مەرگ کۆتایی هەموو شتەکان‌و ماناکانە، دواهەمین دەرئەنجامە لەبەردەم ئارەزووەکانیدا، مەرگ ئەو جەبرە سامناکەیە کەهەرەس بەو خەونانە دێنێت. کەعەبەسیەک بەدەوری خۆیدا پێشتر کێشاونی، دنیای ئەم جۆرە مرۆڤە دنیایەکی بێدەنگ‌و خامۆشە، هەڵگری هیچ بەهاو خەون‌و جەوهەرێک نیە، گۆشەگیری ئەو ماڵە بێدەنگیە تیایدا هەناسە دەدات جیهان ئەو تابووتە بچوکەیە کەتێیدا وچانێک دەدات‌و نزیکی دەکاتەوە لەمردن زمانی پیاوی پوچگەرا، زمانێکە بۆ تەعیرکردن لەنالۆژیکی‌و بێ سەرو بەرەیەیی‌و بێ مانایی ژیان‌و ئەم زمانەش رووبەرەکانی هێندە تەسک‌و بچوک دەبنەوە نائاستی بێدەنگی‌و گۆشەگیری‌و پەیوەندی بێ ماناو یاریەکی درۆزنانە، مردنێکی هێمنانە یان ئاستی خۆکوشتن، دواجار خۆشەویستی دەبێتە یاریەکی درۆزنانە هەروەک یاریە پوچەکانی تری دنیای پوچگەرا، بەڵام لای سۆفی ئەم جۆرە پشتکردنە جیهان‌و کاڵ بوونەوەی پەیوەندیەکان‌و لەخاڵێکی جیاوازەوە دەسپێدەکات‌و لەدنیایەکی باڵاترەوە سەرچاوە دەگرێ، راستە سۆفی باس لەپووچی جیهان دەکات، ئینکاری لەزۆربەی پەیوەندی‌و چالاکیە جەستەییەکان دەکات، دوای شکاندنی تموحەکانی‌و سەرکوتکردنی ئارەزوو داواکاریە دەروونیەکانی، فرێدانی شتە پیسەکان نەفس وەک کردەیەکی تاکرەوانەی خۆی لەرێگەی دەرونێکی بەدەوە بۆ دەرونێکی خودایی‌و جەستەی دنیای مادی لەجەستەی دنیایی زاهید، دەگاتە فەناکردنی هەموو سیفاتێکی خودی لەسیفاتێکی موتلەقی رۆحیدا، لێرەوە لەم پرۆسەی پەڕینەوەیەدا لەدنیای جەستەی مادیەوە بۆ رۆحێکی زیندو یان جەستەیی، کۆتایی بەهەموو ئەو قەڵەق‌و ختورەو دڵەڕاوکێیە دێت کەلای پووچگەرا بەردەوامە، ئەگەر لای عەبەسیەک مردن کۆتایی هەموو شتەکان بێت‌وکۆتایی خۆیوو جیهان بێت، ئەوا لای سۆفی سەرەتای ژیانێکی ئەبەدیە سەرەتای جیهانێکی نەمرو بەردەوامە.

ئەگەر عەشق لای پووچگەرا هێزێک بێت لەبەردەم جەبری مردندا هەرەس بهێنێت، ئەوا لای سۆفی پردی پەڕینەوەیە بۆ ئەزەلیەتی خودو بەردەوامی، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە مەحوی لەنێوان ئەم دوو مرۆڤەو ئەم دوو جیهانە جیاوازەدا بەدوای چ کەلێنێکدا دەگەڕێت؟ ئەو دۆزە چیە مەحوی لەم دوڕیانەدا دەیەوێ لێیەوە گوزەر بکات لەکاتێکدا بەپێی ئەو ئاماژەو جیاکاریەی نێوان سۆفی‌و پووچگەرادا، ئەوە ئاشکرا دەبێت کەمەحوی هەڵگری پێناسەو خوێندنەوەیەکی دیکەیە لەودیوی سۆفی‌و پوچگەراوە.

لێرەوە جگە لەدنیای دەق‌و سنورە بێ کۆتاو بەرینەکانی زمان بکەینە کەرەستەو بابەتی هاوکاریکردن، بۆ نزیک بوونەوەی دنیای بەدگومانی مەحوی شتێکی دیکە پێدەچێت دورتریان بخاتەوە، چونکە ئەوەی خودی شاعیری تێدا پێناسە دەکەیت‌و بۆ قوڵایی گومانەکانی رۆچین، تەنها ئەو تێکستە نەمرەی شاعیرو سەرزەمینی زمانە، زمان ئەو بوونەوەرەیە، زیندووەیە ماناکان‌و توخمەکان‌و سیماو پێکهاتی ستاتیکیانەی (من)ی شاعیر دەپارێزێت لەمەعبەدو جەنگەڵە قوڵەکانی خۆیدا، شیعریش بەربڵاو ئاستی فراوانی زمان دەپارێزێت‌و دەبێتە پاسەوانی هەمیشەیی سنورە بێ کۆتاکان، شاعیر دەخوازێت‌و دەیەوێت لەجەنگەکانی خۆیدا لەبەرامبەر ئەو زمانەی کەیەکسانە لەگەڵ زمانی شیعردا بەناچاری‌و بەردەوام بڕوات‌و رۆچێتە جێگایەکی قوڵتر، لەئاستی زماندا، زمان شاعیر ئاو دەدات‌و شیعریش ئەزموون لەبیر دەباتەوە، زمان بەسەرەوای خودی شتەکان خۆی جوانی دەبەخشێت، شیعر لەنێوان دابڕانی زمان‌و

**مەسئەلەی دەور بەمانایەک لەماناکان، هێشتا گومان‌و تێنەگەیشتنە لەخوداو دنیاو ئەبەدیەت، گەڕانە بەدوای تێگەیشتن‌و مانادا لەجیهان‌و خوداو دیاردەکاندا، ئەمەش پرسیاری فەیلەسوفە نەک سۆفی**

شتەکانا دەسپێدەکات، ئەم جەنگەش، یان ئەو ئەزموونانە زیندوو دەکاتەوە کەلەدەستی چون، یان بەئیمکاناتەکانی زمان دەکرێتەوەو کەهیچ پەیوەندیەکی بەئەزموونی تایبەتیەوە نیە(٤).

ئەگەر ئەم رایە وەرگرین بۆ تێگەیشتن لەچەمکی زمان، شیعر لەدەقی مەحویدا، زۆر بەئاشکرا دیارە کەمەحوی جەنگەکان خۆی، چ لەئاستی ئەزموون چ لەئاستی مانەوەی زمان، شیعر دەکاتە ماڵی هەمیشەیی خۆی بۆ گەڕان‌و رزگاربوون لەگومان‌و کەلێنێک بۆ ئارامی‌و وچاندان، وەهەر تەنها زمانە ئەو سەرزەمینە فراوانەی هەیە کە گومانکارێکی وەک مەحوی یاریەکانی خۆی بگوازێتەوەو لەوێدا ئاستی سەرسامی‌و بەردەوامبونی خۆی بۆ جەنگەکانی لەمەلەکردنێکی بەردەوامدا بێ، وەک دەڵێت:

**ئەجەل دەورم دەدات حازر بە وەعدەی دەورو تەسلیمە**
**منی غەفڵەتزەدە هێشتا خەریکی مەسئەلەی دەورم**

چیتر مەرگ مانایەکی دیکەی هەیە، مانایەک کەشاعیر نەفی‌و ئینکاری دەکات‌و چونکە قیامەت چیتر ئەو هێزو وێنە بەردەوامەی زەینی شاعیر نیە، ئەو رووداوە وەستاوەی ناو ئەندێشەکانی نیە کەوێنەیەک بێت لەوێنە بەردەوامەکانی چونکە هێرش‌و رووداو وێنەکانی جیهان گومڕاکەرو سەرسامترو زیندووتر دەبنەوە جیهان ئامادە دەبێتەوە بەهەموو مانا پووچ‌و بەنرخەکانیەوە، لێرەوە گومان زیاتر لەجیهانیی مەحویدا رووی خۆی ئاشکرا دەکات، بەوپێیە لەو بەیتەی پێشتریدا کەدەڵێت: "ئەجەل زووبە.. " هێزو توانا لەدەستدەدات پەلەکردنێکی سەیرە بێ ئومێدیەکی ترسناکە لەبیرکردنەوەو تێگەیشتن لەیەزدان، داواکاری‌و پاڕانەوە بۆ مردن دەستهەڵگرتنە لەشتەکان‌و بێ مانایی بیکردنەوەیە، بەڵام لەو بەیتەی سەرەوەدا، پێمان دەڵێت مردن کاتێک لەدەرگام دەدات من هێشتا خەریکی مەسئەلەی دەورم، مەسئەلەی دەور بەمانایەک لەماناکان، هێشتا گومان‌و تێنەگەیشتنە لەخوداو دنیاو ئەبەدیەت، گەڕانە بەدوای تێگەیشتن‌و مانادا لەجیهان‌و خوداو دیاردەکاندا، ئەمەش پرسیاری فەیلەسوفە نەک سۆفی، پرسیاری بوونەوەرێکە کەبیر دەکاتەوە، پرسیاری شاعیرێکە مانادارو دەوڵەمەند لەبەکارهێنانی موفرەدەکانی ژیان‌و یاریکردن بەماناکان‌و سیستەمەکان‌و بونیادەکان زۆرجارزەمەن دەبێتە مەحاڵ‌و دەبێتە یەزدان، بەڵام **"دەبێ وەقتێ لەبول وەقتێ بخوازم دا تیا بمرم"** رۆچوونە بۆ ئەو دیوی زەمەن بۆ ئەبەدیەت‌و مەحاڵێکی سەیر وەچۆن هایدگەر باسی لەوە دەکات ئەگەر زەمەنی چەمک‌و مانای خۆی لەئەبەدیەتەوە بەدەستبهێنێتەوە. ئەوا بەناچاری دەبێت لەهەمان شوێندا پێویستبونی ئەوزەمەنەش بینین‌و بۆی بگەڕێین‌و لێی بگەین.. لەم رووەوە سەرەتاو رێگەی ئەم گەڕانە (بەدوای چەمکی زەمەندا) لەپێشەوە دیاریکراوە (رێگەیەک لەئەبەدیەتەوە بۆ زەمەن) ئەگەر خودا بێت، کەواتە بەناچاری ئەم جۆرە شێوازە دەربارەی "حاڵەت"ێک ی بەردەستمان بۆ سەیرکردنی زەمەن، لەو رووەوە کەلەبارەی خوداوە شتێک نازانێت، ئەوا خواست‌و داواکاریەکیش لێی بەدەستبهێنێت، وەک پێویست‌و بەناچاری لەناو سەرسوڕماندا دەمێنێتەوە.. وە ئەگەر رێگەی گەیشتن‌و نزیک بوونەوە لەخودا ئیمان بێت، •مەرجی) رووبەڕووکردنەوەی خود بۆ ئەبەدیەت، جگە لەئیمان شتێکی تر نەبێت، کەواتە هیچ کاتێک فەلسەفەش ئەبەدیەتێکی نابێت.. هەربۆیە هەرگیز ناتوانین ئەم شێوازە وەک دیدگایەکی مومکین‌و رۆشن بەکاربهێنین بۆ گفتوگۆکردن لەزەمەن(٥).

بەم پێیە کێشەی زەمەن‌و خوداو ئەبەدیەت سەرەتاو کۆتایی دنیای مەحوی داگیر دەکەن‌و دواجار ئەم جەنگە لەشەڕی شەوو رۆژدا تەواو دەبێت، جەنگێکی بەردەوام‌و بێ کۆتا لەنێوان شەوو رۆژ وەک دو دنیای لێکدی جیاوازو لێک ترازاوو کەتێکەڵ بوون‌و یەکگرتنەوە یان مەحاڵە، چوون مەحوی خۆی دەشوبهێنێ بەشەو مەعشوقیش بەرۆژ دەخوازێت، بگات بەمەعشوقی کەرۆژە، بەڵام کاتێک خۆرهەڵدێ شەوکۆتایی دێت‌و واتە مەحوی لەنێوان شەوو رۆژدا شیعر دەنوسێت، دەخوازێت لەدرزی نێوان شەوو رۆژ گوزەر بکات.. وەک لەم چەند بەیتەدا دەردەکەوێت:

**شەو کەسێ پرسی لەخۆدەرخستنی پەروانە شەو**
**ئەو وتی: نا تێگەیشتوو تەجرەبەی مەردانە شەو**
**بۆیە زوڵمەت پۆشە نوری ئەهلی جەوهەر دەرکەوێ**
**سەیری حەقی کەن لەسەر ئەم ماهو ئەستێرانە شەو**
**شەو هەموو شەو چاوەڕێیە رۆژهەڵێ، هەر رۆژهەڵات**
**مەحوی سەرتاپا لەبەر پێیا فیداکارانە شەو**
**فیرقەتی رۆژە دەرونی کردە داخێکی سیاە**
**وەک منی سەودازەدە ئاتەش زەدەی هیجرانە شەو**
**گەر فیراق ئاگر هەموو رۆژێ، لەجەرگی بەرنەدا**
**بۆ هەموو شەو تیرە دڵ سینەی زوخاڵستانە شەو**
**هەرکەسێ تالیب بەدووری مەعریفەت کۆکردنە**
**پڕ لەدووڕ دەریایەکی بێ مەهلەکەی خنکانە شەو**
**وەک (خزر) ئاوی حەیاتی فەیزی حەق عافیە نیە**
**ئەو خودا پێداوە مەحوی تا سەحەر ناڵانە شەو**

لێرەوەشەو چرکەساتێکی زەمەنیەو ترازاوە لەرۆژ بۆ تاریکی دواجار یەکگرتنەوەی شەوو رۆژ دۆزینەوەی زەمەنی راستەقینەو کەشفکردنی مەوداکانی عەشق‌وگەردوونە.. رێگەگەڕانەوەیە بۆ زەمەن لەئەبەدیەتەوە،. بەم پێیە جەنگی شاعیر پێوانەکاری زەمەن نیە بەو چەمکە هایدگەریە کەپێی وایە سەیرکردن بۆ ئامێری سەعات پێوانە کاری زەمەنە کەخود تێیدا ئامادەنیە، بەڵام کاتێک فو لەچرا دەکەیت چیتر دەچیتە ناو شەوەوە یان زەمەنەوە، فوکردنە بەهێزی پێوانەکاری.. هەربۆیە شاعیر دەخوازێ زیاد لەمەش بچێتە ناو زەمەن‌و مەودای نێوان چرکە ساتەکانەوە، بەڵام ئەمە پارچەیەکی ونبووە(٦)، ئەوەی لەم نێوەندەدا زیندو دەردەکەوێت چەمکی سەرسوڕمانە لەنێوان خودو زەمەن‌و ئەبەدیەتدا، گومان‌و پرسیارو سەرسامی، لەدنیای زماندا شاعیرێکی وەک مەحوی دەهێڵێتەوەو دەیکاتە مەنزڵی هەمیشەیی شاعیر، نەرمی‌و گومان‌و جیهان هێزو نوقمی سەرەکی دنیای شیعری مەحوین، ژیانکردن لەنێوان خوداو ئەبەدیەت‌و زەمەندا جگە لەغەمی نەمری گومانێکی بەردەوام لەدنیای مەحویدا، شتێکی تریشە دواجار دەگاتە ئەو شوێنەی کەمەحاڵە شەوو رۆژ وەک دوو چرکەساتی لێکترازاو جارێکی دی ئاشت ببنەوەو.. بێ ئومێدیەکی بەردەوام تەنگی پێهەڵدەچنێت‌و بەدەم گومان‌و ترسێکی گەردوونیەوە دواجار ماڵئاوایمان لێدەکات.

سەرچاوەکان:
١-پژوهشهای فلسفی/ لودویکو وینگنشاین/ ت ٠ فریدون فاگمی/دوم ریند ١١٥.
٢-رسالە دین شاخت، مدل درتحلیل ایمان ابارعیمی، احمد نراقی انتشارات/گرح نو/اول/١٣٧٨ ل ٢٩-٣٠.
٣-هایدگرو پرش بنیادین/ بابک احمدی نشر مرکز/ دووەم/١٣٨٢.
٤-زیندگی در دنیای متن/پل ریکور/ت، بابک احمدی/ مرکز/سوم ١٣٨٢.
٥-مفهوم زمان/ مارتین هایدگر/ ت، علی عبداللهی/ مرکز/اول/١٣٨٣ ل ٤١.
٦-هەمان سەرچاوە/ل ٧٠.
٧-دیوانی مەحوی/مەلا عبدالکریم مدرس■

## رۆشنتر لە خامۆشی



□ چەند ساڵێکە چاوەڕوانم یاداشت یا با بڵێم (رۆژانەی) نوسەری بەناوبانگ ئەنایس نینم وەچنگ کەوێت. وەختی خۆی لە رۆژنامەی (الزمن)دا لوتفیە دلیمی هەندێکی بڵاوکردەوە. خۆشبەختانە لەم رۆژانەدا لەکتێبێکدا کە لوتفیەخانی چیرۆکنوس کردبووی بەعەرەبی هەڵبژاردەیەکی کەمیم خوێندەوە بەناوی (انایس نن/ الیومیات/ مختارات/ کە خانەی(أزمنە) چاپیکردووە). واتە لەحەوت بەرگی گەورە سەدو پەنجاو یەک لاپەرەی هەڵبژاردووە.

ئەنایس نین ساڵی ١٩٠٣ لە پاریس لەدایکبووە، باوکی ئیسپانی‌و دایکی ئەڵمانییە.. ساڵی ١٩٧٧ بەنەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردووە. لەهاڤانا بەشێک لەمنداڵیی‌و گەنجیی بەسەربردووە. لەسەرەتای ژیانیدا کاری جۆراوجۆری کردووە. لەپاریس تێکەڵاوی کۆمەڵێک نوسەر بووە لەوانە هێنری میللەر، لورەنس داریل. ناخی هێنری میلەری ناسیوە، کۆمەڵێک رۆمانی هەبووە، لێکۆڵینەوەی لەسەر د.ه. لورنس‌و میللەر نووسیوە. بەڵام بەناوبانگترین کاری، یاداشتەکانێتی کەلە حەوت بەرگدا لەماوەی جیاجیادا چاپکراون.

ئەنایس نین، لەم بوارەدا وەستایەکی ئێجگار شارەزایە، زۆر نوسەر بەسەرسورمانەوە لەسەر یاداشتەکانیان نوسیوە. یەکێک لەوانە هێنری میللەرە کەنوسیویەو دەڵێت: ئەم یاداشتانەی ئەنایس نین جێگەی تایبەتی خۆیان بەتەنیشت دانپیانانەکانی ئۆغستین‌و بترونیوس‌و ئەبیلاردو جان جاک رۆسۆو مارسیل برۆستدا دەدۆزنەوە. گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە کەنوسەر باسی نوسەران‌و بیرو رەوتی ئەدەبی‌و فیکری‌و رۆشنبیری پتر لەنیو سەدە دەکات. بە وردی ناخ‌و ژیانیان دەخوێنێتەوە، بەنیگای نوسەرێکی ئافرەت لێیان ورد دەبێتەوە.

ئەم خانمە نوسەرە راستگۆیە، لەنوسیندا، لەمامەڵەکردنیدا لەگەڵ رەگەزی ئافرەتان‌و بزووتنەوەی فیمینیزمدا.. داوایان لێدەکات واز لەتوندو تیژی دژی پیاوان بهێنن‌و بچنەوە سەرهێڵی داهێنان بۆ پێکەوە ژیان‌و یەکسانی.

باسی شەری ناوخۆی ئیسپانیا دەکات‌و دژی بەرپاکەرانی شەرەکە دەوەستێتەوە، ئەوکارە رەت دەکاتەوە کە مارکسیەکان دەیکەن وەختێک مرۆڤ دەکەن بەخزمەتکاری ئیدۆلۆجیا. بەدیقەت‌و بەچاوێکی رەخنەگرانە سەیری چەندین دیاردەی ئەدەبی کردووە. واتە یاداشتەکانی تیشک دەخەنە سەر ناخی خۆی وەک ئەدیب‌و جیهانی دەرەوەی خۆی. ئەوە نییە بێت هەر باسی کەسانی ترو شتی تر بکات، بەڵکو وەک کەسێکی راستگۆ ناخی خۆی رووت دەکاتەوە، چ وەک ئارەزوو یا خەون یاخود پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا. بۆ نمونە بوێرانە رەخنەی لەشەری ناوخۆو مارکسیزم‌و توندرەویی بزووتنەوەی ئافرەتان گرتووە. یاخود بەوردی کردەوەی هێنری میللەر دەخاتە روو و باسی شتە بچوک‌و وردەکانی ژیانی حەزکردنی لە جۆری رەنگ‌و میوەو سالوکیی میللەر دەکات (هەموو شتێکی دەویست، خەریکە ببێت بە سالوکێک، لەهەر کوێدا رێبکەوی دەخەوێ، لەماڵی هاورێیەکدا، یا لە شەمەندەفەرێکدا، یا لەهۆڵی چاوەروانکردندا، یا لەسەر سەکۆیەک یا لەهۆڵی سینەمادا، لەباخچەدا، جلی نییەو ئەوەی لەبەری دەکات هی خۆی نییە).

ئەم یاداشتانە لەپاڵ ئەوەدا بریتین لە چەپکێک تیشکی ناخ، لەناوەوە بەرەو دەرەوە دێن‌و دەرژێن، چەند پارچەیەکی ئەدەبی جوانن حسابی زمانێکی سیحراوییان بۆ دەکرێ. وەسفێکی راستەقینەی شتەکانن. لەشوێنێکدا بەرستەیەک وەسفی داهێنەر دەکات: بەراستی داهێنەر بەداوی زمانێکی جیهانیدا دەگەڕێ. بۆیە داهێنەران لەهەرکوێی زەویدا بن یەکتر دەناسن.

بەشێوازێکی ئەدەبیی نایاب دێتەسەر قسەکردن دەربارەی خودی خۆی: هەموو کاتێک لەخۆشەویستیدا کەوتومەتە داوەوە، هەموو رۆژێک بەکەفوکوڵ‌و توندیی زیاترەوە خۆشەویستی دەکەم وەک بزانم ئەوەی کە خۆشمدەوێ زوو دەمرێ، یاخود خۆم سبەی بەهەلاکەتدا دەچم، چاوەروانی خۆشەویستی مەکە.. جیهانێک دابهێنە کە خۆت مەبەستتە.

گەورەترین شت لەلای من ئەوەیەکە یاداشتنوس ناخی خۆی رووت بکاتەوە، ئەوەی لە رۆمانێک یا چیرۆکێک یا شیعرێکدا ناوترێ، ئەولە یاداشتانمەدا دەرییبرێت، یالە نامەیەکدا، چونکە ئەو کاتە دەبێت بە سەرچاوەیەکی گرنگ‌و زیندوو. بەداخەوە لای خۆمان‌و لای نووسەرانی ئەم وڵاتانەی دەوروبەریشمان پەردە بەسەر ناخماندا دەدەین. لایەنە تاریکەکان دادەپۆشین‌و تەنها ئەوەی کە لەگەڵ عورف‌و عادەت‌و نەریتدا بگونجێت دەیخەینە روو. تەنانەت باسی مەینەتی‌و هەژاری خۆمان ناکەین، لەروومان نایەت زەرەیەک گەردو لایەنی سەلبی گەورە بکەینەوە.. هەمیشە بەلایەنی چاکەدا خودو ناوەوەمان گەورە دەکەین، ئەوەی کۆمەڵ دەیەوێ ئەوە لە یاداشتنامەدا دەنووسین، ئەوەیشی کە لەژیانی راستەقینەماندا هەبووەو لەگەڵ کۆمەڵدا ناگونجێت ئەوە دەرنابرین، وەک پێغەمبەر یا پاڵەوانێکی ئەفسانەیی قسان دەکەین. ئەگەر لایەنێکی تاریکی کەسانی تر هەبێت رەنگە ئاماژەی بۆ بکەین، بەڵام ئەگەر پەیوەندی بەخۆمانەوە بێت ئەوە لەبەرچاوی خەڵکدا رۆشنی دەکەینەوە. جارێک چیرۆکنووس‌و رۆماننوسی فەلەستینی غەسان لەنامەیەکدا باسی بێورەیی خۆی بەرامبەر بە خاتوو غادە السمان کرد سەدەها رۆژنمەو گۆڤارو سیاسی‌و دەزگا هێرشیان کردە سەر هەڵوێستی. باشە چ دەبێت ئەدیبێک یان سیاسییەک باسی تێکشکانی سۆزی خۆی بۆ ئافرەتێکی ئەدیب بکات. ئەمە پەیوەندی بەخودی خۆیەوە هەیە.. ئەمیش وەک کەسانی تر لەگۆشت‌و خوێنە نەک لەبەرد..

چی تیایە نوسەرێکی لای خۆمان یاداشتەکانی بنوسێتەوە، بەڵام بەنەفەسێک مرۆڤێک کە پێک هاتبێت لەچاکەو خراپەو سەرکەوتن‌و دابەزین. نەک وەک فریشتەیەکی دوور لەهەڵەو گوناهـ.■

laparakan.qxd 4/3/2005 10:37 AM Page 9



# بەعس و زمانی بەڵگەنامەکان

**لەتیف فاتح فەرەج**

□ بۆ ئەمجارە قسە لەسەر چەند بەڵگەنامەیەکی دیکە دەکەین، کەبەجۆرێک لەجۆرەکان پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، لەم بەڵگەنامانەی ئەمجارەدا، ئەوە دەردەکەوێت کەلەرێگەی هەندێ پیاوی ڕژێم و بەرژەوەند خوازەوە، بەئارەزووی خۆیان خەڵکیان کردووە بەعەرەب و ئەوەشیان وەک بەشێک لەشانازی باسکردووە، هەڵبەت دیاردەی خۆکردنە عەرەب و بردنەوەی بنەرەت و ڕەچەڵەک بۆ سەر عەرەب لەناو کورددا دیاردەیەکی نوێ نییەو لەمێژوودا زۆر خێڵ و هۆزو بنەماڵە بۆ پیرۆزی و بۆ ئەوەی خۆیان بکەن بە کچەزای پێغەمبەرو کەسوکارو بنەماڵەکەی، خۆیان کردووەتە عەرەب. سەیرەکە لەوەدایە هەندێک ڕۆشنبیر بەبێ هیچ هۆیەکی بەرچاو پشتگیری لەم بابەتە سواوە دەکەن و ئەوانیش دەبنە بەشێک لەو پروپاگەندە ترسناکەی کە دواتر کورد بوون وەک جۆرێک لە ناپیرۆزی تەماشا بکرێ و کورد بوونیان ببێتە هۆکارێک بۆ دوورکەوتنەوە لە پیرۆزی، بەداخەوە ئەم بابەتە ئێستا بەوردی قسەی لەسەر نەکراوە و هەندێک بنەماڵەو خێڵ سەرەرای ئەوەی کەخاوەنی چەندین شەهیدو قوربانین و هەمیشە لەچاوی دوژمنەوە وەکو کۆی کورد تەماشا کراوون، کەچی بەلای ئەوانەوە هێشتا عەرەب بوونەکە باشترەو بە (بەرە ناوی) شێخ و سەیدو ..هتدەوە خۆیان دەبەنەوە سەر عەرەب و بگرە پێشیان ناخۆشە کەکەسێک داکۆکی لەکورد بوونیان بکات، ئەم دیاردەیەیان زۆر جیاوازە لەو بەعەرەب کردن و خۆ بەعەرەب کردنەی سەردەمی بەعس، لەسەردەمی بەعسدا بەعەرەب بوون و بەعەرەب کردن لە پێناوی بەرژەوەندی ڕۆژو لەبەرهۆی مانەوەو شتی دیکەی لەو بابەتە بووە، ئەگەرچی لەوەشدا زۆر کەس ئامادە نەبوون خۆیان بکەن بەعەرەب، بەڵام هەندێکی دیکە، نەک هەر خۆیان کردووە بەعەرەب، بگرە لەگەڵ خۆیاندا سەدان خێزانی دیکەیان پەلکێشی بەعەرەب کردن کردووە کە دەشێت هەندێ لەو خێزانانە هەر ئاگایان لەو پرسە نەبێت، وەک دواتر لەم بەڵگەنامانەدا دەردەکەوێت. ئەم بەڵگە نامانە دیسانەوە قسەکردنن لەسەر (تصحیح قومیە)، بەڵام بەجۆرێکی دیکە بەو جۆرە ناکە بەعس خۆی لەژێر فشارو زەبرو زەنگدا کردوویەتی بەو جۆرەی کە خۆمان کردوومانە دیارە ئەمجارەیان نەلەپێناوی نزیکبوونەوەدایە لە بنەماڵەی پەیامبەرونە لەپێناوی بەهەشتیشدایە.

**ئەگەرچی لەوەشدا زۆر کەس ئامادە نەبوون خۆیان بکەن بەعەرەب، بەڵام هەندێکی دیکە، نەک هەر خۆیان کردووە بەعەرەب، بگرە لەگەڵ خۆیاندا سەدان خێزانی دیکەیان پەلکێشی بەعەرەب کردن کردووە کە دەشێت هەندێ لەو خێزانانە هەر ئاگایان لەو پرسە نەبێت**



بەڵگەنامەی یەکەم، نوسراوێکە لەلایەن فەریق ڕوکن (ئەیاد فتیح خەلیفە)ی پارێزگاری ئەو سەردەمەی کەرکوک، بە ژمارە ٤٢٩ لە ڕۆژی ١٩٩٨/٦/١٠ ئاراستەی سکرتاریەتی لیژنەی باکور کراوەو بابەتەکە (بڕیار)ە، کەهاوپێچ بڕیارەکەیە لەلایەن خودی (ئەیاد فتیح خەلیفە ڕاوی)یەوە ئاراستەی (لیژنەی فەرعی تازە محەرەمات) کراوە، تێیدا هاتووە بڕیارەکە کە ژمارە ١٨و مانگێکی ڕێک بەرلەناردنی بڕیاری یەکەم ئاراستە کراوەو دەڵێت: ڕەزامەندی جێگری سەرکۆمار وەرگیرا لەڕۆژی ١٩٩٨/٤/٢٦دا بۆ گێڕانەوەی زەوی و زاری هۆزی بەرزنجە کە دەکەوێتە ئەم ناوچانەی خوارەوە، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کەهیچ زەوی و زارێکیان بەدەستەوە نییەو نەتەوەیی خۆیان بەپێی بنەماکان گۆڕیوە.



شوێنەکان بریتین لە (زەوی ٤٦ پوزەڵە، ٤٤ لەکە، ٤٥ شۆرجە، ١٧ پەڵکانە، ٣٧ شوان، ٥٠ تەپەسەوز، ٣٠ سیا مەنسور)، هەر لەگەڵ ئەم دوو نوسراوەدا، بەڵگەنامەیەکی دیکە هەیە کەلە سکرتاریەتی لیژنەی باکورەوە دەرچووە، دەبێ بگوترێ کە بەرپرسی ئەو سکرتاریەتە (تەها یاسین ڕەمەزان)ە، ئەم بەڵگەنامەیە بەژمارە ٨٠٦/٤ لەڕۆژی ١٩٩٨/٤/٣٠ ئاراستەی پارێزگاری کەرکوک کراوەو داوایەکی پاشکۆی لەگەڵدایە کە (جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجی) واتە (شێخ جەعفەر)، پێشتر داوای کردووە تەها جەزراوی ببینێ و دیارە ڕەزامەندی لەسەر داواکەی وەرگیراوە، کە دواتر دێینە سەر ناوەڕۆکی داواکەی لەبەرئەوەی ئەونامەیەی لەسکرتێری لیژنەی باکورەوە نێردراوە بۆ پارێزگارو واژووی (تاریق زیادە ساڵح)ی لەسەرە، داوا دەکات کە داواکانی شێخ جەعفەر جێبەجێ بکرێت لەسەر بڕیارو ڕاسپاردەی (جێگری سەرۆک کۆمارو سەرۆکی لیژنەی باکورکەلەکۆبونەوەی ٢٣ی نیسانی ١٩٩٨دا بڕیاری لەسەر دراوە) و لەپەراوێزدا هاتووە، دەبێ ئەو زەوی و زارانە بگێڕدرێنەوە بۆ ئەو کەس و کارانەی شێخ جەعفەر بەرزنجی کەنەتەوەکەی خۆیان گۆڕیوە بۆ عەرەب، ئەمەش پاش دیداری شێخ و پارێزگاری کەرکوک، بەدوایدا نوسراوێکی دەستیەکە داوا لەسەرۆکی لیژنەی باکورد دەکرێ کە جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجی سەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێکردن، داوا دەکات چاوی پێی بکەوێ.

**لەسەر بڕیارو ڕاسپاردەی (جێگری سەرۆک کۆمارو سەرۆکی لیژنەی باکور کە لە کۆبونەوەی ٢٣ی نیسانی ١٩٩٨دا بڕیاری لەسەر دراوە) و لەپەراوێزدا هاتووە، دەبێ ئەو زەوی و زارانە بگێڕدرێنەوە بۆ ئەو کەس و کارانەی شێخ جەعفەر بەرزنجی کەنەتەوەکەی خۆیان گۆڕیوە بۆ عەرەب**

لەپەراوێزەکەیدا هاتووە، با نامەکەی هاوپێچ بکرێ لەگەڵ (ئەوەلیاتی ئەو لیژنەیەی کە بەسەرۆکایەتی پارێزگاری کەرکوک پێکهاتووە بۆ ڕووپێوی زەوی و زاری شوان و ئاڵتون کۆپری و کەرکوک و لەیلان).

دوا بەڵگەنامە، نامەکەی جەعفەر بەرزنجییە بۆ تەها یاسین ڕەمەزان کە لە ١٩٩٨/٣/٣دا نێردراوە و تێیدا داوادەکات زەوی و زاری گوندەکانی (قەرەچێوار، کورە، قەڵامیکایل، چەمسورفاو، قەشقە)، کەزەوی و زاری هۆزی بەرزنجەیە و پێشتر لەسەر کەرکوک بووە و دواتر خراوەتە سەر سلێمانی و ئەوجا تکریت، بدرێتەوە بەهەندێ لەخەڵکەکەم دەستەکانی ئەو هۆزە، بەڵام کەم دەستەکان کێن؟! کەگوایە بەهۆی ئەو ئابڵوقە ئابوورییەوە دەناڵێنن، ئەمان ئەوانەن کە شێخ جەعفەر بەبەشێک لەنەتەوەی عەرەبیان لەقەڵەم دەدات، جگەلە داوای زەوی و زارەکان داواش دەکات کە وەکالەتی دوو بەنزینخانە لەو وەکالەتانەی لە سلێمانیەوە گێڕدراونەتەوە بۆ کەرکوک و لەدەستی دەست ڕەشەکان ڕزگارکراوون، بدرێ بەهەر یەک لە (وەهاب عەبدولکەریم، ڕەوف عەبدولکەریم، گەرمیان سەعید) کەیەکەم و دووەم براو سێیەم خوشکەزایەتی، ئەمەش بۆئەوی وەک شێخ دەڵێت پارەکەی بدرێتەوە کەم دەستەکانی هۆزی بەرزنجە، بەتایبەت بنەماڵەکەی خۆی کە هەمیشە جێ متمانەو گوێ ڕایەڵی سەدام حوسێن بوونەو (شێخ وادەڵێت) لەحەفتاکانیشەوە بەهۆی هەڵوێستی نیشتمانیەوە زەرەرو زیانی زۆریان بەرکەوتووە، لەکاتێکدا ئەمان لەنەوەی پەیامبەرن و بنەچەی عەرەبە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە هەموو بەرزنجە (تصحیح قومیە)یان کردووە



**ئەوانەی کە شێخ جەعفەر بەبەشێک لەنەتەوەی عەرەبیان لەقەڵەم دەدات، جگەلە داوای زەوی و زارەکان داواش دەکات کە وەکالەتی دوو بەنزینخانە لەو وەکالەتانەی لە سلێمانیەوە گێڕدراونەتەوە بۆ کەرکوک و لەدەستی دەست ڕەشەکان ڕزگار کراوون، بدرێ بەهەر یەک لە (وەهاب عەبدولکەریم، ڕەوف عەبدولکەریم، گەرمیان سەعید)**

کەلەهەزار خێزان زیاترن، هەڵبەت نوکتەی ئەم نامەیە لەوەدایە کە بەحساب دوو نوێنەری کورد لەدەسەڵاتەکەی بەعسدان و یەکەم شێخ جەعفەر بەرزنجی لەسەر حسابی کوردو دواتر بەملدان بۆ ڕژێم و بوونە پیاوی پلەیەک لەکوردستاندا، گەیشتە پلەی سەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێکردن و تەها یاسین ڕەمەزانیش کەنامەکەی ئاراستەکراوە دیسان لەسەر حسابی کورد گەیشتە پلەی جێگری دیکتاتۆر، ئەم دوانە ئەگەر چوار ڕۆژ پێش ڕووخانی بەعس پشتیان بکردایەتە بەغدا، ئێستا خوا دەزانێت چی دەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا کە بڕوای تەواویان بەوە هەیە کە ئێستا ئەوانە بەتایبەتی شێخ جەعفەر بێتەوە کوردستان، هەموو ئەوانەمان بەکوردایەتی پێ دەفرۆشێتەوە، وەک چۆن ئێستا هەندێ کۆنە وەزیرو گزیری ڕژێم وادەکەن. ■





laparakan.qxd 4/3/2005 10:37 AM Page 10



□ پرۆسەکانی هەڵبژاردنی سەرتاسەری لەعێراق‌و کوردستان، وێڕای کەم‌وکورِییەکان‌و، سەرەڕای ئەو رێگری‌و ئاستەنگانەی لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای (بەناو سەربەخۆی!) هەڵبژاردنەکان کەخستیانە بەردەم کوردو ناوچە کوردستانی‌و کورد نشینەکانی دەرەوەی سنوری هەرێم تەواو بوون. تا ئەم چرکەیەش نە لەعێراق‌و نە لەهەرێمی کوردستان، پەرلەمان‌و حکومەتی نوێ دەست بەکار نەبوون.. نیگەرانی خەڵک لەم دواکەوتنانەو بگرەو بەردەی نێوان لیستەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت‌و مقۆمقۆی دابەش کردنی پۆستە سەرەکیەکان‌و، ئاسۆی دۆزی کوردو پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان‌و بەغدا لەپەرلەمانی داهاتوو دەستوری نوێی عێراقداو، هەڵوێستی درِۆدۆنگ‌و ئیزدواجیانەی زۆرێک لەلایەنە سیاسیە عەرەبیە عێراقیەکان بەرامبەر داخوازیەکانی پێشوەختەی هەیە، ئەگەر بهاتبا هاوکات لەگەڵ ئەو مەرجانە کورد لەناو خۆیدا کۆتایی بەپرسی وەگەرِخستنی پەرلەمانی نوێ‌و حکومەتی یەکگرتوو هێنابوایەو، لەرِێگەی ئەو پەرلەمان‌و حکومەتەو بەناوی ئەو دوو دەزگایە کەنوێنەری شەرعی خەڵکی کوردستانن بچوبایەتە نێو ئەو گفتوگۆیانە باشترو پاڵپشتێکی سیاسی – یاسایی جەماوەری بەهێزتر نەبوو بۆ خودی سەرکردایەتی سیاسی کورد؟

ئاریز: گومانی تێدا نییە کەداخوازییەکانی گەلی کوردستان‌و مەرجەکان لەلایەن سەرکردایەتی گەلی کوردستان لەوەرگرتنی پۆست گرنگترن‌و، جەختکردنەوەی سەرکردایەتی لەسەرئەوەی کەبەبێ مسۆگەرکردنی ئەو ماف‌و داخوازییانە ناتوانین هیچ سەرکەوتنێک لەبەغدا دەستەبەر بکەین جێی هەڵوەستە هەلومەرجە سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆو هاوکێشەو هەڵوێستە سیاسییەکانی دەرەوەیش ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنن.

**چاودێر: ئەو مقەوماتانە چین کە وا دەکات کورد هاوکات لەگەڵ مانەوەی خۆی، بەرژەوەندی دونیاش بەلای مافە رەواکانیدا رابکێشێ؟**

**ئاریز:** من دووبارەی دەکەمەوە کەکلتوری ئێمە.. کۆمەڵگەی ئێمە دوو کایەی کراوەن، زۆر باش بەپیر ئازادی‌و دیموکراسیەوە دەچن، بەتایبەتی گەلی کورد زۆری لەدەستی دیکتاتۆریەت و داگیرکاری‌و ستەم چەشتوە، سەرەڕای ئەو ئازادیەی لەئاراشدایە، بەڵام نەیتوانیوە ناخۆشی‌و تاڵی‌و دەردەسەرییەکانمان بیر بباتەوە.. تەنانەت جیا لەگەلانی ناوچەکە کوردستان‌و کۆمەڵگەکەی زەمینەی لەبارن بۆ گەشەپێدانی هەموو ئەو

# ئاریز عەبدوڵڵا..

# لەسەنگەری پێشمەرگایەتیەوە بۆ سەر کورسی پەرلەمان

سازدانی: نوری بێخاڵی

**کورد.. لەگەڵ چەندین باس‌و بابەتی تر تەوەری دیدارێکمان بوون لەگەڵ (ئاریز عەبدوڵڵا – ئەندامی پەرلەمانی کوردستان).**

**چاودێر: با لەهەڵبژاردنەکانەوە دەست پێ بکەین، ئەگەرچی کاتی قسە لەسەرکردنیشی نەماوە، بەڵام بەرِای ئێوە تا چەند بەیەک بەستنەوەی کات‌و وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەعێراق‌و کوردستاندا لەجێی خۆیدا بوو؟ نهێنی پشتی ئەم مەسەلەیە چی بوو؟**

**ئاریز:** من بەش بەحاڵی خۆم، رەنگە سەرکردایەتی سیاسی گەلی کوردستانیش پێی باش بوو بێت کە هەڵبژاردنەکان لەکوردستان‌و عێراقدا بەجیا بکرێ، بەڵام دیارە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان رێگای ئەم داواکاریەی کورد نەدا، بەڵکو بۆ خۆیان برِیاری ئەوەیان دا کەهەرسێ پرۆسەکە لەیەک رۆژدا ئەنجام بدرێن، بێگومان ئەمەش هۆکاری خۆی هەبووە.

**چاودێر: وەکو چی؟**

**ئاریز:** ئەوان بیانوی جۆراوجۆریان هێناوەتەوە، بەڵام بەتێگەیشتنی من هۆی سەرەکی ئەوە بووە کە هەرچۆنێک بێت ئێمە بەناوەندەوە گرێ بدەنەوە، تاکو لەبەغدا دانەبرِێین‌و نەگەینە ئاستێک کەهەموو برِیارە چارەنوسسازەکان لەدەستی خۆماندا بن. رەنگە ئەوان پاساویتر بهێننەوە، بەڵام من وای دەبینم کەبەپلەی یەکەم مەبەستیان زەوتکردنی سەربەخۆیی ئێمە بووە لەبرِیارداندا.

دیارە پێش خستنی هەڵبژاردنەکان لەکوردستان‌و نەبەستینەوەیان بەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق‌و ئەنجومەنی پارێزگاکان باشتر بوو.. چونکە ئێمە پێشتر ئەزموونی لەم چەشنەمان چ لەسەر ئاستی پەرلەمان یان شارەوانیەکان یاخود رێکخراوە دیموکراتیەکان هەبووە، جگە لەوە کوردستان لەباری ئاسایشەوە زۆر ئارام‌و سەقامگیر بوو، کەدەکرا دوای ئەوە بەئامادەباشیەکی زیاتر چوبایەنەتە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرتاسەری عێراق. ئەگەر چی ئەوان ئەو داخوازیەی کوردو سەرکردایەتیەکەیان لەبەرچاو نەگرت، بەڵام ئێمە هیچ گرفتێکمان نەنایەوە، لەبەرئەوەی بەلای ئێمە هەڵبژاردن ئامانجێکە بۆ راهێنانی خەڵک لەسەر ژیانی دیموکراسی‌و گەیشتن بەئامانجەکانی تر لەبەدیموکراسی کردنی کۆمەڵگەی عێراقی‌و هێنانەدی خواستە نیشتمانی‌و نەتەوەییەکانمان.

**چاودێر: بەرِای ئێوە پەرلەمانی نوێی هەڵبژێردراوی کوردستان چ لەرووی فۆرم یان شێوازی کارکردن دەتوانێ جیاواز بێت لەوەی پێش خۆی؟ باشتر بڵێین ئایا دەتوانێ چ ئیزافەیەک بکات؟ تا چەند دەتوانێ کۆپی هەمان ئەزمونی بەر لەخۆی نەبێت؟ تا کوێ کاریگەری دەبێت لەسەر بیرکردنەوەی سیاسی، یان لەگۆرِینی رێرەوی مومارەسەی سیاسی لەکوردستاندا بەدیوێکی ئەکتیڤ‌و بە بارێکی کراوەو مەدەنیتر؟**

**ئاریز:** دیارە هەڵبژاردنەوەی سەر لەنوێی پەرلەمان جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ قۆناغی پێش خۆی، ئەرکەکانی قۆناغی ئێستا جیاوازن لەئەرکەکانی قۆناغی پێشوو.. کارەکانی‌و تەنانەت گشت بەرنامەکانی جیاوازن. ئێستا دنیاو عێراق و تەنانەت کوردستانیش گۆرِانی بەسەردا هاتووە، کەواتە پەرلەمانی نوی دەبێت لەئاستی ئەو گۆرِانکاریە نوێیانەو ئەرک‌و لێپرسراوێتیەکانی ئەم قۆناغەدا بێت.

یەکێک لەم ئەرکە گرنگانە یەک خستنەوەی هەردوو ئیدارەیە، لەگەڵ دیاری کردنی جۆری پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان‌و بەغدا.. ئەو پەرلەمانە پەرلەمانی یەکخستنەوەی خەڵک‌و ئیرادەو گوتاری سیاسی کوردو هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.. کەواتە دەبێت پەرلەمانێک بێت جیاواز لەکارکردن‌و مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهات‌و گۆرِانکاریەکان، ئەگەر پێچەوانەی ئەمەش بوو، ئەوا بێگومان پێش هەر کەس گەلەکەمان زەرەرمەند دەبێت.

**چاودێر: ئایا دەکرێ بڵێین کەسەرکردایەتی سیاسی کورد جۆرێک لەخەمساردی پێوە دیارە؟ واتە لەکاتێکدا بۆ وەرگرتنی پۆستێکی سەرەکی لەعێراقدا چەند مەرجێکی** لەسەرکردنە، بەتەئکید ئەگەریش پەرلەمان‌و حکومەت لێرە دەستبەکاربوونایە بێگومان پشتی سەرکردایەتی بەهێزتر دەبوو لەپێشکەشکردن‌و خستنەرِووی ئەو ماف‌و داخوازییانە.

**چاودێر: بەر لەهەڵبژاردن‌و ماوەیەکی زۆرە، تەنانەت دوای سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی چەمکێک خۆی خزاندۆتە نێو گوتاری سیاسی کورد کەئەویش چەمکی (تەوافوقە).. تەوافوق لەدابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمان.. لەدارِشتنی برِیارو پەسەندکردنی‌و هەموارکردنی یاساکان لەداهاتوودا.. لەحکومەت‌و کارو برِیارەکانی‌و.. هتد، ئایا ئەم تەوافوقە بەر لەهەر شت بۆ رازیکردنی دڵی یەکێتی‌و پارتی نییە، ئەویش بەمەبەست‌و پاساوی دوورخستنەوەی مەترسی یان هەر ئەگەرێکی تری دووبارە تۆخ بوونەوەی ناکۆکییەکان؟ یاخود رەهەندی دیکەی هەیە؟**

**ئەم تەوافوقەی کەهەردوو حزب قسەی لەسەر دەکەن تا چەندو لەکوێدا خزمەتی خەڵکی کوردستان‌و قوڵکردنەوەی گیانی دیموکراسی‌و پرۆسەی چاکسازی‌و کرانەوەو هەنگاونان بەرەو گۆرِان لەژیانی سیاسی کوردستاندا دەکات؟**

**ئاریز:** بەپێچەوانەوە، مەسەلەی تەوافوق رەهەندێکی دوورتری هەیە، ئەو رێکەوتنەی لەنێوان یەکێتی‌و پارتی هەیە، یاخود لەدوارۆژدالەهەر بوارێک دەکرێت لەسەر زۆر لەپرسە گرنگ‌و چارەنوسسازەکاندا کارێکی باشە.. هەلومەرجی کوردستان ئەوە دەخوازێ کوردستان دابەشبۆتە سەر دوو ئیدارەو دوو ناوچەی جیاواز.. دوو مامەڵەی سیاسی جیاواز. تەنانەت جیاوازی لەنێوان زۆر لەو برِیارو یاساییانەدا هەن کە لەماوەی رابردوودا لەهەردوو لاوە دەرکراون. بۆیە لەپێناو سەرخستنی ئامانجەکانی رێکەوتنی ئاشتی کەتێکەڵبوونەوەو یەکخستنەوەی ئیدارەو گوتاری سیاسییە، ئەم هەنگاوە هەنگاوێکی باش‌و گرنگە.

## مەحاڵە بتوانرێت بەبێ کوردو جێبەجێکردنی داخوازیەکانی، عێراق وەکو دەوڵەتێکی نوێ دابرِێژرێتەوە

واتە پرسی تەوافوق لەدابەشکردنی دەسەڵات‌و ئیمتیازو بەرژەوەندییەکان نییە، بەڵکو ئەو دوو هێزە نوێنەرایەتی زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەکەن، خەڵکیش لەهەڵبژاردنەکاندا دەنگی زیاتری بەم دوو حزبەدا، تائاستێکیش هەردوو لامان لەرِووی ئۆتۆریتەی جەماوەری و رێژەی دەنگدەران لەیەکتری نزیک بین. بۆیە بەرِای من ئەو شێوازەی رێکەوتنە بۆ ئەم قۆناغە زۆر گرنگەو، پێویستە بەهەموو لایەکمان هەوڵ بدەین برینەکانی قۆناغی رابردوو سارێژ بکەین‌و، هەوڵ بدەین برِیارو بەرنامەی وا دابرِێژین کەرێگە لەدووبارەبوونەوەی کەموکورِییەکانی رابردوو بگرێت‌و، زەمینەی باشترو لەبارترو زیاتر بۆ ئەوە برِەخسێنین کە لەداهاتوودا خەڵکی کوردستان ئازادانەتر گوزارشت لەخۆی بکات‌و بچێتە سەر سندوقەکانی دەنگدان‌و مەسەلە سیاسییەکان یەکلابکاتەوە، تاکو ئێمەش بتوانین لەرِێگەی پرۆسیسی دیموکراسییەوە کێشەکانمان چارەسەر بکەین‌و، ئەو لایەنە دەسەڵات بگرێتە دەست کەمتمانەی زۆرترینی خەڵک مسۆگەر دەکات.

لێرەوە ئەم رێکەوتنەی نێوانمان کارێکی زۆر پێویستەو، بەبێ ئەوە ناتوانین هیچ هەنگاوێک بچینە پێشەوە. چونکە چەمکانەی کەهاوتەریبن لەگەڵ زمانی سەردەم‌و بەرژەوەندی سیاسەتی دنیادا، ئەو دونیایەی کەئەستەمە جارێکیتر قبوڵی بەردەوامی یان هاتنە سەر کاری سیستەمی تۆتالیتارو دکتاتۆری بکات.

من ئەوە دەڵێم با دوژمنانی گەلی کوردستان لەوە بترسن ئێمە دەوڵەت دروست دەکەین، نەک ئێمە لەوە بترسین کەدورستی بکەین دەتوێینەوە، یان لەناومان دەبەن. چونکە خۆشبەختانە ئەوانەی ئەورۆ دژی بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستان لەگۆرِەپانەکەدان، بەتایبەتی دەوڵەتانی دەرو دراوسێ جگە لەوەی بەدەست قەیرانی نەبوونی دیموکراسی دەناڵێنن، وەکو جارانیش هێندە کۆک‌و تەبا نین تا بتوانن بەرنامەیەکی ستراتیژی ئەوەندە تۆکمەیان هەبێت کەبەهۆیەوە بتوانن کاری پێ بکەن‌و دونیاش ئەوەیان لێ قبوڵ ناکات.

**چاودێر: دوور لەئینتیمای سیاسی.. دوور لەپەرلەمانتاری، وەکو کوردێک ئایا بەبێ کوردو بەرجەستەبوونی ماف‌و داوا رەوا نیشتمانی‌و نەتەوەییەکانی دەکرێت عێراق بنیات بنرێتەوە؟**

**ئاریز:** مەحاڵە بتوانرێت بەبێ کوردو جێبەجێ کردنی داخوازیەکانی عێراق وەکو دەوڵەتێکی نوی دابرِێژرێتەوە.

**چاودێر: دێینەوە سەر هەڵوێستی دوو فاقیانەی هێزو لایەنە سیاسیە عەرەبیەکانی عێراق بەرامبەر کوردو دۆزەکەی.. ئەوان بەر لەراپەرین‌و دوای ئەوەش‌و پێش روخانی بەعس لەکۆنگرەکاندا دانیان بەفیدراڵی‌و زۆر شتی تر دەنا بۆ کورد، بەڵام پاش روخانی ئەو رژێمەو پەیداکردنی دەسەڵات، یان هەندێکیان پاش گەزبوونەوە، یاخود هەندێکی تر بەگوێرەی میزاج‌و بەرژەوەندی لەشوێنکاتی جیاوازدا مامەڵە لەگەڵ کێشەی کورد دا دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ ئەم هەڵوێستەیان سەرچاوە لەو راستیە مێژووییە وەرناگرێت کەبەڵێ عەرەب وێرِای جیاوازی ئینتیما سیاسی – ئاینی – تایفییەکانی کاوێژ لەسەر باکگراوندو کلتورێک دەکات کەدەبێت هەر خۆیان سەروەرو بەرامبەرەکانیان کۆیلەو پلە دوو و سێ بن؟**

**ئاریز:** لەرِاستیدا کلتوری ئەوان بۆ ئێمە جێگەی مەترسیە ئەمە خاڵێک، دووەمیان کەسیان راستەوخۆ ناڵێت ئێمە لەفیدراڵیەت پەشیمان بوینەتەوە، بەڵام ئەو پێداگیریەی لەسەردەمی ئۆپۆزیسیۆندا هەیان بوو ئێستا نیانە..کەبەم نارِاستەخۆیی‌وتەم‌ومژەوە هەڵوێست لەسەر فیدراڵیەت دەردەبرِن وای دەبینم سێ شت هەن. یەکێکیان وەک پێشتر باسم کرد جۆری ئەو فیدراڵیەتەی کەئێمە دەیخوازین دیار نیە، دەبوایە ئەمە روون بکەینەوە کەدەوڵەتی عێراقی ئایندە، دەوڵەتێکی فیدراڵی بێت‌و بەسەر چەند هەرێمێکدا دابەش بێت، چونکە بەبێ بوونی چەند هەرێمێکی جیاواز دەوڵەتەکە دەوڵەتێکی ناوەندی دەبێت. لایەنی دووەم ئەوەیە کەئەوان ئیرادەو ویستی گەلی کوردو ئاراستەی سیاسەتی دونیا دەبینن ئەگەر نا لەبنەرِەتدا برِوایان بەو پرەنسیپە نیە. لایەنی سێیەمیش کاریگەری دەوڵەتانی دەوروبەرە لەسەر زۆرێک لەهێزو لایەنە سیاسیە عەرەبیەکانی عێراق لەنمونەی (ئێران، تورکیا، سوریا) ئەم کاریگەریەش رەنگدانەوەی نێگەتیڤی راستەوخۆی لەسیاسەتی ئەو هێزانەدا هەیە بەرامبەر بەکورد.

**چاودێر: دوا پرسیار دێینەوە سەر کوردستان، یەکێک لەگرفت‌و گیرو گازەکانی دەسەڵاتی کوردی لەماوەی چواردە ساڵی رابردوودا نەبوونی شەفافیەت بوو.. بەردەوام پەردەیەک (ئەگەر نەڵێین دیوارێک) لەنێوان دەسەڵات‌و خەڵکدا هەبووە، کەمتر لەرِووداو پێشهاتە سیاسی‌و برِیارە چارەنوسسازەکان پرس بەخەڵک کراوە، واتە کەمتر بواری بەشداری سیاسی بۆ خەڵک رەخسێنراوە.. پێت وایە پەرلەمانی نوێ دەتوانێ دەرگایەکی نوێ بەسەر خۆیداو لەرێگەی خۆشی بەسەر بیرکردنەوەی حزب‌و حکومەت‌و دامەزراوەکانی تردا بکاتەوەو ئەو پەردەیە لەنێوان خۆیان‌و خەڵکدا نەهێڵن‌و شەفافیەت لەکاری سیاسی‌و کارگێرِیاندا بنوێنن؟**

**ئاریز:** پێویستە وا بێت (بەبزەیەکەوە). ■

# مردنیان پیشان بدە بۆ ئەوەی تاولەرزیان لاسەیران بێت

ن: پیتەر گالبێرت

و: فەیزوڵڵا برایم خان

Bitter lemons- international.org

□ هیچ شوێنێک بەو ناوە نییە) ئەوە قسەی ئەفسەرێکی موخابەراتی تورکی بوو سەرەتای مانگی شوبات بەکورەکەمی وت. لەکاتێکدا لە دیوەکەی تورکیای پردی خاپور جانتاکانی ئێمەیان دەپشکنی، ئەو پردەی تورکیاو باکوری عێراق لە یەکتر جیادەکاتەوە، چاوی بە سێتێکی شەترەنج (تاوڵە) کەوت، کە وشەی (کوردستان)ی لەسەر نەخشکرابوو. دوای مشتومرِ سێتەکەمان گەراندەوە ناو عێراق، دەرنەفیزێکی دایە ئەندرۆی کورم بۆ ئەوەی ئەو وشە بقەیە لاببات.

لەدووریی پەنجا مەتر لە بنکەی ئەمنی تورکیا لە کۆتاییەکەی تری پردەکە عەلامەتێک هەڵواسراوەو تیایدا نوسراوە: (بەخێربێیت بۆ کوردستانی عێراق) بە ئینگلیزییەکەی (Welcome to Kurdistan of Iraq) ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە گۆرێ ئایا تاکەی ئەو (of Iraq) لەسەر ئەو نوسینەدا دەمێنێتەوە.

لەو سنورەی لێی دەپەریتەوە ئاڵای عێراق بەرچاو ناکەوێ‌و لەهیچ شوێنێکی تری کوردستانی عێراق نابینرێ (ئاڵاکەی عێراقی بەر لە ساڵی ١٩٩١ لەسەر هەندێ تەلارەکانی ئەو بەشەی کوردستان کە لەژێر کۆنترۆڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دایە بەرچاو دەکەوێ). ئاڵای کوردستان کە ئاڵایەکی سێ رەنگییە لە سەوزو سپی‌و سورو لەناوەراستیدا خۆرێکی زەردی پرشنگدار هەیە لەهەموو شوێنێک دەشەکێتەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵی رێگەی پەرینەوەی خاپور دەکات نەک حکومەتی بەغدا. دائیرەکانی حکومەتی ناوەندی لەناو کوردستاندا نییەو حکومەتی کوردستان رێگە نادات سوپای عێراق هێزەکانی بنێرێتە ئەو هەرێمە.

ئایا دەبێت هیچ گومانێک لەوەدا هەبێت کە ئەو دۆخە بەرەو چ ئاقارێک دەروات. لە رۆژی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ریفراندۆمێکی نا رەسمیدا سەبارەت بەوەی ئایا کوردەکان دەیانەوێ هەروەکو بەشێک لە عێراق بمێننەوە یاخود سەربەخۆ بن؟ دوو ملیۆن کەس دەنگیداو ٩٧٪ سەربەخۆییان هەڵبژارد.

ئەو سێتە تاوڵەیەی ئەندرۆ دیارییەک بوو پێشکەشی کرابوو لە لایەن جەلال تاڵەبانی سەرکردەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کە پێشرەوی لیستی یەکگرتووی کورد بوو بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ٣٠ی کانونی دووەم کە توانی ٢٦٪ی کورسیەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق بەدەست بێنێ، کوردەکان شەریکێکی سەربەخۆن لەگەڵ لیستی شیعەکان کە زۆرینەیەکی کەمیان بەدەست هێنا. هەموو گفتوگۆو مشتومرەکانی ناو پەرلەمان پێویستی بە دوو لەسەر سێی دەنگەکان هەیە، بەو واتایە ئەگەر شیعەکان حکومەت پێک بهێنن یان دەستوور بنوسنەوە پێویستی بە پشتگیری کورد هەیە.

کوردەکان هەمیشە رایانگەیاندووە کەلە بری پشتیوانی ئەوان دەبێت دەستوور ئاستی سەربەخۆیی کوردستان دیاری بکات. کوردستان خۆی خۆی بەرِێوە ببات‌و بەشی گونجاوی خۆیان هەبێت لە بودجەی عێراقی فیدراڵ‌و هێشتنەوەی سوپای خۆی‌و بەرِێوەبردنی نەوتی خۆی‌و کۆنترۆڵکردنی سنورەکانی خۆی‌و بەتەواوی ئازاد بێت لەدەستێوەردانی بەغدا.

کوردەکان دەیانەوێ پارێزگای کەرکوکی بەنەوت دەوڵەمەند بخرێتە سەر کوردستان، ئەو داواکارییەشیان بەهێزتر بوو دوای ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکە ئەو لیستەی کوردەکان پشتیوانی دەکەن زیاتر ٨٠٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا، لەناو لیستەکەشدا تورکمان‌و عەرەب‌و مەسیحی هەن (کەبە لیستی برایەتی چووە ناو هەڵبژاردنەکان).

کوردەکان هەروەها چاوەروانن بەشداری هێزو دەسەڵات بن لەبەغدا، نەک تەنها بۆ ئەوەی تەئکید لەسەر دۆخی خۆیان بکەنەوە کەوا لەگەڵ عەرەب یەکێکن لە دوو نەتەوەی عێراق، بەڵکو لەبەرئەوەی پێیان وایە گێرانی رۆڵێکی سەرەکی لە بەغدا کوردستان زامن دەکات‌و دەپارێزێ. سەبارەت بە پشتیوانیان لە دانانی سەرەک وەزیرانێکی شیعە، کوردەکان سورن لەسەر ئەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار بەدەست بێنن‌وکاندیدەکەیان جەلال تاڵەبانیە. سەیرە یەکەمین سەرۆکی ئازادانەی هەڵبژێردراو و لە راستیدا یەکەمین سەرۆکی هەڵبژاێردراو لەو خاکەی کە ئێستا پێی دەوترێ عێراق هەر لە ئادەمەوە کە بەتەنیا لەو شوێنە بووکوردە.

لەسنور وەک چەکدارو سەرباز لەقەڵەم دەدرایەن، هەندێ لە تورکەکان نکوڵی لەو واقیعە نوێیەی عێراق دەکەن. بەڵام لەسەرروو هەمووئەوانەشدا وەڵامی تورکیا سەبارەت بە هاتنە کایەی کوردستان ئاڵۆز بووە. زۆر لە تورکەکان، ئەوانەی سوپاو موخابەرات‌و دامەزراوە دیپلۆماسیەکان دەبینین هەڵێک لە ئارادایە لەگەڵ ئەوەش گۆرانکارییەکانی کوردستان بە مەترسیدار دەبینن.

ناسیۆنالیزمی کورد لە عێراق واقیعێکەو توانای تورکیا لە کاریگەریدا بۆ مەسەلەی دەوڵەت (هەرچەند دیفاکتۆیەکی نادیار یان دیار بێت) زۆر کەمە.

تورکیا خیاری سەربازی لەبەر دەمدا نییە. دەستێوەردانێکی سەربازی لەسەر ئاستێکی گەورە دەبێتە هۆی وروژاندنی زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ پێشمەرگەی پرِ چەک کە بەم جۆرە تورکیا رووبەرِووی هێزێکی بە ئەزموون‌و بەتواناتر دەبێتەوە لەوەی لە شەری پانزە ساڵەی دژ بە p.k.k لەباشوری خۆرهەڵاتی تورکیا بینیویەتی. دەبێتە هۆی تێکدانی پەیوەندیەکان لەگەڵ ئەمریکاو هیوای بوون بەئەندامی یەکێتی ئەوروپا دەخاتە ژێر گلەوە. بایکۆتی ئابووریش شمشێرێکی دوو سەر دەبێت کە بازرگانی پرِ قازانجی تورکیا لەگەڵ عێراق لەناو دەبات. داخستنی سنور گورزێکی تایبەتی ئازاربەخش لەناوچەی کوردەکانی باشوری خۆرهەڵاتی تورکیا دەدات کەلەوێ سۆزێکی میللی بۆکوردەکانی عێراق بەرجەستە دەکات.

هەستی جیابوونەوەی کوردەکانی تورکیا بەتەواوی بەرەو نزمی چووە نەک تەنها بەهۆی بەزینی سەربازی p.k.k بەڵکو لەسەر ئەو بنەمایەی تورکیا دەچێتە ریزی یەکێتی ئەوروپا. بەهەڵە هەنگاونان لە عێراق (بەتایبەتی لەکاتێک سازش بۆ یەکێتی ئەوروپا دەکەن‌و ئەو بەرەو پێشچوونە بەرچاوانەی کە سەبارەت بە مافەکانی کورد ئەنجام دراون لە تورکیا لە دەرەنجامی ئەو پرۆسەیە) رەنگە ببێتە هۆی وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی کوردەکانی تورکیا.

کوردەکانی عێراق بەشێوەیەکی فراوان دەرگایان بۆ بازرگانە تورکەکان‌و وەبەرهێنانیان لەهەرێمەکەیان کردۆتەوە. کۆمپانیا تورکیەکان بەشێوەیەکی یەکجار زۆر بوونیان هەیە.. پرۆژەی ئاوو دروستکردنی فرۆکەخانەو تا بگرە کارگەی بیرەش. جەنەڵ ئێرجی کۆمپانیای تورکی یەکەمین بەڵێنی لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان پێدرا بۆ پەرەپێدانی بیرە نەوتیەکەی تەق تەق. ئەو کۆمپانیایە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە پشتیوانی دەکرێ.

روناکبیرە مێشک کراوەکانی تورکیا وای بۆ دەچن کە تورکیاو کوردستانی عێراق زۆر شتی هاوبەشیان هەیە، نەک تەنها لە رووی ئیتنیکیەوە. کوردەکانی عێراق هەمان دیدی خۆرئاواییانەو عەلمانیانەیان هەیە کە دەوڵەتی تورکیای ئێستای پێ دەناسرێتەوە. لە بری ئەوەی وەکو وێرانەیەک سەیر بکرێن، زۆرێک لە تورکەکان بەتوندرەوەکانیشەوە حاڵی حازر بۆچوونیان بۆکوردستانی عێراق گۆراوەو وەکو هاوپەیمانێکی ئایندەو وەکو قەڵغانێک دەبینن لە دژی عێراقێکی میلیشیای ئیسلامی.

یەکێک لە پێشهاتە پراکتیکیەکانی هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی کوردستان، خۆی لەو بێ دەنگییەی تورکیا دەبینێتەوە سەبارەت بە فیدراڵیزم لەعێراقدا. کە تەنها دوو ساڵ بەر لە ئێستاو بە ئاشکرا دژایەتی خۆیان بەرامبەر ئەو چەمکە دەردەبرِی. هەروەکو کورد دەڵێت: مردنیان نیشان بدە بۆ ئەوەی کە لەرزو تایان خۆش بوێت. ■

laparakan.qxd 4/3/2005 10:37 AM Page 11



# شانۆگەری (ئۆتەیل - Othello)

# شەکەسپیر.. لەتەرازوی لێکۆڵینەوەو رەخنەدا..

هەڵگورد عارف مەحمود

بەشی دووەم و کۆتایی

□ بەش بەش ئەو پیلانەو ئەوکارە تێکدەرانە ئەنجام درا.. بەڵام ئایا (یاجو) ئەیزانی دوای ئەوە چی رووئەدات و ئاکامەکانی چۆن ئەبن؟ ئایا ئەو پیلانەکەی لەدەستپێکەوە دارشتبو بۆئەوەی بەشەکانی یەک لەدوای یەک جێبەجێ بکات؟ یان بەشێک، هەندێک لەرووداوەکان بە (رێکەوت) رویداو ئەمەش لەخزمەتی هەوڵەکانی (یاجو)دا بو؟

گەر بەوردی لەرووداوەکان بکۆڵینەوە ئەمانەمان بۆ دەردەکەوێت:

١)گەر (یاجو) یاوەری (ئۆتەیل) بوایە لەباتی (کاسیو) ئەم کارەستانە رووی نەئەدا.. بەڵام ئۆتەیل، کاسیوی کردبو بەیاوەری خۆی و یاجوی کردبو بەهەڵگری ئاڵا.. لەبەرئەوەی پۆستی یاوەری بەرزترو باشترە لەپۆستی هەڵگری ئاڵا هەروەها نزیک ترە لەسەرکردە.. بۆیە یاجو زۆر نیگەران و دڵشکاو بو بوو رۆژ بەرۆژ ئاگری رقوکینەی بەغیلایەتی لەدڵیا زیاتر جۆشی ئەسەند بەرامبەر کاسیو.. هەر لەبەرئەوەش بۆ بناغەی هاورێیەتی و دۆستایەتی لەگەڵ کاسیو لەسەر خیانەت و دڵپیسی و ناڕاستی دارشتبوو.

٢)(یاجو) توانی (رودریجو) قایل بکات تا لەگەڵیا سەفەر بۆ قبرس، لەبەرئەوەی رودریجو (دزدمونە)ی خۆش ئەویست بەڵام بێ ئاکام بو چونکە دزدمونە بوە هاوسەری ئۆتەیل و هیچ گرنگیەکی نەدا بەرودریجو، کەواتە (یاجو) ئەتوانێت ئەو ئازارانەی دڵی رودرۆیجو بکوڵێنیتەوەو بیقۆزێتەوە بۆ هێنانەدی نیازە گڵاوەکانی لەتوڵەکردنەوە لە (ئۆتەیل).

٣)(یاجو) توانی ژنە میهربان و باشەکەی خۆی بچەوسێنیتەوەو بەکاری بهێنێت بۆ جێبەجێکردنی هەندێک لەبڕگەکانی پیلانەکەی بەشێوەیەکی ژیرانەو ناڕاستەوخۆ.. واتە بێ ئەوەی هیچ شتێکی لا ئاشکرا بکات لەوکارە قێزەوەندانە.

کەواتە ئێستا سێ خاڵی سەرەکی گرنگ هەیە کەیاجو لەدەستپێکدا دایناوە بۆچونە پێشەوە بەبازی درێژ.. بەهەنگاوی خێرا بۆ بزواندنی پاشماوەی هەموو کارەساتەکە. یاجو نەیدەزانی لەقوبرس بارودۆخ چۆن دەبێت، بۆیە نیوەی پلانەکەی لەبندقیە دارشت و نیوەکەی تری لەقوبرس. (پێوەنان و قەبەکردن) لەرێڕەوی رووداوەکان لەشانۆگەری (ئۆتەیل) دا بابەتەکەی خستوەتە چوارچێوەی (پشت بەستن) بە (رێکەوت)ەوە..

چونکە (یاجو) لەهەموو خاڵەکانی کەگەرەکی بو بەئاسانی و بەبێ گرفت سەرکەوتنی بەدەستهێنا.. بەڵام لەکۆتاییدا ژێرکەوت نەیتوانی خۆی رزگار بکات.. (شەکەسپیر) ژیانی ئەم تاوانبارەی رمان لەبەرئەوەی شایستەی مردن بو.

هەرکەسێک ئەم شانۆگەرییەی خوێندبێتەوە.. یان لەسەر تەختەی شانۆ بینبیتی.. یان بەفیلمی سینەما یەکسەر بی یەکو دوو بڕیاری کوشتنی (یاجو) ئەدات چونکە ناپاکەو کەسایەتیەکی خراپ و نەفرەت لێکراوە.. شەکەسپیر هەمان کاری کردوە.. ئەمەش بناغەی درامی شانۆگەریەکەی ئەوەندەی تر لاواز کردوە.

**هەرکەسێک ئەم شانۆگەرییەی خوێندبێتەوە.. یان لەسەر تەختەی شانۆ بینبیتی.. یان بەفیلمی سینەما یەکسەر بی یەکو دوو بڕیاری کوشتنی (یاجو) ئەدات چونکە ناپاکەو کەسایەتیەکی خراپ و نەفرەت لێکراوە.. شەکەسپیر هەمان کاری کردوە.. ئەمەش بناغەی درامی شانۆگەریەکەی ئەوەندەی تر لاواز کردوە**

خواست و ئاوات و ئارەزوی خوێنەرو بینەر هاتەدی (یاجو) کوژرا، بەئاسانی بەرەونی راستیەکان و دەرون شاراوەکانی یاجو دەرکەوت کەوتەڕو هەر لەسەرەتاوە.. ئەی ئەمە لاوازی نیە بەگوێرەی ململانێ و بنیاتنانی کەسایەتی لەهەر شانۆگەریەکدا بێت.

(دژە کردار) ئەنجامی کردارێکە.. هەر کردارو رووداوێک بێت.. ئەپرسین.. چی روی ئەدا گەر دزدمونە نەمردایە بەهای شانۆگەریەکە چی ئەبو گەر دزدمونە دوای خۆکوشتنی ئۆتەیل لەخەو و بیداری هەڵسایەتەوە؟.. ئایا بەبێوەژنی دەمایەوە؟..

ئایا رێڕەوی ژیانی دەگۆڕا؟؟ ئایا خۆی دەکوشت یان تۆڵەی دەسەند؟.. لەم شانۆگەرییەدا (کۆتایی) خۆی ئاشکرا کرد پێش رووداکەی.. بینەرو خوێنەرو جەماوەرزوو هەستیان بەنزیک بوونەوەی مەرگ کرد.. دزدمونە بەخنکاندن مرد.. ئۆتەیل لەداخی مردنی دزدمونە خۆی کوشت.. یاجو روی رەشی ئاشکرا بوو دەستگیرکراو لەناوبرا.. وکاسیو رزگاری بو..

لەگەڵ ئەم کۆتاییە لاوازەدا شانۆگەریەکە رووی (دڵپیسی و بەغیلی) ئاشکرا کرد.. (دڵپیسی) ئۆتەیل بەرامبەر دزدمونە.. (بەغیلی) یاجو بەرامبەر کاسیو.

### گرنگی (دەستەسڕ) لەشانۆگەری (ئۆتەیل)دا

دەستەسڕەکە لەم شانۆگەریەدا خاڵی بەیەکگەیشتنە..

بە بەهاترین دیاریە لەدایکی ئۆتەیلەوە بۆ ئۆتەیل.. هەروەها بە بەهاترین دیاریە لەئۆتەیلەوە بۆ خۆشەویست و هاوسەرەکەی دزدمونە.. لەدواییدا بووە مراوو خواستی (یاجو) .. بەڵام لای کاسیو ئەم دەستەسڕە تەنها شتێکی بزر بوەو هیچی تر..

بەرێکەوت لەچوارچێوەی ماڵەکەی خۆیدا دەیدۆزێتەوە لەبەرجوانیەکەی و وردی نەخشەکانی بۆ خۆی هەڵدەگرێت..

(ئیمیلیا)ی هاوسەری (یاجو)ش لەم بەزمی دەستەسڕە بێبەش نیە. کاتێک ئەم دەستەسڕەی لەماڵی دزدمونە دۆزییەوە کە لەسەر زەوی فڕێدرابو هەڵیگرتەوەو پێشکەشی (یاجو)ی هاوسەری کرد بەبێ ئەوەی ئاگاداری ئەوە بێت کە یاجو مەرامە گڵاوەکانی پێ ئەنجام ئەدات.

گەر بەوردی لەبابەتی دەستەسڕەکە بکۆڵینەوەو پەیوەندی لەگەڵ رووداوەکانی یەک لەدوای یەکدێن شیبکەینەوە فاکتەرێکی ترمان لەفاکتەرە قەبەکراو زلکەرەکانی (مبالغە) شەکەسپیر دەردەکەوێت لەم شانۆگەریەدا کەدورە لەقوڵایی و لەواقع و زۆر نزیکە لەساکاری..

ناسینی کاسیو بۆ ئۆتەیل نوێی نیەو لەدەمێکەوەیە.. ئەم پیاوە زۆر شت لەژیانی ئۆتەیلی مەراکیشی دەزانێت و نزیکترین کەسە لێوەی... رووداوەکانی شانۆگەریەکە ئەم راستیەمان بەبێ پێچو پەناو گرفت بۆباس دەکات..

دزدمونە زۆر بەگەرمی بەرگری لەکاسیو دەکات بۆئەوەی ئۆتەیل بیگەڕێنێتەوە بۆ سەر پۆستەکەی جارانی کەیاوەری سوپا سالار بو.. دوای دەرکردنی لەسەر ئەم پۆستە لەلایەن ئۆتەیلەوە..

بێگومان بەرگری کردنی دزدمونە لەکاسیوو پاڕانەوەی زۆری لە ئۆتەیلی هاوسەری بۆ گەڕانەوەی بۆ پۆستەکەی لەئەنجامی ئەو ناسین و تێکەڵاویی و یەیوەندیە تۆکمەیەی نێوان کاسیوو ئۆتەیل و دزدمونە بو، هەروەها پیاوچاکی و دڵسۆزی کاسیو بۆیان..

کەواتە کاسیو بەهۆی ئەو تێکەڵاوییەو ئەو دڵسۆزیەو بەهۆی سروشتی کارەکەی کەنزیکترین کەس بوو لەئۆتەیل و دزدمونە.. دەبێت شتێک لەچیرۆکی ئەم دەستەسڕە بزانێت.. مێژووەکەی.. بەهاکەی.. هەر نەبێت چەند جارێک بەدەست دزدمونەوە دیوێتی.. کەواتە شێوەکەی رەنگەکەی و دواتر بەهاکەی لای دزدمونە ئەزانێت... چونکە دزدمونە ئەو دەستەسڕەی نەشاردبوەوەو نەیخستبوە سندوقە کەنتورەکانیەوە بەڵکو رۆژانە بەدەستیەوە بووبەکاری دەهێنا.. لەدانیشتنەکان.. کۆبونەوە خێزانیەکان.. لەئاهەنگەکان بەسەدان جار ناوچەوان و دەمی پێ دەسڕی... دزدمونە وەک ژنە ناودارێک و کەسایەتیەکی لەبەرچاو.. خۆشەویستی کۆمەڵ و سوپا سالارو سەرکردەی دورگەی قوبرس ئۆتەیل لەگەڵ شوخو شەنگی و جوانیەکەی بێگومان هەمیشە قیبلەی دیدەی هەموو ئامادەبوان بوو. هەمووچاوی سەرسوڕمانیان لەشێوەی ئارایشت و خشڵ و جلوبەرگەکەی و ئەو شتانەی بەدەستیەوەیەتی لەسەربو.. کەواتە ئەو دەستەسڕە جوان و بەبەهایە کە هەرگیز بەدەست و پەنجەکانیەوە بوو بەوپەڕی نازەوە زیاتر لەهەموو شتەکانیتر سەرنج راکێشتر بوو..



کەواتە کاسیو کاتێک ئەو دەستەسڕەی لەماڵەکەی خۆیدا دۆزییەوە ئەبوایە زۆر چاک بیزانیایە ئەو دەستەسڕە کامەیەو کێ خاوەنێتی و زۆر بەخێرایی بیگەڕانایەتەوە بۆ دزدمونە..

باشە باواز لەکاسیو بهێنین.. ئەی (ئیملیا)ی هاوسەری یاجو ئەویش بەقودرەتی قادر وڕو گێژو بێ ئاگابوو.. ئەی نزیکترین و تێکەڵاوترین ژن نەبوو لەگەڵ دزدمونە.. گوایە هەر جارێک ئەو دەستەسڕەی نەدیوە بەدەست دزدمونەو گوایە نازانیت چ بەهایەکو گرنگیەکی هەیە لای؟

تەنانەت لەدوای دیارنەمانی دەستەسڕەکە لەدیالۆگێکی دورو درێژدا دزدمونە بۆ ئیمیلیا ئەدوێت و باسی ئەوە دەکات کەئەو دەستەسڕە چ بەهایەکی هەیە لای و ئەم چەند پێوەی پەیوەستە.. هەموو ئاگاداری ئەوەین کەرێزو خۆشەویستی و دڵسۆزی ئیمیلیا بو دزدمونە بێ سنورە.. رووداوەکانی رۆژانە لەنێوان ئۆتەیل و دزدمونە کەبەرەو ترسناکی هەڵئەچو زۆرجار بەتوندوتیژی لەبەردەم و بەئامادەبوونی ئیمیلیا روی ئەدا.. بەتایبەتی لەسەر بابەتی دیارنەبونی دەستەسڕەکە.. ئەی ئیملیای هەرە دڵسۆزی دزدمونە هەستی بەوە نەکرد کەژیانی گەورە ژنەکەی.. خانمەکەی لەمەترسیدایە..، ئەی بۆچی هەوڵی نەدا ژیانی رزگار بکات.. بەگەڕانەوەی دەستەسڕەکە.. تا هەموو گرێ کوێرەکان بکاتەوە..

لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ.. ئایا ئیملیا بەشدار بو لەپیلان و تاوانەکەی هاوسەرەکەی کە (یاجو)یە.. ؟ .. نەخێر رووداوەکان ئەمە ناسەلمێنن.. هیچ بابەتێک لەم بارەیەوە دەرناخات.. بەپێچەوانەوە ئەمیلیا بەشێوەیەکی مەزن دڵسۆزی دزدمونەبووە خۆشی ئەویست.. گەر وا نەبێت ئەی چۆن لەدوای کارەساتی کوشتنی دزدمونە لەلایەن ئۆتەیلەوە.. ئەو نهێنیەی بۆ ئۆتەیل ئاشکرا کرد کەبوە هۆی لەناوبردن و کوشتنی هاوسەرەکەی (یاجو).

لەدوای بزربونی دەستەسڕەکە دزدمونەی سەرسوڕماوو غەمبار چەند جارێک چاوی بەکاسیو کەوت.. بابەتی سەرەکی بزر بوونی دەستەسڕەکە بوو چونکە ئەم بابەتەی لا گرنگ تر بوو لەلابردنی کاسیو لەسەر پۆستەکەی.. چونکە ئەم دەستەسڕە مێژوویەکی درێژو بەرچاوی هەیە.. هێمای پاکی و خۆشەویستیە. ئۆتەیل داوای لەهاوسەرەکەی کردبو ئەو دەستەسڕە بپارێزێت وەک چۆن خۆشەویستی نێوانیان دەپارێزێت.. کەواتە لەو چاوپێکەوتنانە دزدمونە ناتوانێت سیمای غەمباری و پەژارەیەتی لەسەررووی بشارێتەوە چەندەش هەوڵ بدات...

**پرسیار دەکەین کەسێک لەم بارو حاڵەتەی دزدمونەدا بێت چۆن خەوی لێدەکەوێت... نوستن مەحاڵە بۆ یەکێک لەژێر باری نائارامی و غەمباری و ئازاردا بێت و هەست بەنزیکبونەوەی مەرگ بکات**

لەهەمان کاتدا کاسیو نزیکترین کەسە لەخۆی و لەئۆتەیلی هاوسەری کەواتە هیچ خەوشێکی تیادا نییە گەر داوای یارمەتی لێبکات بۆ سۆراغ کردن لەدەستەسڕەکە.. ئەو دەستەسڕەی خرابوە ماڵی کاسیوو بەردەستی کەوتبوو بەپلانێکی نیاز خراپانەی (یاجو)..

با بێینەوە سەر ئۆتەیل.. ئەم سەرکردە بەئەزمون و مەزنە کەجێگای باوەڕو متمانەی هەموو گەل و حکومەتی بندقیە بوو.. هەموو لایەک بەژیرو تێگەیشتو و پڕ تواناو کارامەی دائەنێن.. ئەوە بەسەکە هەرچەندە رەش پێستە بەڵام سوپاسالاری ئەو وڵاتەیە نابێت کەمێک ئەقڵی هەبێت.. لێکدانەوەی هەبێت.. لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات.. چۆن ئەبێت بەیەکەم دوو زبانی و قسەی خراپی (یاجو) یەکسەر دڵکرمی و دڵڕەشبێت بەرامبەر خۆشەویستەکەی دزدمونە وەک شەکەسپیر گەرەکێتی و دەیەوێت!!

بەهیچ جۆرێک گوتاری ئەقڵی بەکار نەهێنا.. هەوڵی نەدا بەدوای راستیەکاندا بگەڕێت.. لێپێچینەوە بکات.. گەر راستە نهێنییەکانی پەیوەندی نێوان دزدمونەو کاسیو ئاشکرا بکات با بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بێت.. یان بەتەنها لەگەڵ نزیکترین بونەوەر لێوەی کەدزدمونەیە.. یەکسەر چرای ئەقڵی کوژایەوەو هەڵچو.. دەمارگرتی.. تۆڵەی خۆی بەباوەڕی خۆی سەند بەکوشتنی دزدمونە.. دوایش پەشیمان بووەوە..

شەکەسپیر رەهەندێکی گەورەی دانا لەنێوان دەستەسڕەکەو کەسایەتیەکانی و هەمووی لەبازنەیەکدا سوڕاندەوە.. بەوەش زۆربەی رووداوەکانی والێکرد تەنها پشت بەرێکەوت ببەستن.

### کوشتنی دزدمونە

ئۆتەیل سور بوو لەسەر کوشتنی دزدمونەی هاوسەری.. چووە ژوورەکەی کەکاتێک خەوتبوو. دوو دڵ بوو لەکوشتنی..

بەمەش شەکسپیر بەزۆری زۆرداری فاکتەرێکی تری لەفاکتەرەکانی (مبالغە) هاویشتە ناو بابەتەکە.. دوای ئەوەی ئۆتەیلی کرد بەکڵپەیەکی ئاگرو بەبونەوەرێکی بێ هەست و هەڵچوو دایماڵی لەهەموو فاکتەرێکی لەسەرخۆیی و هێمنی و ئارامی.. بەچەند ساتێک گەڕطانیەوە بۆ لایەنی رومانتیکی.. وای لێکرد ببێتە شاعیر بەجوانی و شۆخی دزدمونەدا هەڵبدات و چەند جارێک دەموچاوی ماچ بکات.. دوای چەند ساتێک لەناکاو بێ ئارام بوەوەو بوە درندەیەک و دەستی نایە بینی دزدمونە پەنجەکانی بوە تیری ژەهراوی و ئەو گەردنە ناسکەی داپۆشی و ئەو ژنە بێ تاوانەی بەرەو مەرگ بردو کوشتی.

### قەبەکردنێکی نادروست لەنوستنەکەی دزدمونەدا

ئەو شەوە هیچ مانایەک ماقولیەتێکی تیادا رەچاو ناکرێت کەدزدمونە وا خەواڵو بێت لەدواییدا پێش هاتنەوەی ئۆتەیل بخەوێت.. پرسیار دەکەین کەسێک لەم بارو حاڵەتەی دزدمونەدا بێت چۆن خەوی لێدەکەوێت... نوستن مەحاڵە بۆ یەکێک لەژێر باری نائارامی و غەمباری و ئازاردا بێت و هەست بەنزیکبونەوەی مەرگ بکات.. دزدمونەیەک باش بزانێت کەئۆتەیل دوا ناکەوێت بەخێرایی دێتەوە بۆئەوەی شەرابی مەرگی پێبنۆشێت.. لەگەڵ ئەوەشدا شەکەسپیر ویستی بخەوێت.. شەکەسپیر پێی چاک بوو لەخەو هەڵسێت.. ئەم دیمەنانە لەوانەیە لای شەکەسپیر پێویست بێت.. یان ناچار بێت وا رێکی بخات بۆ خزمەت کردنی بابەتەکەی بۆئەنجام دانی کۆتایی.. کۆتایی هێنان بەشانۆگەریەکە.. بەڵام ئێمە بەئاسانی هەست بەدروستکردن دەکەین.. دروست کردنێکی بێ پێز..

شەکەسپیر کەسایەتیەکانی شانۆگەری ئۆتەیل بەشێوەیەکی زۆر تیژو سارد ئەبزوێنی.. بەوەش بەرەنگاری بیناکردنی کەسایەتیەکانی کردو بەپلەیەکی گەورە روتی کردونەتەوە لەهەستکردن و رێگای پێنەداون بەسەربەستی بەرەڵڵا ببن وەک پێویست.. گەر بەڵگەکان بژمێرین کەئەم راستیە دەسەلمێنیت بۆمان روون دەبێتەوە کەزۆرن دووپات و دەپات دەبێتەوە لەهەر بەشێکدا.

دوا بەڵگەمان (ئیمیلیا)ی هاوسەری یاجو لەو دیو دەرگاکەوە گوێ بیستی ئەو هەراو زەنایەی نێوان ئۆتەیل و دزدمونەیە چەند ساتێک پێش رووداني کارەساتەکە.. ئاگاداربو بابەتەکە لەسەر دەستەسڕەکەیە.. ئەی بۆ نهێنی دەستەسڕەکەی ئاشکرا نەکردو تەنانەت نەهاتە ژوورەوە تا دزدمونە نەکوژرا.. ئینجا بەهاوارو قیژەو گریان خۆی کرد بەژوردا.. ئایا ئەم کارە دروستکراو (مصطنع) نیەو هەروا بەئاسانی بەسەر خوێنەرو بینەردا تێدەپەڕێت..

شەکەسپیر بەم شێوەیە نەبێت بەم کارە لاوازو دروستکراوە نەبێت بابەتەکەی بۆ چارەسەر نەدەکرا.

ئەم شانۆگەریە زۆربەی دیمەنەکانی پشت بەستە بەهەڵوێستی دروست کراوو دور لە لوژیک... کردارەکانی پڕلەسوز بەڵام بەتاڵە لەلێکدانەوەی قوڵ و بیری لوژیکی نوێدا.

ئەم شانۆگەریەش وەک هەموو شانۆگەریەکانی شەکەسپیر داڕێژراوە بەڕستەی جوان و وشەی داڕێژراوو گفتوگوگۆو دیالۆکی تۆکمەو ژیرانە.■

مۆزیک ژەنە ناودارەکانی جیهان

## تۆریللی، جیوسیبە

## (١٦٥٨-١٧٠٩)

ئا: باران

دانەرێکی موزیکی ئیتاڵییە، سەرەتا وەک ژەنیارێکی کەمانچە. چۆتە کڵێسەی قەدیس بیترونیو لەشاری پۆڵۆنیا، ئەمیش لەنێوان ساڵەکانی ١٦٨٦-١٦٩٧، هەر ئەم دەروازەیەش ئاسۆیەکی تازەی لەبەردەم تۆریللی کردۆتەوە، بۆئەوەی بتوانیت کارە ئۆراتۆریەکانی خۆی پێشکەش بکات. دوای ئەمەیش جارێکی تر دەگەرێتەوە بۆ شاری پۆڵۆنیا، وەک ژەنیارێکی کەمانچە لە کڵێسەی قەدیس بیترونیو ئەو نێوەندەش، لەئاستی تواناو بەهرە گەورەکەی تۆریللی هەرگیزدا نەبووە، چونکە ئەم چ وەک ژەنیار چ وەک دانەرێکی موزیک ناوبانگی گەورەی بەدەست هێنابوو. دوابەدوای مردنی ئەم هونەرمەندە گەورەیە لەساڵی ١٧٠٩ بەرهەمی ژمارە (٨)ی بڵاو دەکرێتەوە، ئەمیش بریتی بووە لەشەش کۆنشیرتۆی گرۆسۆ، کەبەشێوازی تۆریللی نوسراوەتەوە، هەروەها شەش کۆنشیرتۆی تریش، بۆ ئالەتەکانی لەگەڵ تیپ دا. هەر لێرەشەوە دوابەدوای ئەم ئەزموونەپڕ لەداهێنانەی تۆریللی، جوهان سیباستیان باخ. لەژێر کاریگەری ئەو ئەزموونەدا، کۆنشیرتۆی براندنبورخ. تۆریللی، لەسەرووی ئەمانەشەوە، بەتایبەتیش هێندێ لەکارەکانی، وەک کۆنشیرتۆ - لەسەر مەقامی رێی بچوک، کەپۆلێن کراوە بە ژمارە (٨) لەبەرهەمە پێشەنگەکانیەتی، ئینجا لەمێژووی داهێنان و رووەو پێشچوونی موزیکدا، ریزبەندی یەکەمەکانی وەرگرتووە، ئەمەیش دەیخاتە ریزەکانی، باخ - بتهۆڤن - سترافنسکی. دیارە بەرهەمەکانی هاندل و فیفالدی و گمنیانیش، کەلەسەر ئەم قاڵبەی تۆریللی کاریان کردووە، دوابەدوای دۆزینەوەی ئەو بەرهەمانە لەلایەن تۆریللیەوە دێن. بەهەرحاڵ، لەدواجاردا هەر لەساڵی (١٩٠٧) ماڵئاوایی لەکەمانچەو موزیک دەکات، بەڵام ئەو بەرهەمە پڕ لەداهێنانە مەزنانە لەدوای خۆی بەجێ دەهێڵێت.

**بەرهەمەکان:**

ئۆراتۆریەکان: هەستی کۆمەڵ، لەبەرهەمە موزیکیەکانی ئەمانیش

-سوناتا بۆ سێ ئالەت (پۆلێنی ژمارە ١).

-کۆنشیرتۆ (پۆلێن ژمارە ٢).

-سەمفۆنیا، بەچوارچێوەی باروک (پۆلێنی ژمارە ٣).

-سەمفۆنیایەک بۆ سێ ئالەت و کۆنشیرتۆیەک بۆ چوار ئالەت (پۆلێنی ژمارە ٥).

-پۆلێنی ژمارە (٧) ونبووە.

-کۆنشیرتۆی گرۆسۆ (پۆلێنی ژمارە ٨).

لەگەڵ چەندین بەرهەمی موزیکی پڕ لە داهێنانی تر.■

laparakan.qxd 4/3/2005 10:38 AM Page 12



# با لەژێر ناوی لیژنەی ئۆلۆمپی دا یەکبگرینەوە

**عومەر محەمەد کەریم**

□ لەکۆبونەوەی هەردوو دەزگا وەرزشیەکەی کوردستان -لیژنەی ئۆلۆمپی - ئەنجومەنی باڵای وەرزش کەلەسەرەتای مانگی مارت لەشاری سلێمانی ئەنجام درا و چەند سەرنجێک:

روون و ئاشکرایە کە ئەو زەمینە باشەی کە بۆ کورد رەخساوە لەمێژووی کوردا یەکەم جارە -بەڵام پێویستی بەیەک ریزی و تەبایی هەیە - ئەو هەنگاوانەی هەردوو لایەنەکە بۆی ئەنێن زۆر جێی دڵخۆشکەرییە بائیمەی وەرزشکارانیش خۆمان لەیەک دەزگای وەرزشی گەورەو پیرۆزدا ببینینەوە کە (لیژنەی ئۆلۆمپی سەرتاسەری کوردستانە بەشارو شارۆچکە رزگارکراوەکانیشەوە).

ئەوەی کەبەگرنگی بزانم و سەرنجەکانی خۆمی لەسەر بدەم -گرنگتر ئەوەیە کە لەم چەند رۆژانەی رابردودا لەشاری بەغداد لەیاریەکانی باسکەی پلە نایابەکانی عێراق - یاری نێوان تیپی پۆلیسی عێراق و یانەی وەرزشی (دهۆک)ە کەداوەری نێودەوڵەتی لاو کاکە لەتیف حسێن دانراوە بۆ داوەریەکەی - کاتێک تیپی پۆلیسی عێراق هاتۆتە ناو هۆڵەکەوە - راهێنەرەکەی یەکسەر پاشەکشە بەتیپەکەی دەکات لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی داوەرەکە کوردەو بەلای تیپی دهۆک دا دایئەشکێنێ.

ئەوە ماهیەتی کۆنە بەعسی و کۆنە (عودەی)یەکانن کەزۆر بێ ویژدانانە بڕیاری پاشەکشەی کردوە بێئەوەی ئەو داوەرە لاوە یاریەکە بەرێ بەڕێوەو دواتر بڕیاری بدایە. ئەگەر بڕیارێکی بۆ بەرژەوەندی دهۆک بدایە کەبەهیچ جۆرێک ئەوە لەویژدانی کاکە لەتیف دا نەبوەو نیە، ئەمە چاکترین بەڵگەیە کە کورد هەرکوردە ئەوەش راوبۆچونی ئەوانە - ئەوانەی ئێستاش بەدەمیاندا دێت باسی کورد دەکەن بەڵام لەناخ و دڵ و دەرونیاندا هەرەشەو فیدرالیەت بوە بەخەنجەرێکی ژەهراوی لەسەر دڵیانە.

برا خۆشەویستەکانی ئەنجومەنی باڵای وەرزشی شاری هەولێر - ئەوەی کەجێی دڵخۆشکەری هەموو لایەنەکانە یەکخستنەوەی هەردوو دەزگاکەیە - زۆر باشە - ئەمێنێتەوە سەر ناوەکەی -. بەویژدانم ئەگەر لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان لای ئێوە دابمەزرایە - من یەکسەر ئەمووت لیژنەی ئۆلۆمپی زۆر زۆر گەورەیە بەناوی لیژنەی ئۆلۆمپی بەسەرتاسەریەکەی کوردستان بێ.

لەساڵی ١٩٩٥ وە دامەزراوە لای ئێمە - کاری چاکمان کردووە بۆ وەرزش و وەرزشکاران لای ئێوەش هەروەها - بۆچی ئەوەی کەئێستا هەیەو بەردەوام بەهێزی نەکەین و پشتگیری لێنەکەین - بۆچی وا تەماشای ئەم دوو دەزگا وەرزشیە بکەین کەهیچ خزمەتێکی وەرزشی ئەوتۆی نەکردووە - بیر لەوە بکرێتەوە کەلەڕێی وەزارەتی وەرزش و لاوان کەتەنها باسی لێکراوە کەئەبێ بەوەزارەت - ئەوە کەی کێشەی ئێمەیە ئەوە وەزارەتێکە نازانرێ ئەدرێ بەچ لایەنێک.

هیچ لارییەک نیە لەسەر دروست بونی ئەو وەزارەتە بەڵکو سودی ئەبێ بۆ وەرزش، با کۆمەڵگەی وەرزشی هاوچەرخ دروست بکات لەکوردستاندا - بەیاریگای گەورەو بچووک و هۆڵی داخراو کەکوردستان لێی بێ بەشەو زۆر کەمە - بامنحە بدات بەیانە وەرزشیەکان بەڵام لیژنەی ئۆلۆمپی سەرتاسەری کوردستان لەرێی یەکێتییە ناوەندییەکانیەوە هەردوو چالاکیە وەرزشیەکان بەرێ بەڕێوە - واتە بونی هەردوکیان چاکتر خزمەت بەوەرزش دەکات.



هەروەکو وتم بەڕاهێنەری یانەی پۆلیسی عێراق و ئەو هەڵوێستە بەعسیەیانەیەوە و هەندێ لەکەسانی تری ناو لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق و لاوانی عێراق زۆر زۆر نیگەرانن لەبونی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و ئەڵێن چۆن دوو لیژنەی ئۆلۆمپی ئەبێ لەعێراقدا - مادام ئەوان نیگەرانن - دەبا برایانی خۆشەویستم زیاتر نیگەرانیان بکەین بەو لیژنە ئۆلۆمپییە بەرزەی کوردستان باواز لەبیرکردنەوەی لایەن و لایەن کاری بهێنین - باواز لەپلەو پایە بهێنین تەنانەت من پێم باشە باهەردوولامان پاشەکشە بکەین وەک بەرپرس و لەو لیژنە ئۆلۆمپییە کوردستانیەی کەهەموو وەرزشکارانی کوردستان پێیان باشەو ئەبێ هەردوو بڕیاری لەسەر بدرێ لەدەست ئێمە دەربچێ وەزشکاران فەرزی دەکەن بەسەر هەردولاماندا زۆر دڵنیام.

با وەرزشکارە لاوەکان بهێنینە پێشەوەو ئێمە وەک (راوێژکاری وەرزشی - شارەزا) ببین بەسێبەریان چەترێک هاوکاری و پشتیوانیان لێ بکەین - تەمەنێکی وەرزشی زۆرمان بردۆتە سەر با چیتر وەرزش بۆ بەرژەوەندیە تاکیەکانی خۆمان نەبەین.

ئەوەی کەزۆر گەورەو پیرۆز بوو لەو کۆبونەوەیەدا دروست کردنی ئەو لیژنەیە بوو کەبەناوی وەرزشی کوردستانەوە قسە لەگەڵ لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق و کاربەدەستانی وەرزشی عەرەب بکەین لەسەر ناوەکە، رێک نەکەوین - دواخرا بۆ کۆبونەوەیەکیتر کە لەشاری هەولێر دەکرێ.

بەهیوای ئەوەم کە ئەو برادەرانەمان راوێژ لەگەڵ سەروی خۆیاندا بکەن - من ئەو مافە بە خۆمان و سەرجەم وەرزشکاران دەدەم کەلیژنەی ئۆلۆمپی کورستان ئەبێ هەبێ مافی خۆشمانە لەفیدرالیەتدا بۆمان هەیە هەمان بێ - چاوەڕوانی دوا بڕیار و دواکۆبونەوە.■

# ئەنجامی سەرجەم یارییەکانی قوتابخانەو خوێندنگەکانی ناو شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٤ - ٢٠٠٥

**محەمەد عەلی سەعید**

□ بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرێتی چالاکی وەرزش و دیدەوانی سەر بەبەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی سەرجەم یارییەکانی فوتبۆڵ و باسکەو باڵەو تۆپی دەستی قوتابخانەو خوێندنگەکانی کچان و کوڕانی ناو شاری سلێمانی بۆ ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ کۆتایی هات، ئەمەش سەرجەم ئەنجامەکانێتی:

**سەرەتاییەکان:**
**فوتبۆڵی یاریگای بچووک بۆ کوڕان:-**
یەکەم: بابان
دووەم: هونەر
سێیەم: دلێران.
**باڵەی کچان:**
یەکەم: ئاسایش
دووەم: خانزاد
سێیەم: بابان
**باڵەی کوڕان:**
یەکەم: هونەر
دووەم: هەوارە بەرزە
سێیەم: دابان
**باسکەی کوڕان:**
یەکەم: ئەیوبیە
دووەم: خانزاد
سێیەم: سورکێو
**باسکەی کچان:**
یەکەم: خانزاد
دووەم: بەرانان
**خوێندنگە ناوەندی و ئامادەیی و دواناوەندی و پیشەییەکانی کوڕان**
**فوتبۆڵ:**
**ناوەندییەکان:**
یەکەم: رۆژهەڵات،
دووەم: خەبات
**ئامادەییەکان:**
یەکەم: ئامادەیی بازرگانی
دووەم: ئامادەیی ئاگری داخ.
**باڵە:**
**ناوەندییەکان:**
یەکەم: ناوەندی خەبات
دووەم: ناوەندی گۆیژە
**ئامادەییەکان:**
یەکەم: ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی
دووەم: ئامادەیی پیشەسازی زانستی
**تۆپی دەست:**
**ناوەندییەکان:**
یەکەم: سیروان
**دووەم: وەتەن**
**ئامادەییەکان:**
**یەکەم: ئامادەیی پیشەسازی زانستی**
**دووەم: ئامادەیی سلێمانی.**
**باسکە:**
**ناوەندییەکان:**
**یەکەم: کاوە**
**دووەم: زێوەر**
**ئامادەییەکان:**
**یەکەم: ئامادەیی ئەحمەدی خانی**
**دووەم: هەڵکەوت**
**ناوەندی و دواناوەندی و ئامادەییەکانی کچان:**
**تۆپی دەست:**
**ناوەندییەکان:**
یەکەم: میدیا
دووەم: نەورۆز
**ئامادەییەکان:**
یەکەم: ئامادەیی شیرین
دووەم: ئامادەیی زەکیە ئەلکان
**باڵە:**
**ناوەندییەکان:**
یەکەم: نەورۆز
دووەم: میدیا
**ئامادەییەکان:**
یەکەم: ئامادەیی رزگاری
دووەم: دواناوەندی داریکەلی
**باسکە:**
**ناوەندییەکان:**
یەکەم: ئەکرەم قەزاز
دووەم: راژان
**ئامادەییەکان:**
یەکەم: ئامادەیی رزگاری
دووەم: ئامادەیی خانزاد■

# ئەمساڵیش خەونی ئەستێرەکان بەدی نەهات

**ئاکۆ عارف**

□ لەوەرزی ئەمجارەی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپادا. یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی وەک وەرزی پێشوو تووشی شکست هات. نەیتوانی درێژە بەسەرکەوتن بداو دڵی هاندەرو جەماوەرە وەرزشیەکەی خۆشبکات. تەنانەت نەیتوانی تۆڵەی ساڵی پاری بکاتەوە کەلەسەر دەستی (AC میلانی) ئیتالی توشی هات. ئەمجارەش یۆفانتۆسی ئیتالی لێبوە ملۆزم (دل پیرۆو زام برۆتا، بۆفۆن) و هاوڕێکانی تریان ریاڵ مەدریدی تیپی خەون و ئەستێرە درەوشاوەکانی جیهانی تۆپی یان بەخەم و دڵ ساردی رەوانەی ئیسپانیا کردەوە. بەمەش تاکە ئومێدی ریاڵ پلەی یەکەمی خولی ناوخۆی وڵاتەکەی خۆیەتی بەڵام لەناو خۆشدا کۆسپ و گرفتی زۆرەو رێگەی سەرکەوتنی سەختە چونکە "بەرشلۆنە" ی رکەبەری بەجیاوازی خاڵ پێشکەوتووە رەنگە :لۆکسمبۆرگو" ناتوانێ وابە ئاسانی ریاڵ بگەیەنێتەوە بەبەرشلۆنەو بەر بەسەرکەوتنەکانی "رێکارد" بگرێت. ئەوسا بڕینی بلیتی خولی ئایندەی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا. تاکە ئومێدو ئامانجی "رۆناڵدۆو رەئول و کارلۆس، سۆلاری، زێدان و فیگۆو کاسیاس.. دەبێ بەڵام یاری تۆپی پێ دنیایەکی پڕ لەسەیرو سەمەرەیە و رۆناڵدۆ و کارلۆس و سۆلاری و زێدان و رەئول" چاوەڕوانی هەموو شتێکیان لێدەکرێ. خاوەنی سحری یاری و گۆڵکردنن.

هەرچۆنێ بێ.. ئیتۆو رۆناڵدینۆ. مەکسیمۆلۆپیز زافی. رێگای سەرکەوتنیان نزیک ترو ئاسانترە لەریاڵی یانەی خەون و سەدە. بردنەوەش بەگۆڵە نەک بەیاریزانی بەناوبانگ.

گەرچی (ریال مەدرید) جوانترین هونەری یاری لەیاریگاکاندا نمایش دەکا نەک هەر هێرشبەرەکانی بەڵکو بەرگریکارەکانی وەک هلگوێراو سامویلیش نەک هەر مەترسین لەسەر گۆڵی بەرامبەر بەڵکو گۆڵی تیپی بەرامبەریش دەهەژێنن. کەچی (خیتافی) نەخاوەن ئەو ناوبانگ و یاریزانە لێهاتووەکانی ریالە.. سەرکەوتنەکانی تیپی مەلەکی وەستاند.

دەکرێ یاریزان و یانەکانی خۆشمان وانە لەشکت و هەڵەی یاریزانەکانی ریال مەدرید وەربگرن تا لەخولەکانی کوردستان و عێراق دا بەتایبەتی لەخولی نایاب و پلەیەکی عێراق دا سڵ لەناوو ناوبانگ نەکەنەوە لەهیچ ساتێکی ٩٠ دەقیقەی یاریدا تەسلیمی تیپی بەرامبەر نەبن. بچوکترین هەل بقۆزنەوە بۆ گۆڵکردن و بردنەوەی یاری، هەروەها دەکرێ ئێمە چیتر لەرووی عەتف و ناوەوە نەبینە هاندەری هەڵبژاردەو یانەکان.

لەمۆندیالی ٢٠٠٢ دا بینیمان چۆن هەڵبژاردە بەهێزەکانی وەک ئەرجەنتین و فەرەنساو نایجریاو دانیمارک و پرتوگال و کامیرۆن هتد توشی شکست بوون بەڵام تورکیاو کۆریا گەیشتنە پلەکانی سێهەمی و چوارەمی.

کەواتە خولی مۆندیالی ٢٠٠٢ ی کۆریاو یابان. دوای شکستەکانی ریال مەدریدو دەرکەوتنی نییە بەهێز دەبینی لەجیهانی تۆپی پێدا ئاستی بچوکترین تیپ حسابی بۆ بکرێ تاکتیکی نەخشەی یاریکردنی یاریزانەکان لەچاوی راهێنەردا بخوێنینەوە. وە بۆ مۆندیالی ئایندەو خولەکانی تری سەر ئاستی جیهانیش چاوەڕوانی یاری بەهێزو تیپی بەهێزتر بکەین ئەو راستیەش نابێ لەبیر کەین رەنگە زۆر ئەستەمیش وا بەئاسانی خۆری. ریال مەدریدو بەرشلۆنەو یۆفانتۆس و ئەرسنال و مانشستەرو بایرن و ئەنتەرمیلان و یانە بەهێزەکانی تری جیهان ئاوابێ.

رۆناڵدۆی ریال و ئیتۆی بەرشلۆنەو کریسپۆی میلان.. شکستیان وا بە ئاسانی پێ هەزم ناکرێ و هەمیشەش لەبۆسەدان تا پەیامی ئاشتی و برایەتی لەیاری تۆپی پێیدا بگەیەننە لوتکە. خۆری (چێلسی) ش لەهەڵهاتندایەو لامباردو هاوڕێکانی پارویەک نین وا بەئاسانی قوت بدرێن.■

# پەیامی لاپەڕە

**حەمە بچکۆل**

□ هەنگاو نان بەدانانی نەخشەو بنکەیەکی زانستیانەو دروست کردنی تیپی فوتبۆڵی منداڵان و تازە پێگەیشتووان و لاوان لەلایەن یەکێتی ناوەندی فوتبۆڵی کوردستان و هەندێ لەیانەکانەوە جێگەی رێزو ستایشە، هۆکارێکی گرنگە بۆ دۆزینەوەی گرێکوێرەکانی دواکەوتنی فوتبۆڵ لەشاری سلێمانیدا، .. بەڵام بەتەنیا پێکهێنانی تیپ و کۆکردنەوەی منداڵان و لاوان و تازە پێگەیشتووان چارەسەری ئەم قەیرانە ناکات کەفوتبۆڵی ئەم شارەی تێکەوتووە، بەڵکو پێویستە زەمینەش بۆ ئەم کارە خۆش بکرێ، زەمینەی ئەم نەخشەیەش یاریگەی چیمەن و تۆپی زۆرو پێداویستی و ئامێری مەشق و دابین کردنی ئاوی گەرم و شوێنی خۆگۆڕینی باش لەیاریگەکان دا، جگە لەمەش پشکنینی دەوری (الفحص الدوری) بۆ یاریکەران و تیشکێکی راگەیاندنی بینراو و بیستراو و خوێندراوە بۆ سەر چالاکییەکانی ئەم قۆناغە تەمەنیانە و هێنانی فیلمی مەشقی نوێی وڵاتانی پێشکەوتوو، ناردنی راهێنەرەکانمان بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ بەشدایکردن لەخولی راهێنانی نوێدا، دابینکردنی هۆکاری گواستنەوە لەماڵەوە بۆ یاریگەو بەپێچەوانەیشەوە بۆ یاریکەران، لەسەروو ئەمانەیشەوە، دانانی راهێنەری رەوشت بەرزو دڵسۆزو نیشتیمانپەروەرو چاک و پاک و خاوەن رابوردوی باشی وەرزشی و پەروەردەکەرو .. هتد، پشتگیریکردنی راهێنەرانی خۆمان، کارئاسانی کردن بۆیان و دوور لەیانەچێتی پەیوەندی و بەرژەوەندی کەسێتی، ئەمانە هەمووی ئەبنە پێکهێنانی بنکەیەکی توندوتۆڵ و تۆکمەی فوتبۆڵ بۆ ئەم شارە کە لەئاییندەیەکی نزیک دا بەری گەیوو بەرهەمی زۆری ئەبێت و فوتبۆڵمان ئەخاتە قۆناغێکی سەرکەوتوو و پێشکەوتووەوە..■

# خولی فوتبۆڵی کۆمەڵەی یەکەمی زانکۆکانی عێراق

□ رۆژانی ٢٦-٢٠٠٥/٣/٣١ یاریگای سلێمانی خولی فوتبۆڵی کۆمەڵەی یەکەمی زانکۆکانی عێراقی گرتبووە خۆی، ئەم کۆمەڵەیە بریتی بوون لەتیپی زانکۆکانی: "سلێمانی، سەلاحەدین، دهۆک، کۆیە، کەرکوک، ئەنبار، دیالە، موسڵ، تکریت، حەدباء کەئەمانیش کرابوون بەدوو گروپەوە، لەگروپێکیان زانکۆی ئەنبار و لەگروپەکەی تر زانکۆی تکریت یەکەم بوون و مانەوە بۆ یارییەکانی کۆتایی زانکۆکانی عێراق.■

**درێژەی سەرۆک بۆش سەردانی..**

**داوای لێبوردن لەخوێنەرانی خۆشەویست دەکەین کە نامانتوانی ئەم هەواڵە لە (١)ی نیساندا بڵاوبکەینەوە.. لەبەر رێکنەکەوتنی رۆژی دەرچوونی رۆژنامەکەمان.. بەهەرحاڵ درۆیەکی جوان بوو..**


یاری نێوان ئەهلی سعودی و ویداد بەیزاوی لەخولی یانەکانی عەرەب


بەرازیل.. بەردەوامە لەبردنەوەدا



رۆناڵدۆ.. ئەندامانی تیپەکەم دەڵێن: تۆ یەکەمی